# پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە


سەرپەرشتیاری پرۆژە

ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:

د.لوقمان رەئوف - سابیر عەبدوڵڵا - سەروەت تۆفیق - ئارام مەحمود

باوان عومەر - سەرهەنگ عەبدولرەحمان - زریان محەمەد



2015

بەرگی یەکەم

پرۆژەی (١٠٠) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە
# جۆن ستیوارت میل

وەرگێڕانی
کۆمەڵێک نووسەر

2015

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

وەرگێڕانی: کۆمەڵێك نووسەر
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال - نیاز جەمال
دیزاین:ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2015
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (73)

# ئاشنابوون بە
# جۆن ستیوارت میل

نوسەر: پۆل ستراتێرن

بۆ فارسی: کازم فیروزمند

لە فارسییەوە: مادح ئەحمەدی

**سەرەتا:**

«پێکهێنانی ئەوپەڕی ڕەزامەندیی زۆرترین خەڵک، بنەمای ئەخلاق و یاسادانانە».

**«حەقیقەتی پیرۆز» سودگەرایی**

جۆن ستیوارت میل، لەئێستادا زیاتر بە نوێنەری دیاری سودگەرایی ناسراوە، بەڵام ناوبراو ئافرێنەری ئەم فەلسەفەیە نەبوو، یان تەنانەت نەبووە هۆکاری بڕشت و کاریگەرییەکەشی، بەڵکو ئەوە (جێرمی بێنتام)ە کە لەم ڕووەوە جێ دەستی دیارە.

جۆن ستیوارت میل، لەدوا ساڵانی تەمەنیدا، پێناسەیەکی جوانی بێنتامی کردو لە بارەیەوە نوسی: «بێنتام چ ئەزموونێکی ناوەکی و دەرەکیی نەبوو و ئاسایی ژیاو قەت خۆشی و ترشییەکی وای نەچێشت، تەنانەت نەیزانی نەخۆشیش چییە. لە منداڵییەوە تا تەمەنی (85) ساڵی، تەندروستیەکی گەنجانەی هەبوو وەک گوێزی ساغ وابوو. نەیزانی خەم و خەفەت چییە، لە مەینەت و کوێرەوەری بەدور بوو. تا چاوی لێکنا هەر دەتوت کوڕە جەحێڵە».

ماڵباتی بێنتام پارەیەکی باشیان بەمیرات بۆ بەجێهێشتبوو کە لە ژیاندابوو، پاڵی لێدایەوە و لەو پارەیەی خـوارد. لەو هەلە زێڕینەی کە لەم ڕووەوە بۆی هەڵکەوتبوو، کەڵکی باشی وەرگرت و سەرپاکی ژیانی بۆ

بیرکردنەوە و هزرین تەرخانکرد. هەڵبەت هەر خۆی بە فەلسەفە و بابەتگەلی تیۆریکەوە خەریک نەکرد. ئەو ئامانجە پێشەنگەی سودگەرایی کە بۆ خۆی ئافراندی، سەرلەبەری مێشکی بەخۆیەوە سەرقاڵ کرد. بێنتام لە هەموو بوارەکاندا، لە سیاسەتڕا بگرە تاکو زیندانەکان، لە فەلسەفەرا بگرە تاکو دەنکە نۆکێکی کەسکی بەستو، بەدوای پێشکەوتندا دەگەڕا. پرۆژە پراکتیکییە بەناوبانگەکەی (پان ئۆپتیکون) پرۆژەی شۆڕشێکی نوێ بوو بۆ زیندانەکان. پرۆژەی زیندان وەک بازنەیەک وابوو کە ژوورە تاکەکەسییەکان لە ناویدا بوون و ئەو تاوەرەی کە دەبوو پاسەوانەکان تێیدا پاسەوانی بکەن لە ناوەڕاستی بازنەکەدا هەڵکەوتبوو. تاوەرێک کە تەواو دەیڕوانی بەسەر دەوروبەرەکەیدا، (پان ئۆپتیک) ئەو هەلەی بۆ زیندانییەکان رەخساندبوو، کەوا هەر لەجێی خۆیانەوە، چاودێریی هەموو ژوورە تاکەکەسییەکان بکەن. لەهەمانکاتیشدا شێوازی تەلارسازییەکەشی، هەرتاقە تایبەتمەندیی نوێی گرتوخانەکە نەبوو، بەڵکو بێنتام رێگایەکی دۆزیبووەوە تاکو زیندانەکەی وەک کارگەیەکی بەرهەمدار هەڵسوڕێنێ و بەم شێوەیە کردی بە رێکخراوێکی خۆبژیو، هەروەها ئەو کارە قورسانەش کە بەندییەکان ئەنجامیان دەدان، «وایان لە تاوانکارەکان کرد، کە هەم دەسپاکتر بن هەم هێژاتر». زێدەباری ئەمەش، پرۆسەیەکی ئەوتۆ مرۆڤانی تریش بوو، چونکە رەوشی بەندییەکان لە رووی خۆراک و تەندروستییەوە رۆژبەرۆژ باشتر دەبوو، هەربۆیە بۆ پەیداکردنی داهاتی زیاتر، زۆرتر کارییان دەکرد. بێنتام وا شەیدای پڕۆژەکەی ببوو، کە لەپێناوی هاندانی دەوڵەت بۆ وەرگرتنی ئەم ئەزموونە و کارپێکردنی، قەرزێکی زۆری کردە بار بەسەر خۆیەوە و هەر لەم سۆنگەیەوەش مایەپوچ بوو کەوتە زیندانەوە. شارەزایەتیی لە یاساکانی مایەپوچی (کە ئەوکات سزای (48) کاتژمێر کۆتکردن، هەروەها گوێبڕینشی بەدواوە بوو) ناوبراوییان بەخورتی راچڵەکاند.

ئیدی پرۆژەگەلی پراکتیکیی بێنثام، وەک شێوازی سەرەتایی لە تەلەفۆن (ڕایەڵەیەکی بۆڕی ئاسا بوو بۆ قسەکردن) هەتاکو پرۆژەیەک بۆ نۆکەندێک لە بەشی بەرتەسکی پاناما لە ئۆقیانوسی ئارام، هەروەها پرۆژە بەناوبانگەکەی بۆ فریزکردنی سەوزەواتی تاکو وا بکات، کە نۆکی سەوز بە تازەیی لە ئێوارەی کریسمەسدا بخورێ. پرۆژەکانی دیکەشی بریتی بوون لە: چاکسازی لە یاساکاندا، رزگارکردنی کۆلۆنییەکان، داڕشتنی دەستورێک بۆ بەریتانیا، کردنەوەی زانکۆی لەندەن، هەروەها دواجاریش کارێکی گرنگی تری کرد، ئەویش پێداچوونەوەیەکی قوڵبوو بە یاسای مایەپوچبووندا.

بێنثام لە ژیانیدا هەر خەریکی باسوخواس و گەنگەشە بوو لەگەڵ کاربەدەستانی باڵای دەوڵەتدا، بەڵام نەک بۆخۆی راستەوخۆ، چونکە کەسێکی شەرمن بوو وای پێ باش بوو، کەوا لە پەناوە و بەتەنیا و بێ قڕە، خۆی بە بیرکردنەوە و پرۆژەکانیەوە سەرقاڵ بکات، بۆیە تەنیا قوتابی و هاوڕێیانی نزیکی سەردانیان دەکرد. «جیمز میل»، باوکی (جۆن ستیوارت میل)یش هەر وا بوو. ئەم گروپە کە ناویان «توندڕەوگەلی فەلسەفی» بوو، بۆچوونەکانی بێنثامیان لەناو خەڵکدا بڵاودەکردەوە. لایەنگرییان لە بۆچوونەکانی بێنثام، بەتایبەت کاری زۆری کردە سەر پەرلەمان. لە پەرلەمانیشدا «دەیڤید ریکاردۆ» گەورەترین ئابوریناسی نەریتیی ئەوکات، لایەنگریی لێدەکرد. نامە شێلگیرانە یەک لە دوای یەکەکانی بێنثام بۆ کاربەدەستانی دەوڵەت (هەندێکجار بێ ئەوەی پێیان خۆش بێت) چاکسازی قوڵیان لێکەوتەوە. بێنثام وێڕای نامەگۆڕینەوە لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتیی «بانکی بەریتانیا» سەبارەت بە جۆرە پارەیەکی کاغەزیی نوێ کە تەزویر نەکرێ و تازەش بیری لێکردبووەوە، بە رێکەوت پرسیاری لە بڕی راستی پارەی وەگەڕخراو کرد. بەڕێوەبەری بانکەکە زانیی کە نازانێ بڕەکە چەندەیە. چ کەسێکی دیکەش

لە بانکدا نەیدەزانی. بانکی ناوبراو وای لێکدایەوە، کە ئەگەر بە درووستی بانگەشەی ئەوە بکاتن، کە کۆنترۆڵی بەسەر نەختینە (وشکەپارە)وە هەیە، پێویستە بزانێت کە لە بنەڕەتدا چەندەی ماوە.

بەم پێیە دەکرێت جێرمی بێنتام شانازی بەخۆیەوە بکات کە ژمارەکردنی پارەی کاغەزی لە بەریتانیا داهێناوە، هەروەها بۆ یەکەم جار سیاسەتی روونی دراوی داناوە.

بەوحاڵەش بێنتام قەت لەگەڵ مرۆڤێکی خەیاڵاویی ناسراودا بەراورد نەدەکرا. سەرجەم پرۆژە و پلانە جۆرەجۆرەکانی لەسەر پرەنسیپێکی سەرەکی دامەزرا بوون کە ئەویش «سودگەرایی» بوو. بێنتام دەیوت: «سروشت مرۆڤی خستوەتە ژێر ڕکیفی دوو سەروەری مەزنەوە، کە ئەوانیش، ئازار و چێژن. تەنیا ئەم دووشتەن کە نیشاندەدەن، کە دەبێ چ بکەین هەروەها چ دەکەین».

وەها بیرێکی رۆشنبیرانە و مرۆڤدۆستانە کە لەو سەردەمەشدا بە شۆڕشگێڕانە لە قەڵەمدەدرا. گەرچی ئەمانە، ئەمڕۆکە بە لامانەوە سادە و ساکارن، بەڵام بە پلەی یەکەم، بەرهەمی هەوڵی بێنتام، جیمز میل و کوڕەکەی واتا جۆن ستیوارت میل و هاوکارە سودگەراکانی ئەوانن. ئەوەی ئەمڕۆکە لای ئێمە ئاسایی دەنوێنێ، بە درێژایی مێژوو لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا بە هیچ شێوەیەک ئاسایی نەبووە و ئەمڕۆکەش لە کۆمەڵگە نە زۆر بچوکەکانیشدا هێشتا بەدیناکرێ. ئاماژە لاوەکییەکانی ئارمانجە «سودگەرایی» یەکەی بێنتام، یەکڕاست باوەڕ بە لیبراڵیزمی دیموکراتیکی لێکەوتەوە و باڵی بەسەر کۆمەڵگەی ئازادی رۆژئاوادا کێشا.

سودگەراییی بێنتام لەسەر ئەو چەمکێک بنیاتنرابوو، کە خۆی پێیدەوت: »هەقیقەتی پیرۆز«. بەگوێرەی ئەم چەمکە» پێکهێنانی ئەوپەڕی

ڕەزامەندیی زۆرترین خەڵک، بنەمای ئەخلاق و یاسادانانە.» ئامانجی ئەوەبوو کە فەلسەفەکەی و وێڕای ئەویش زانستە کۆمەڵایەتییەکان، وەک زانستگەلی سروشتی بکاتە بابەتێکی نەگۆڕ، ئەو سودگەرایی و ئەسڵی چێژەکەی بە بنەمای نوێی ئەخلاق لەقەڵەمدەدا و چاوەڕوانی ئەوەی هەبوو، کە ڕۆژێک «نیۆتۆن ئاسا» واتە وەک چۆن بناغەی بۆ زانستگەلی سروشتی دانا هەر بەو جۆرەش بناغەیەک بۆ زانستگەلی کۆمەڵایەتی و فەلسەفە دابنرێت. بۆچوونی سەرەکیی ناوبراو لەسەر «بنەمای سود» دانرا بوو، کە وەک بنەمایەکی ئەخلاقی چاوی لێدەکرد. ئەوەی چێژی لێبکەوێتەوە باشە و ئەوەی ببێتە هۆی خەم و ئازار، خراپە، بەڵام بۆ ئەوەی وەها بنەمایەک، ڕەنگێکی ئەخلاقی وەربگرێت، دەبێ لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە سەیر بکرێت. ئەوەی راستە زۆرترین چێژی لێدەکەوێتەوە و ئەوەش ناڕاستە خەم و ئازاری زیاتری بەدوادا دێت. کاتێک بڕیاری قورس بدەین دەبێ، دوا چێژ و دوا ئازارمان لەبەر چاو بن.

لێرەدا پرسی سەرەکیی سودگەرایی لە بەردەمماندا قوت دەبێتەوە. ئەویش ئەوەیە کە چۆن دەکرێت ریـژەی چێژ لە ئاستی تاک و لە ئاستی گشتیدا دیاریبکرێت؟ بێنتام بە وردی چووە ناو ئەم بابەتەوە و بۆ دیاریکردنی رێژەی چیژ «حیسابی چێژ»ی داهێنا. لە لێکدانەوەی خۆیدا حەوت لایەنی چێژی لە بەرچاو گرتبوو، کە بریتی بوون لە بەردەوامی و ژمارەی ئەو کەسانەی کە لێی بەهرەمەند دەبوون. هەروەها چواردە جۆری جیاوازی لە چێژە سادەکان ریز کردبوو کە دەسەڵات، دەوڵەمەندی، لێزانی، خۆشناوی دەگرتەوە و دواچێژیش نیازپیسی بوو، کە بایەخی لەوانی تر کەمتر نەبوو. هەروەها دوازدە ناخۆشی و رەنجی سادەی دیاری کردبوو کە لە بێ هیواییڕا بگرە تاکو حەزی (چەمکێک کە گوایا زۆربەمانی

وەک مازۆخیستێ دەزانی) دەگرتەوە. بەڵام خاڵی سەرەکی لێرەدایە کە چێژ چ لە ئاستی تاکدا چ لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا بەوردی ناپێورێت. تەنانەت ئێستاکەش لەرووی بایۆلۆژییەوە، هەروایە. پێوەرێکی جێگیر بۆ پێوانی چێژ بەدی ناکرێت. «جۆکییەکی هندی» ڕەنگە بە خواردنێکی تیژ و پڕ لە بەهارات و یان نوێنێکی پڕ لە بزمار خۆشی بچێژێ. بەڵام دانیمارکییەک ئەمە قبوڵ ناکات.

بێنثام لە نزیکەوە هاوکاریی «جیمز میل»ی دەکرد و زۆر هۆگری کوڕەکەی، واتە «جۆن ستیوارت میل» بوو. هەر لە سەرەتاوە هەردووکیان، «جۆن ستیوارت»یان وەک میراتگری سروشتی بێنثام و باشترین بەربژێر بۆ ئەوەی مەشغەڵی بۆچونەکانی بێنثام بداتە دەستی نەوەی داهاتووەوە، دەزانیت.

بێنثام لە رۆژی شەشی جونی سالی (1832)، واتە دوو رۆژ پاش پەسندکرانی «پرۆژەی یاسای ریفۆرم» کە هەوڵێکی زۆری بۆ سەرخستنیدا، کۆچی دواییکرد. ئەم پرۆژەیە سیمای سیاسی بەریتانیای گۆڕی و مافی دەنگدانی گواستەوە بۆ چەقی ئەو شارە نوێیانەی کە لە سۆنگەی شۆڕشی پیشەسازییەوە دروست ببوون. دیارە ئەمە هێشتا دور بوو لە دیموکراسی بە مانا ئەمڕۆییەکەی. بەشێکی زۆری چینی ناوەندیی خوارەوە و سەرجەم چینی کرێکار هێشتا مافی دەنگدانینان نەبوو. سەرەڕای ئەوەش پرۆژەکە، دەستپێکی بزاڤێکی نوێ بوو بەرەو دیموکراسییەکی گشتگیر لە بەریتانیا کە لە ماوەی سەدەیەکدا جێگیر بوو.

مەرگی بێنثام هەروەک ژیانی، نائاسایی بوو. بەگوێرەی وەسییەتنامەی «زانستیی مۆدیرن»ی ناوبراو، دەبوو لە رێورەسمی ناشتنیدا، بە بەرچاوی هاوڕێیە ئازیەتبارەکانیدا تەرمەکەی توێکاری بکەن. دەبوو

جلوبەرگی پیاسەکردنەکەی بکرێتە جەستە ئاخنراوەکەی و هەروەها کڵاوە قامیشییەکەشی لەسەر بکەن و لەسندوقە شوشەیەکدا پیشانی خەڵکی بدەن، چونکە پێیوا بوو ئەم «روخسارەی خۆی» لە هەرچەشنە پەیکەرێک سەرنجراکێشتر دەبێت. لەسەر داواکەی ناوبراو ئەم دیمەنە ترسێنەرە ئەمڕۆ لە جێگەیەکی شوشەییدا لە «یونیورسیتی کۆلیژی»ی لەندەن دا (کە هەوڵی زۆری بۆ دامەزراندنیدا) دانراوە. خوێندکاران بەپێی تێگەیشتنیان لە «بنەمای چێژ»ی بێنتام، هەر چەند سال جارێک هەوڵدەدەن سەرە مۆمیایی کراوەکەی ئەو «رزگار» (1) بکەن.

### ژیان و بەرهەمەکانی میل

جۆن ستیوارت میل رۆژی (20ی مانگی ئایاری 1806) لە لەندەن لە دایکبووە. هەر لە سەرەتای منداڵییەوە باوکی چاودێریی خوێندنەکەی دەکرد. جیمز میل سور بوو لەسەر ئەوەی کوڕەکەی بکاتە بلیمەت. جۆن ستیوارت میل لە تەمەنی سێ ساڵیدا دەستیکرد بە فێربوونی بیرکاری(ماتماتیک)و زمانی یۆنانیی کۆن. لە تەمەنی هەشت ساڵاندا خەریکی فێربوونی لاتین، جەبر و هەندەسە بوو و لە تەمەنی (12) ساڵیدا خۆی بۆ لۆژیک و فەلسەفە ئامادە دەکرد، بەڵام هەموو شتێک بەپێی بەرنامە نەچووە پێش. میل لە حەوت ساڵیدا «ئێئێتوس»ی ئەفلاتونی بە زمانی سەرەکیی، واتە یۆنانی خوێندەوە. ئەگەر چی لە وشەکان تێدەگەیشت و بە دوایدا رستەکانی دەخوێندنەوە، بەڵام بۆی دەرکەوت کە بە هەر هۆیەک بێت، ناتوانێت لە کاکڵی بابەتەکە بگات. بەپێی ئەوەی کەوا ئەم دیالۆگە بەرزەی ئەفلاتون، لە راستیدا باسێکی تێروتەسەلە سەبارەت بە هەندێک خاڵی ورد، لەمەڕ میتۆدی پێناسەکردنی «لۆژیک» بۆ خۆی، بۆیە نابێ لە چەقین و کۆڵەواریی منداڵێکی وەک جۆن

سەرمان سورِ بمێنێ، بەڵام بۆ جیمز میل وانەبوو دیسان کتێبەکەی بە جۆن خوێندەوە.

پڕۆگرامی پەروەردەی جۆن، بگوێدانە هیچ ویست و حەزێکی تری ئەو، رۆژانە لە کاتژمێر شەشی بەیانییەوە دەستیپێدەکردو هەتا لای ئێوارەی دەخایاند. بۆی نەبوو لەگەڵ منداڵانی دیکەدا یاری بکات و نەدەبوو پشوش بدات، تاکو فێرە تەمبەڵی نەبێ و هەروا یەکبین لە خوێندن بەردەوام بێت، هەروەها نەدەبوو بەلای شیعر و خەیاڵا بڕوات. باوکی، پێیوابوو کە دەبێ سۆزی تایبەت بکرێتە قوربانی دەربڕینی راشکاوانەی دان بە خۆداگرانەی سەلماندن، یان رەتکردنەوەی گشتی. لە میتۆدەکەشیدا پشتی بەم پەندەی »والتەر ليندور» دەبەست کە دەڵێت: «ئاشناکان کەم، دۆستان کەمتر، نایەکدڵ.» جیمز میل گەورەترین داکۆکیکاری ئاشکرای بنەمای چێژی بێنتام بوو، هەروەها مامۆستای «ریکاردۆ» بیرمەندی گەورەی ئابوری بوو ـ کە لە ماڵە چۆڵەکەیدا ببووە بوونەوەریکی سامناکی ڤیکتۆریایی. پەرۆش و مشوری ناوبراو بۆ پەروەردەکردنی کوڕەکەی لەرادە بەدەر بوو. جۆن ستیوارت میل دەڵێ، لەتەمەنی سێزدەساڵیدا «خولێکی تەواوی لە ئابوری سیاسیدا» بینیبوو. ئەمە چ درۆی تێدا نەبوو: لەمەودوا ئیدی لە دەمەتەقێی نێوان باوکی و ریکاردۆدا بەشداری دەکرد، نوێترین بۆچوونە ئابورییەکانی دەقۆستەوە و تەنانەت جاروبار تێبینیی زۆر هوشیارانەی خۆشی دەردەبڕی.

میل لە تەمەنی پازدە ساڵیدا واتە ساڵی (1821) «نامیلکەی «ئەخلاقیات و یاسادانان» ی بێنتام خوێندەوە. بۆ خۆی دەڵێ: کاتێک ئەم بەرهەمە سێ بەرگییەم تەواو کرد» بووم بە کەسێکی دیکە». هۆگری بۆ بێنتام و بیروباوەڕە سودگەرایانەکەی بێ سنور بوو. «لێرەوە بەدوا شتێکم هەبوو کە بەهەق دەبێ پێ بوترێ ئامانجی ژیان، ئەویش بوونە ریفۆرمیستێکی جیهان بوو.»

بێنام قەت مشوری بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی نەدەخوارد. داوای لە هاوڕێیان و کەسانی نزیکی دەکرد، کە کتێبە تەواو بووەکانی لەو نامیلکە نائەواوانەی کەوا رۆژانە دەینوسین و بریتیبوون لە تێرامانە گشتییەکانی لەمەڕ بابەتگەلی جۆرە جۆری رۆژانـە، لێک هەڵاوێرن و کۆیان بکەنەوە. جۆن ستیوارت میل لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا ئەرکی گەورەی کۆکردنەوە و داڕشتنی هەزاران لاپەڕە لە دەستنوسە ناخۆشەکانی بێنامی لەئەستۆ گرت. کە بەسەر یەکەوە زیاتر لە یەک ملیۆن وشە دەبوون. ئەمە لە ئەنجامدا وەک بەرهەمیک «لەمەڕ شایەتەکان» لە چەند بەرگدا بڵاوکرایەوە.

دواتر میل لە ژیاننامەکەیدا بۆ خۆی نوسیویەتی  ئەو ڕاستییەی وەبیر هێنایەوە کەوا »من هیچ کات گەنج نەبووم.» دەتوانی فەزای ماڵەکەی بێنینە پێش چاوی خۆی، کە تێدا پیاوێک دەسەڵاتی هەیە، کە کوڕەکەی ئاوای باسدەکات: «هەرچەشنە سۆز و خۆشەویستییەکی لە هەر بەرگێکدا بوایێ زۆر بە سوک و چروکی دەزانـی.  ئەم بابەتانە لای ئەو جۆرێک بوون لە شێتی.» ئاخۆ دایکی میلی گەنج لەگەڵ ئەم دۆخە چیدەکرد؟ ئەو لە ترسان یان لەبەر بێ دەسەڵاتی، هیچی نەدەکرد. ئەمانەی بەچاوی خۆی دیتبوو: دایکی شێتخانەیەکی بەڕێوە دەبرد. جۆن ستیوارت میل زۆر بە مەبەست، لە سەرجەم ئەو (325) لاپەڕەی  ژیاننامەی خۆیدا بۆ یەک جاریش ئاماژەی بە دایکی نەکردوە.

شـۆردنـەوەی مێشکی جۆن ستیوارت میل بە یارمەتیی باوکی ئەوەندە سەرکەوتوانە بوو کە لە تەمەنی بیست ساڵیدا، تەنانەت ژیانی دەروونیی ئەو بەتەواوی لە ژێر هەژمونی ئەقڵدا بوو، تەنانەت ئیزنی بە خۆی نەدەدا، کەوا سەرپێچی لە بڕیارەکانی مێشکی راهێنراو و شۆردراوەی خۆشی بکات. تەنانەت واش دەردەکەوت کە لە بەهرەی دەگمەنی خۆشی

ئاگادار نییە و ئەم بەهرەیەشی «نەک هەر لە سەرو ئاستی باوی خۆیەوە نەدەدیت، بەڵکو بە کەمتری» لە قەڵەمدەدا. ئەوەی من دەمتوانی ئەنجامی بدەم، بێگومان هەر کچ و کوڕێکی دیکە بە توانایەکی مامناوەندییەوە دەیانتوانی ئەنجامی بدەن»، کەچی بڕیارێکی ئاوا کەسێک دەیدا کە قەت لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆی هەڵسوکەوتی نەکردبوو، یان ئازادانە قەت گفتوگۆی نەکردبوو. بەو حاڵەش هوشیاربوونەوەیەکی بەردەوام، وردە وردە لە گەنجێکدا کە قەت گەنجیەتی نەکردبوو، سەریهەڵدا. لە ڕۆژێکی تەمومژاوی پاییزی (1826)ی لەندەندا، وەک هەمیشە سەرقاڵی ئەرکەکەی بوو، لەپڕ هەڵوەستەیەکی کرد و لە خۆی دەپرسی: «وام دانا هەموو ئاواتەکانت هاتنەدی ... ئاخۆ ئەمە شاد و خۆشحاڵت دەکات؟» بە قسەی خۆی «هوشیارییەکی خۆڕسک بە بەرزیی وەڵامیدایەوە، نا! دڵم داخورپا کۆڵەکەکانی ژیانم بە تەواوی روخان». ئەو پیاوە گەنجەی کە بڕوایەکی پتەوی بە فەلسەفەی ڕەزامەندی هەبوو، کەچی بۆ خۆی دەستەبەر نەدەکرا.

جۆن ستیوارت میل هەر لە کۆنەوە پەریشانییەکی دەرونیی لەگەڵدا بوو. وا دیاربوو دەیشاردەوە، تەنانەت لە دایک و باوکیشی شاردبووەوە، وا دیار بوو قەت پێیان نەزانی بوو. بەو حاڵەش لە سۆنگەی ئەو کێشە دەرونییەوە، گۆڕانکارییەکی مەزن بەڕێوە بوو. میل دەستی بە خوێندنەوەی شیعرە رۆمانتیکیەکانی «وۆردزۆرس» و بەرهەمەکانی کۆمەڵێک رووناکبیری رۆمانتیکی وەک «سان سیمۆن» کە داوای ریفۆرمی کۆمەڵایەتیی لە فەرەنسادا دەکرد، کرد. دواتر رۆژێک لە کاتی خوێندنەوەی بیرەوەرییەکان دا بە هەڵکەوت شاعیری هەست ناسکی فەرەنسی «ژان فرانسوا مارمۆنتل»ی دۆزییەوە. کاتێک گەیشتە ئەوێ ئەو بەشەی کە شاعیرەکە باسی مەرگی دایکی دەکرد، دەستی بە گریان کرد. باسی ئەوە دەکات کە ئەو «وێنە

بەهێزە»ی شیعرەکە کاری تێکردبوو، هەرچەند باسی ئەوە ناکات، کە دیمەنەکە چی بـووە. ئەو ویستە سەرکوتکراوە کە وەها ڕووداوێـک لە ژیانیدا رووی داوە، ئەوە کەتبووە پێش سەردەمی «فرۆید»ەوە و لێکدانەوەی زەحمەت بوو. میل بەو ئەنجامە گەیشت کە چاک بووەتەوە: «ئازارێکی ئەوتۆ کە دەیوت، هەموو هەستێکم مردووە، نەمابوو». جۆن ستیوارت میل ئەوجا کەوتە ئافراندنی مرۆڤ لە فەلسەفەکەی خۆیدا.

میل ئەگەرچی باوەڕی بە سودگەرایی هەبوو، بەڵام لە ڕوانگەیەکی رەخنەگرانەوە ئاوڕی لە بناغەدانەرانی دایـەوە. سەبارەت بە بێنتام وتی: »هوشیاریی ئەم رۆحە ئاواڵدوانەی بژاردەکانی سەردەمی ئێمە (واتە کەسانێکی رۆمانتیکی وەک وۆردزۆرس)، قەت لەودا پێکنەهات.» بەو پێیە بەو ئەنجامە گەیشت، کە بێنتام سەر بە «ناکارامەترین و ساردوسڕترین نەوەیە کە بەریتانیا پەروەردەی کردووە.» لەم بۆچوونەدا تەنیا ئەو نیمچە دژایەتییە هوشیارانەی ئەوی بەرامبەر بە باوکی دەرنەخست، بەڵکو لە هەمانکاتیشدا پێیوابوو کە بێنتام «خێرخوازێکی گەورەی مرۆڤایەتی» بوو. میل جگە لە هێنانە ئارای توخمی مرۆیی، هەروەها دەیویست بەگشتی پەرە بە چەمکی سودگەرایی بدات. بۆ ئەم مەبەستەش ئەوەی کە وەک چەمکی لیبراڵی بەرین و بەسود دەستنیشانکردبوو، دەبوو لە رووی لۆژیکییەوە بیکاتە فەلسەفەیەکی دارێژراو و بەڵگەمەند.

میل سەرەڕای ئەوەی دەیوت، چاک بووەتەوە، کەچی وردە وردە لەو بارە پەرێشانە دەروونییە دەرباز بوو. ئێستا ئیتر بە بەشداریکردن لە کۆنسێرتە کلاسیکەکاندا، باوکی توورە دەکرد، لە هەمانکاتدا لە گەرمەی چێژ وەرگرتن لەو چەشنە کۆنسێرتانە، زەینە لۆژیکییەکەی دەبزوت و خەمی ئەوەی لێ دەنیشت کە مۆسیقاکە درەنگ، یان زوو هەر کۆتایی دێ. تەنیا ژمارەیەکی

دیاریکراوی نۆتی هەیە، بێگومان هەموویان دەکاتردەکرێن. (سەرەڕای ئەو نەزانکارییە ساکارەی میل، بەخۆشییەوە لە سۆنگەی تەندروستیی ئەقڵییەوە، هێزە لۆژیکییە ریزپەڕەکەی گەڕایەوە).

میل گەنجێکی وشک و ڕەزاگران، شەکەت و یەکجار زوو ڕسکا بوو، لە سۆنگەی ئەو ئەشکەنجە دەرونییەیەوە، بوو بە خاوەن بەهرەیەکی کەم وێنە. لە ئەنجامی هەڵسوکەوتی یەکجار وشک، هەروەها ئەو هێزی ئافراندنەی کە باوکی تێیدا پێکیهێنابوو، بوو بە پیاوێکی زۆر تێگەیشتوو و توانیی لەگەڵ ڕوانگەگەلی تریش جوان مامەڵە بکات، هەر بۆیە ئامانجە زۆر بەرزەکەی پوختەتر ببوو. هەستێکی زۆر گەشبینانەی لەمەڕ واتای مرۆڤانیی رەزامەندی پەیدا کردبوو، بۆیە بە سوک چاوی لە تاقمگەرایی بەرچاوتەنگانە و بیرتەسکی دەکرد.

پاش ئەم وەرچەرخانە قوڵە دەرونییە، لە تەمەنی بیست و چوار ساڵیدا عاشقی ژنێک بوو، کە بەلایەوە زۆر سەرنجراکێش و زیرەک بوو. ئەویش «هەرییت تیلۆر»ی بیست و دووساڵ بوو، شاعیرێکی پڕ هەست و سۆزی کەوی بوو، زوو وەڵامی جۆنی دایەوە، بەڵام مخابن شودار بوو ـ شوەکەی بازرگانێکی بە کەیف و سەرکەوتو بوو کە دەرکەوت لە تێگەیشتن و زاناییدا لە میل کەمتر نییە. جۆن تیلۆر هەرییتی خۆش دەویست، بەڵام هاوسەرە بەهێزەکەی زوو بەو قەناعەتەی گەیاند کە جۆن ستیوارت میلی خۆشدەوێت. هەستی وەفاداری «هەرییت» بە هاوسەرەکەی کە زۆر قوڵ خۆشی دەویست وای لێکرد تاکو مێردەکەی لەوە دڵنیا بکاتەوە کە ئەگەرچی پێداگرە لەسەر ئەوەی دڵبەرەکەی ببینێت، بەڵام لە نێوانیاندا پێوەندییەکی «ناشیاو» نایێتە گۆڕێ. ساڵی دواتر شاژنە «ڤیکتۆریا» بوو بە شاژنی بەریتانیا و ئەم پێوەندییە ئەویندارانە (ڤیکتۆرییایە) بیست ساڵی دیکەشی خایاند.

میل بـەردەوام لەگەڵ هەرییت تیلۆر یەکتریان دەبینی و تەنانەت هەندێ جار کە جۆن تیلۆر بەبۆنەی کاری بازرگانییەوە لە سەفەردا بوو، پشوی کۆتایی هەفتەشیان پێکەوە دەبردە سەر. کاتێکیش دەرفەت نەڕەخسابا، جۆن تیلۆر دوای نانی شێوان بە ئەنقەست دەچووە یانەکەی خۆی و دواتر سەروکەلەی جۆنی عاشقی ژنەکەی بۆ شەوێکی ئەفلاتونی وێڕای شیعر و باسی فەلسەفی، پەیدا دەبوو. پاش چەند ساڵ جۆن تیلۆر وای لێهاتبوو زوو هەڵدەچوو، جۆن ستیوارت میلیش بەردەوام برۆی دەفڕی (لەناکاو توند دەجولا)و چەند ئازارێکی رۆحیش هزریان تێکدا، بەڵام بەدەر لەمانەش، بە ڕەواڵەت وا دیاربوو هەموویان ئارام و بێ کێشەن. ئەمان کە پشتیان بەوپەڕی هێزی رەسەنایەتی خۆیان دەبەست، هەرسێکیان قاڵببوون، بۆیە هەرسێکیان سەرکەوتن. تیلۆر لە بازرگانیکردن بە کەرەستە کیمیاییەکان پارەیەکی زۆری کۆدەکردەوە، میل بوو بە فەیلەسوفێکی دیارو هەریتیش کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لە درووستبوونی بۆچوونەکانیدا. (میل دواتر رایگەیاند کە لە نوسینی زۆربەی بەرهەمە سەرەکییەکانیدا، هەرییت هاوکارییکردوە). ئەو دەم رۆژ رۆژی دەنگۆو ڤیکتۆریاییەکان بوو. میل لەگەڵ سەرجەم ئەو دۆست و هاوڕێیانەی، کە تەنانەت پرکێشی ئەوەیان کردبا لەلای باسی دڵبەرەکەی بکەن، دەنگی دەبڕی. تیلۆر سەرقاڵی میوانیگەلی مەی خواردنەوەی شەوانەی خۆی بوو. هەرییتیش توانایەکی سەیری لە خۆ بووراندنەوەدا پەیدا کردبوو.

میل هەروا شێلگیر بوو لەسەر ئەرکەکەی خۆی. لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا چووە ناو کاری بەڕێوەبەرییەوە و پۆستێکی بەڕێوە دەبرد لە کۆمپانیای هیندی خۆرهەڵات کە باوکی یەکێک لە بەرپرسە باڵاکانی بوو. (جیمز میل ئیزنی ئەوەی نەدەدا کە کوڕەکەی میراتە فیکرییەکانی لە زانکۆدا خراپ بکات.) چەند ساڵ دواتر جۆن ستیوارت میلیش ئەرکی هەڵەبڕیی «وێست

مێنستر ریڤیو»ی بەناوبانگی گرتە ئەستۆ کە نوسەرانێک وەک: کالریج و جۆرج ئەلیوت تێیدا کارییان دەکرد. (یەکێک لە دەستکەوتە ئەدەبی و فەلسەفییەکانی ئەم گۆڤارە، ناساندنی کانت بە خوێنەرانی ئینگلیزی زمان و لێکدانەوەی بەرهەمەکانی شۆپنهاوەری نەناسراو بوو کە ئەمەش وایکرد، هەرچەند بە درەنگەوە، بەڵام پاش ئەم کارە، ناوبانگی شۆپنهاوەر لە ئەڵمانیا بڵاو بێتەوە).

ئێستاکە ئیدی بێنتام هەر پەیکەرە ترسێنەرە مۆمیاییکراوەکەی لە سندوقێکی شوشەییدا لێمابۆوە. ساڵی (1836) جیمز میلیش کەوتە ناو جێگاو بەو بۆنەوە، جۆن ستیوارت میل، تووشی نەخۆشییەکی دەوورنیی دیکە هات. هەربۆیە لە دوا رۆژانی ژیانی باوکیدا نەیتوانی لە لای بێت. دوای کۆچی دوای جیمز میل کوڕەکەی چاک بووەوە، بەڵام ئێستا فڕینی بڕۆی دیارتر بوو.

جۆن ستیوارت میل لە ساڵی (1843)دا «سیستمی لۆژیک»ی بڵاوکردەوە و ناوبانگی پێ دەرکرد. ئەم بەرهەمە لەسەر نەریتی ئەزمونگەراییی ئینگلیزیی «لاک، برکلی و هیوم»دا دەڕوات، بەڵام ئاوڕ لە فەلسەفەی مێتافیزیکیی دواتری ئەڵمانیا نادادەوە کە بووە هۆی درووستبوونی کانت و هیگل. میل باوەڕی بە میتافیزیک نەبوو، بەڵام مێتافیزیکی ئەڵمانی یەکێک لەو بابەتە دگمەنانە بوو کە بە قوڵی کاریان تێکرد. هەروەک لەم بارەیەوە دەڵێت» هۆگری بە فەلسەفەی هیگل «عەقڵ تێکدەدات». ئەزمونگەرایی میل بووە هۆی ئەوەی بەستێنێکی فەلسەفیی پێویست بۆ چەمکی سودگەرایی پێکبێت. میل وەک ئەزمونگەراکان پێی وابوو کە هەرچەشنە شارەزاییەکانی ئێمە لە ئەنجامدا بەرهەمی ئەزموونە. ئەم بنەمایە رەنگە پێویستی بە بەڵگە هێنانەوە بێت، بەڵام تەنانەت خودی بەڵگەهێنانەوەش بەرهەمی ئەزموونە. ئێمە لەرووی مێژوویی، دەروونناسی و فەلسەفییەوە، هۆو هۆکارەکان لە دەرەنجامی گەڕانی زۆرەوە دەدۆزینەوە، واتە گشتگیریان دەکەین، کە ئەمەش بۆ خۆی دەرەنجامی

گەڕانە. دەبینین کە رووداوی ئەلف(هەتاو) لە رواڵەتدا رووداوی ب(توانەوەی سەهۆڵ)ی لێدەکەوێتەوە. هەزاران جار ئەم حاڵەتە دەبینین. بەم پێیە بەو ئەنجامە دەگەین کە «ئەلف» هۆی «ب»یە (هەتاو سەهۆڵ دەتوێنێتەوە.) لە ڕوانگەی میلەوە، هەرچەشنە رامانێکی زانستی بەم پرۆسەیەدا تێپەڕ دەبێت» یاساکانی لە ڕێگای ئەزموونی مەیدانییەوە دادەنا.

میل دەیزانی کە ئەنجامگیریی »ئیلقائی، پێوانەیی» هەڵەهەڵگرە. بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە چەند جار بینەری رووداوی هاوچەشن بووبین، بەڵام ئەمە وا ناکات لەوە دڵنیا بین کە جارێکی دیکە شتێکی جیاواز روو نادات. «هەموو قوو(قاز)ەکان سپین» هەمیشە وا دادەنرا ئەمە راستە. تا ئەو کاتەی کە ئوسترالیا دۆزرایەوە و ئەوروپییەکان لە کۆتایی سەدەی هەژدەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا بەرەو ئەوێ کۆچیانکرد، دەرکەوت کە قازی ملدرێژی رەشیش هەیە. لە مەعریفەی «ئیلقائی، پێوانەیی»دا هەمیشە ئەگەری روودانی هەڵە هەیە. سەرەڕای ئەمەش میل پێداگر بوو کە وەها مەعریفەیەک دەکرێت لە چەند رووەوە جێگای متمانە بێت. ئەمەش لە ڕێگای چۆنیەتی بەدەستهێنانی ئەو مەعریفەیەوە، هەروەها ئەو بەڵگەی کە پێشکەشی دەکات، دەکرێت بە میتۆدی ئەزموونی بسەلمێنرێت. ئەگەر مەعریفەیەک لە پێکهێنانی مەعریفەی پتردا نەخشی هەبێت، دەردەکەوێت کە بنەماکەی بەهێزترە. پارادایمە گشتییەکانی ئەزموون دەتوانن «یاساکان»ی سروشت ئاشکرا بکەن، ئەوانیش بەش بەحاڵی خۆیان دەتوانن لە ئاشکراکردنی یاساکانی دیکەی سروشتدا بە کەڵک بن. ئەوە کە زۆربەی ترشەکان لە بەرامبەر تفت (قلیا)کان خوێ بەرهەمدێنن، ئەو گریمانەیە لای کیمیازانان پێکدێنێ، کە رەنگە هەموو ترشەکان لەخۆیاندا توانای ئەوەیان هەبێ لە دژکردەوە لە بەرامبەر تفتەکاندا، خوێ بەرهەمبێنن. دەکرا ئەمە دواتر تاقیبکرێتەوە و زۆر دژکردەی تایبەت لەم

ڕێگاوە ئاشکرا بکرێت.

ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە کاربڕە، تەنانەت لە بوارە نازانستییەکانیشدا ڕەنگە ڕوو بـدات. یەکەم: ئەنجامگیریی ئێمە لە کۆمەڵە ڕووداوێکی بـەردەوامـی تایبەتدا ئەزموونێکی سـادەی تاکە کەسییە. بۆ وێنە بۆمان دەردەکەوێت کە خواردنەوەی زۆری بیرە مرۆڤ سەرخۆش دەکات. دواتر ئەمە دیسان دووپاتدەبێتەوە و بەیارمەتی ئەزموونەکانی ترمان پارادایمێکی تەبا دروستدەکات. خواردنەوەی بڕێکی زۆری شەرابی سێو یان شەرابی ترێ یان ویسکیش خەیاڵمان دەکات. ئەمە بەرەو دەرەنجامی دیکەمان دەبات: کەواتە خواردنەوەی زۆری هەرچەشنە کحولێک خەیاڵمان دەکات.

لەمانەش گرنگتر ئەوەیە کەوا کۆمەڵێک دەرەنجامی تریش لەمەڕ سەرجەم ئەزمونگەلی خۆمان دەکەین. بە گوێرەی ئەزموونە بەردەوامەکانی خۆمان دەگەینە ئەو ئەنجامە کەوا هەر دیاردەیەک پەیڕەوی هاوئاهەنگییەکی گشتییە. هەڵسوکەوتەکان لەگەڵ ئەوانەی پێشودا هاوئاهەنگن. بۆمان دەردەکەوێت کەوا سروشتیش بۆ خۆی لەگەڵ زنجیرە یاسایەکی گشتیی دیاردا هەماهەنگە. لە ئەنجامی ئەم هەموو ئەزموونە بەردەوام و بەرینەدا تێدەگەین کە هەر هۆکارێک هۆیەکی هەیە. ئەم ئەنجامەش لەرووی مێژووییەوە لە قۆناغێکی دیاریکراوی ژیانی ئێمەدا پەیدا دەبێت، دەبێتە بەشێک لە سیستمی ئەقڵیمان و کار دەکاتە سەر خوێندنەوە فەلسەفییەکانمان. دەبێتە بەشێک لە شێوەی ژیان و بوون و بیرکردنەوەمان.

کاتێک گەیشتینە ئەم ئەنجامەی هۆیەتی (علیت)، دەتوانین هەنگاوی دیکە هەڵبگرین و لەگەڵ «ئەنجامگیریی دەفعی دەردراو» لەرووی زانستییەوە شتی زیاتر بدۆزینەوە. ئێمە ڕووداوێـک ئەزموون دەکەین و ڕەنگە چەند هۆکاری بۆ بدۆزینەوە. یەکێک دەمرێ: ئێمە هەموو ئەو هۆکارانەی کە ڕێیان

ئێدەچێ، ئاقیدەکەینەوە. ئاژەڵێک نوێ دەبڕێنەوە، بەدوای کۆمەڵە هۆکارێکدا دەگەڕێین و هەندێک هۆکاریش لەبەرچاو ناگرین. هۆکارە جیاوازەکان یەکە یەکە دەخەینە لاوە تا دەگەینە وەڵامی راست. ئەمە لە خۆیدا کاردانەوەی دەبێت و باوەڕی ئێمە بەرامبەر بە یاساکانی هۆیەتی بەهێزتر دەکات، بەڵام هەر وەک دەتوانین دەبینین، تەنانەت ئەم «ئەنجامگیرییە دەفعی«یەش بە تەواوەتی لەسەر بنەمای «ئەنجامگیریی ئیلقائی، پێوانەیی»ی پێشوو دانراوە.

بە باوەڕی میل، ئەنجامگیریی »ئیلقائی، پێوانەیی» لاوەکی سەرچاوەی سەرجەم مەعریفەی زانستیی ئێمەیە. ئێمە دواجار پشت بەم میتۆدە دەبەستین. کە لە دوو توخمی بنەڕەتی ـ ئەزمون و یادەوەری ـ سود وەردەگرێ. بەڵگەهێنانەوەی میل زۆر بەهێزە، بەڵام خاڵی لاوازیشی هەیە. سەرەڕای ئەنجامگیریگەلی لاوەکی ـ وەک تەبایی و هۆیەتی، بەڵام ئەمە بەڵگەهێنانەوەی جۆن لەسەر ئەزمونگەرایی سەرەکیی هیوم، وەڵامدەری داهاتوو نییە. هەموو مەعریفەی ئێمە کە بەرهەمی ئەنجامگیرییە تەنیا لەسەر هاوئاهەنگیی رووتی رابردوو و ئێستایە. لەسەر ئەو گریمانەیەش دانراوە، کە داهاتوو لەگەڵ ئێستاو رابردوودا هاوئاهەنگ دەبێت. بە ڕای میل ئەو گریمانەیە کە داهاتوو هەروەک رابردوو دەبێت، پێوەندیی بە مەعریفەی «ئیلقائی، پێوانەیی» لاوەکی ئێمەوە پەیدا دەکات، بەڵام ئەمە خاوەن دەورێکی لۆژیکیە. ئەستەمە کەوا «استقرا»یەک ئەوە بسەلمێنێت کە داهاتوو وەک رابردوو، یان ئێستا دەبێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارەی کە سەرجەم پرۆسەی «استقرا» لەسەر ئەم گریمانەیە وەستاوە!

هەڵەی دووەم دەگەڕێتەوە بۆ خودی زانایان. میتۆدی ئەوان لە دۆزینەوەی یاسا نوێیەکاندا، لەراستیدا پێوەندییەکی لاوازی بە ئەنجامگیریی «ئیلقائی، پێوانەیی»ەوە هەیە، یان بەگشتی هیچ پێوەندییەکی نییە.

زانا راستییە ئاڵۆزەکان تاقیدەکاتەوە و گریمانەیەک بۆ شیکردنەوەیان پێشکەشدەکات. دواتر بۆ ئەوەی دڵنیا بێت کە لەگەڵ راستییەکانی تردا دەگونجێن یان نا، تاقییان دەکاتەوە. ئەگەر بگونجێن ئەوا گریمانەکەی وەک لۆژیک، یاسای زانستی، یان تەنانەت وەک یاسای سروشت دەچەسپێت، بەڵام میل بەم شێوەیە چاو لێناکات. بە ڕای ئەو هەر گریمانەیەک هەمیشە دەکرێ گومانی لێبکرێت. رەنگە گریمانەی دیکە هەبن کە لەگەڵ سەرجەم راستییەکاندا بگونجێن. میتۆدی گریمانەیی بۆ ئەوە کە دەبێ کام گریمانە قبوڵ بکرێت، هیچ رێنوونییەکی تێدا نییە. (سەرەڕای رەخنەی میل، سەرجەم ئەنجامگیریگەلی دووەمی تێکەڵکەر کە بەرهەمی ئەنجامگیریی «ئیلقائی، پێوانەیی»ن ئەم کەموکوڕیەیان پێوە دیارە).

میتۆدی پراکتیکیی میل، پرسیارێکی رووخێنەری دیکە دەخاتە بەردەم ناوبراو: چۆن دەزانن ئەو دیاردانەی کەوا ئەزموونیان دەکەین، جیا لە ئەزموونی ئێمە، بە شێوەیەکی سەربەخۆ بەدیدەکرێن؟ یان با بڵێین، چۆن دەکرێت بزانین کە شتێک وەک جیهانی راستەقینە و راوەستاو هەیە؟ میل بەردەوام خۆی لەو گریمانەیە دەدزییەوە کە وای دابنێت لەودیو هوشیاریی ئێمەوە جیهانێکی ئەبەدی هەیە. لە باتی ئەوە پێشنیازی دەکرد «مادە» وەک «ئیمکانی بەردەوامی هەست» لە قەڵەم بدەین. ئەو دڵنیا بوو کە «ئەم بۆچوونە لەمەڕ مادده تێکڕای ئەو پێناسانە دەگرێتەوە، کە لە جیهانی ئاساییدا بۆی دەکرێت». رەنگە چیدیکە خەڵکی ئەم جیهانە گشتییە ئەوەندە بەمە قایل نەبن. میل قسەکەی تاوا تەواو کرد کە مێنتەڵێتیش بریتییە لە «ئیمکانی بەردەوامی هەستکردن». مێشکی ئێمە بریتیە لە زنجیرەیەک لە هەست و هۆش کە وەک « هەودای هوشیاری» دەکرێت خۆی بناسێ. بە هەڵکردنی سەرەداوی ئەم هەودایە، یادەوەری بۆ زەین درووست دەبێت.

ئەم شرۆڤەیە وەڵامی ئەوە ناداتەوە، کە لەرووی رۆحی و جەستەییەوە رووەداتْ. بەو حاڵەش دەستەواژەی «هەودای هوشیاری» بەوشێوەیە کە میل ئاماژەی پێکردوە، زۆر رەنگی پێشگۆیی پێوەدیاربوو. نیو سەدەی خایاند تاکو «ویلیام جیمز»، دەروونناسی ئەمریکی روونکردنەوەیەکی باشتری سەبارەتْ بە مێشک و «رەوتی تراو(بزۆز)ی هوشیاری» پێشکەشکرد. میل رەنگە یەکەم هەنگاوی بەرەو لای ئەم هەڵێنجانە داهێنەرانە و رۆشنگەرانەیە نابێ.

بە باوەڕی میل ئێمە یاساکانی لۆژیک لە رێگای ئەنجامگیریی «ئیلقائی، پێوانەیی»ەوە دەدۆزینەوە. یاساگەلێک وەک یاسای شوناس ـ شتێک لە یەککاتدا ناتوانێتْ خۆی و شتێکی دیکە بێتْ بەشێوەی ئەنجامگیریگەلی لاوەکی، بەرهەمی ئەزموونی ژیانی رۆژانەیە. بەهەمان شێوە یاساکانی بیرکاری، بەرهەمی لۆژیکی ئەنجامگیری دیاردەکانتە. ژمارەی یەک ئەو گشتیکردنەیە کە بەرهەمی بینینی تاکە تەنەکانە. بەم شێوەیە ژمارەی دوو، ئەو گشتیکردنەیە کە بەرهەمی بینی جووتْ تەنەکانە. ئەم دوو گشتاندنە جیاوازە هەر لە بنەڕەتدا پێوەندییان پێکەوە نییە، یان بەرهەمی زنجیرەیەک چەمکی ساکاری بنەڕەتیی بیرکارین. کەواتە (1+1=2)ئەمە دەرەنجامێکی روونی ئەزموونە و لە هیچ بارێکەوە لەرووی لۆژیکی و بیرکارییەوە «زەروری» نییە. لیرەدا تەنیا ناسینەکە بەرهەم هاتووە، وەک «سەرجەم قووەکان سپین». بەپێی بۆچوونی میل ئەگەری ئەوە هەیە لە داهاتودا دەرکەوێ کە (1+1)یەکسان نەبێ بە(2). بەڵام لە سۆنگەی ئەزموونی زۆری تاکو ئیستا مانەوە، ئەو راستییە سەلمێنراوە کە (1+1=2)، بۆیە لە دروستیی ئەم بابەتە تەواو دڵنیاین.

لە راستیدا لێرە میل بە پێچەوانەی بۆچوونی باوکی، کە لە بیرکاریدا

نۆمینالیسث بوو، بەڵگەی دەهێنایەوە. جیمز میل پێیوابوو کە (1+1)تەنیا پێناسەیەکی (2) یە و سەرپاکی بیرکاری لەسەر ئەم جۆرە پێناسانە دانراه. جۆن ستیوراث میل کەوتە بەر لێشاوی رەخنە و تورەیی ژمارەیەکی زۆر لە بیرکاریزانانی سەدەی نۆزدە. بە تایبەث کەسێکی وەک «ویلیام هیوئێل» کە مامۆستایەکی دیاری کامبریدج بوو و ڕوانگەیەکی «شهوودی»ی دەرکەوتەیی بوو. بە باوەڕی «شهوود گەراکان»، ئێمە قەث ناتوانین بیر لەوە بکەینەوە کە چۆن (1+1) ناکاتە(2). ئەمە هەر لەبنەڕەتدا گومانی لەسەر نییە. بەم پێیە (1+1) دەکاتە(2). دەبێ وابێ و رێگایەکی دیکە نییە. سەرجەم بیرکاری لەسەر بنەمای دڵنیایی تەواوی ئەمجۆرە شهوودە بنەڕەتییانە دانراوە.

میل بۆ دەربڕینی دژایەتیی خۆی لەم بارەیەوە، رایگەیاند کە ئێمە ئێستاکە شارەزای زۆر چەمکین کە پێشتر هەر بە خەیاڵیشماندا نەدەهاتن. لە سەرپاکی سەدەگەلی ناوەڕاستدا بە خەیاڵی کەسدا نەدەهاث کە زەوی خڕ بێث و بەدەوری خۆردا بسورێنەوە، هەتاکو نیوتن هێزی راکێشەری زەویی نەدۆزییەوە، بەبیری کەسدا نەدەهاث کە زەوی لە مەودایەکی یەکجار دورەوە کار بکاتە سەر خولانەوەی مانگ.

بەڵام ڕوانگەی ئەزمونگەرانەی میل بۆ بیرکاری، چەند رەخنەیەکی لەسەرە. رەخنەی سەرەکی لە گرێدانی ژمارەکان بە ئەزمونگەریی ئیمەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕۆکی بیرکاری. لە سنوری ئەزموونی ئێمەدا ژمارەی شتەکان دیارە. لە لایەکی دیکەشەوە دەزانین کە لە بیرکاریدا ژمارەکان بێبنن. رەخنە و کێشەیەکی لەم چەشنە لە هەندەسەی نوێوە سەریهەڵدا، کە هەر لەو سەروبەندەدا لە لایەن «لۆبا چڤسکی» بیرکاریزانی روسەوە دۆزرابووەوە. ئەمەش لە ڕوانگەی ئەزموونگەرایانەوە زەبرێکی کوشندە بوو لەمەڕ بیرکاری. لۆبا چڤسکی ئەوەی سەلماندبوو، کە هەندسەی ئۆقلیدسی

لەسەر رووپەڕێکدا دەکێشرایەوە و «تەختی» بوو، تاکە فۆڕمی هەندەسە نییە. هەندەسەگەلی تەواو جیاوازی دیکە هەن، کە لە رووبەرگەلی کەوانەییدا دەکێشرێنەوە. ئەمانە زۆر کەمتر پێوەندییان بە جیهانی سروشتیەوە هەیە. فەزای بیرکاری و فەزای سروشتی  هیچیان لە یەکیان ناچێت. ئیدی لێرەدا جیاوازیی تەواوی ئەزموون و بیرکاری دەردەکەوێت.

میل لە ساڵی (1844)دا دەستیکرد، بە خوێندنەوەی زانستی ئابوری کە ئەو کات پییدەوترا ئابوریی سیاسی. ئەم بەشە تازە کرابووەوە. «ئادام سمیث» (70) ساڵ پێشتر بناغەی ئەم بەشەی بە کتێبی «سامانی میللەتان» دانابوو.

میل لە کتێبی «بنەماکانی ئابوریی سیاسی»دا پتر لەژێر کاریگەریی ئەو بنەما ئابورییانەدایە، کە بناغەکەی سەرەتا بە دەستی سمیث دانرا و دواتر ریکاردۆ  پەرەی پێدا.  ئەم نەریتە بە »ئابوریی کلاسیک» ناسراوە، بەڵام میل چەندین داهێنانی دیکەی لە بوارەدا کرد و ئەم نەریتە کلاسیکەی بۆ هەمیشە گۆڕی. قوڵترینەکەیان لە هەمووان ساکارترە: میل بەو ئەنجامە گەیشت کە بنەما سەرەکییەکانی ئابوری پەیوەندییان بە بەرهەمهێنانەوە هەیە، نەک دابەشکردن. بەرهەمداریی کار، خاک، ئامێرەکان ـ کەموزۆر دەکرێ سەرکەوتوانە ئەمانە، بەپێی یاساگەلی بابەتیی تایبەت رێکبخرێن. ئەو یاساگەلە دەکەونەوە ژێر کاریگەریی فاکتەرگەلی وەک سروشت (تێروپڕی و قاتوقڕی، بەرهەمداریی کار،  ئامێرەکان). بەهەمان شێوەیە سامان بەپێی یاسا و هۆکارگەلی بابەتی پێکەوە دەنرێ و ئەو هەلەش دەڕەخسێنێت تاکو لەرووی چەندایەتیشەوە زیاد بکرێت، بەڵام کاتێک سامانەکە پێکەوە نرا نازانرێ چۆن پەرە بە دابەشکردنی بدرێت.

پێشتر، سمیث، ریکاردۆ و لایەنگرەکانیان لەکاتی دەرکەوتنی

دەرەنجامی  ئەو یاسا ئابورییانەی کە دایان دەهێنان،  هەروا سوک لە بەرپرسیارەتی خۆیان دزیبۆوە. بازاڕی ئازاد خاوەن یاساگەلی «سروشتی»ی خۆی بوو و هیچیشی پێ نەدەکرا. کاتێک بازاڕ پڕ دەبوو لە شمەک، نرخەکان دادەبەزین و هەقدەسنەکان بەگوێرەی ئاستی داوا بوو. کاتێک زەویی چاندن کەم دەبـووەوە، کرێی زەویش بەرز دەبـووەوە. پرسەکە لەمە نەدەترازا، رەنج و کوێرەوەریشی بـەدواوە بوو. بۆچوونی میل لەمەڕ لاسەنگیی بەرهەمهێنان و دابەشکردن، لەوەندەی پەیوەندیی بە دابەشکردنەوە هەبووە، ئەم یاسا سروشتیانەی هەڵپێچا. کاتێک کە سامانێک بەرهەمهاتووە، کاتێک کە شمەک بۆ خستنە بازاڕ ئامادەیە، «مرۆڤ چ وەک تاک و چ وەک کۆ چۆنی پێخۆش بێت، لەگەڵی دەجوولێنەوە. چۆن حەز بکات دەیداتە ئەو کەسانەی پێیان خۆشە». دابەشکردن، یاسایەکی «سروشتی»ی نییە. «رێسا و یاسا باوەکان بەگوێرەی بیروباوەڕ و هەستی بەشی بڕیاردەری کۆمەڵگە دیاریدەکرێن و بەپێی کات و شوێنی وڵاتانی جۆراوجۆر گۆڕانکاریی زۆریان بەسەردا دێت، ئەگەر مرۆڤ بیەوێت دیسان دەکرێت ئاستی جیاوازییەکەیان زیاتر بکات». ئەخلاق لە بواری دابەشکردندا وەک فاکتەرێک سەیر دەکرێت. میل ئاماژەی بەوە کردوە، کەوا دەکرێت ئەخلاق لە ئابوریی سەرمایەداریدا سەنگ و بەهای پێبدرێت.

ئەمە ڕوانگەیەکی نـوێ بـوو. ئـەم ڕوانگەیە لەگەڵ ڕوانگەی سوسیالیستەکانی سـەدەی نـۆزدە و مارکس کە هاوچەرخی میل بوون (کە لە هەمان ساڵدا  «مانیفێستی کۆمۆنیزم»ەکەی بڵاوکردەوە کە میل بنەماکانی ئابوریی سیاسییەکەی تێدا  بڵاوکردەوە)، زۆر جیاواز بوو. مارکس و سوسیالیستەکان دەیانویست بە گۆڕینی سەرجەم سیستمی ئابوریی بازاری ئازاد بۆ سیستمێکی سوسیالیستی کۆنترۆڵکراو، ئەخلاق لە ئابوریدا بێننە

گۆڕێ، بەڵام میل ئەخلاقی لە بنەڕەتدا دژی سەرمایەداری دەزانی. ناوبراو بە جیاکردنەوەی بەرهەمهێنان و دابەشکردن، دواتر ئەو پێشنیارەی هێنایە گۆڕێ کەوا لەو شوێنانەی پرسی دابەشکردنی سامان لە گۆڕێدایە، با پشت بە پرەنسیپی سودگەرایی ببەسترێت.

دابەشکردنی سامان لەو کاتەدا زۆر دژی سودگەرایی بوو. وا لێکدەدرایەوە کە گوایا هەر بۆ ئەوە داڕێژراوە تاکو زۆرترین کولەمەرگی توشی زۆرینەی خەڵک بکات. میل شۆڕشگێڕ نەبوو بە تەماش نەبوو سیستمەکە بڕووخێنێت، بەڵکو ئەو دەیویست لەرێی بۆچوونەکانییەوە ریفۆرمێکی وا لە سیستمەکەدا پێک بێنێت کەوا ژیانی تێکڕای ئەوانەی تێیدا بوون خۆشتر بکات. بێگومان رێبازی سودگەرایی یەکەمین فەلسەفەی ئەخلاقی بوو کە دەکرا لە پێکهاتەی ئاڵۆزی بازرگانیی نوێدا پشتی پێ ببەسترێت و کەسیش هەست بەوە نەکات کە ساویلکانە، ناپوختەو بێ کەڵکە. ئەمەش بەشەو و رۆژێک باری ئابوریی ناگۆڕیت، بەڵام وردە وردە کاریگەری و نەخشی لە ماوەی (150) ساڵی رابردوودا تاکو ئەمڕۆ بەردەوام زیادیکردوە. سودگەرایی، ئەگەرچی دەقاودەق دانیپێدا نەنراوە، کەچی تاکو ئێستا لە سەرجەم ئاڵووێری بازاڕی کاردا، لە دانوستان لەگەڵ یەکێتییە پیشەییەکان، لە ئاستگەلی بەڕێوەبەری و کارگێڕیدا دانی موچەدا لانیکەم رێنیشاندەری سەرەکییە. رەنگە کاریگەرییەکی راستەوخۆی بەسەر سەرجەم ئەو کارلێکە کۆمەڵایەتییانەوە نەبێ، بەڵام بێگومان چاکسازییان تێدا دەکات و دەرکەوتی هەموویانە. ئەمە پێوەرێکە کە زۆربەمان لە کاتی داوەریمان لەسەر دابەشکردنی سامان بەکاریدێنین. ئەوە خۆشە کە دەڵێن قازانجی زۆروزەوەندی خاوەن کۆمپانیا گەورەکان «بازاڕ دەیسەپێنی»، ئەمەش تەنیا وەک پرسێکی تایبەتی بەرهەمهێنان، لەو دیوی پرسگەلی ئەخلاقییەوە

دادەنێن. ڕەخنەگرتن لە وەها ئەنجامێک دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیاوازییە سەرەتاییە کە میل کردوویەتی و پێداگرە لەسەر ئەوەی کە پرسەکە، پرسی دابەشکردنە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم جۆرە بژاردنەوانە بەدەرن لە بنەما ئابورییەکان و دەکەونە سنوری داوەریکردنی ئەخلاقییەوە. کاراترین چەمک لێرەدا، بە باوەڕی زۆربەی خاوەنرایان چەمکی بەسودمەند زانینی چاکەی گشتییە.

میل لە کاتی نوسینی «بنەماکانی ئابوریی سیاسی»دا زۆرجار لانیکەم جارێک لە هەفتەدا لەگەڵ هەرییت تیلۆر شێوی دەخوارد. هێشتا زۆری خۆش دەویست و دواتر رایگەیاند کە لەو قۆناغەدا هێندە کە تیلۆر کاری تێکردوە کە وەک هاوکاری وا بوو زۆربەی بۆچوونە نوێیەکانی لەوەوە وەرگرتوە و تەنانەت بەشێکی زۆری لە کتێبەکەی ئەو نوسیویە. میل پێی وابوو کە هەرییت زەینێکی «تەواو هونەرمەندانە»ی هەیە. لە راستیدا «ژیری»یەکەی وای لێکردبوو کەوا شایانی ئەوە بێت «لەناو دەسەڵاتدارانی مرۆڤدا، وەک بەرزترین کەس» ببێتە سەرتۆپ، بەڵام کەسانی دی، کە بە چاوێکی عاشقانەوە سەیریان نەدەکرد، بە چاوێکی تر سەیریان دەکرد: ژنێکی ئاسایی و کەموزۆر لەخۆبایی. بەهەرحاڵ گومان لەوەدا نییە کە لە ماوەی ئەوساڵانەدا هەرییت ئیلهامدەر و پشتیوانێکی گەورەی میل بوو. نەخشەکەی بە وردی هێشتا ناڕوونە، بەڵام گومانی تێدا نییە کە لە کاری یەکێک لە گەورەترین و ناسراوترین بیرمەندانی ئەو سەردەمەدا، نەخشی هەبوو و نەخشەکەشی گرنگ بوو. لەم سۆنگەیەوە ئێستاکە هەرییت تیلۆریان خستوەتە ریزی پێشڕەوانی بزووتنەوەی فێمێنیستییەوە. میلیش دواتر ئەرکی خۆی بۆ رزگارکردنی ژناندا بەجێهێنا و هەروەک لە بەشەکانی تردا دەیبینین لەم پێناوەدا زۆربەی بۆچوونەکانی تیلۆر بوونە رێنیشاندەری.

له ساڵی (1849)دا مێردەکەی هەرییێت کۆچی دوایی کرد. دوای تێپەڕینی دوو ساڵ کە ماوەیەکی گونجاو بوو، سەرەنجام جۆن ستیوارت میل لەگەڵ هەرییێت ئیلۆردا زەماوەندی کرد. ئێستاکە ئیدی بەدور لە هەرچەشنە دەنگۆیەک دەیانتوانی پێکەوە لە خانوویەکدا بژین. لە هەمانکاتدا جیا لەمەش پەیوەندییەکەشیان هەروەک پێشوو بەردەوام بوو. ئەگەرچی دڵنیاش نین، بەڵام هەموو بەڵگەکان وا نیشاندەدەن کە ئەم زەماوەندە، قەت پێکی نەگەیاندن. لە راستیدا ئەو ڕوانگە پاکەی کە بەرامبەر بە یەکتری بوویان، دەبوا گۆڕانێکی بەرچاوی بەسەردا هاتبا و لەم فۆرمەدا نەمابا، چونکە پەیوەندییەکەیان وای لێهاتبوو هیچ کامیان نەیاندەتوانی بچوکترین پەیوەندیی جەستەیی پێکەوە بکەن. میل بە بەردەوامی دەفڕی و هەرییێتیش ئەوەندە خۆی لە نەخۆشی دابوو کە ئەمە تاڕادەیەک پەکی خست.

پاش شۆڕشی هندستان، لە ساڵی (1858)دا، کۆمپانیای هندی خۆرهەڵات هەڵوەشایەوە و دەوڵەت بەڕێوەبردنی ئەو وڵاتەی گرتە ئەستۆ. میل وەک بەڕێوەبەرێکی پایەبەرزی کۆمپانیاکە بە موچەیەکی باشەوە خانەنشین کرا. لەگەڵ هەرییێت چوون بۆ باشوری فەرەنسا، بەڵکو هەرییێت ئاوو هەوای ئەوێی پێبکەوێ و چاکبێتەوە. ئێستا ئیدی دەرکەوتبوو، کە نەخۆشییەکانی هەرییێت تەنیا دەروونی نین، بەڵکو تووشی دەردەباریکەش بوو (کە رەنگە لە خودی میلەوە توش بووبێت کە بەردەوام بە کۆخە کۆخ شین و مۆر هەڵدەگەڕا). کاتێک گەیشتنە ئەوینیۆن، هەرییێت توشی تایەکی زۆر توند بوو. میل هەر پێی دەکرا بەترس ولەرزەوە سەیری ژاکان و گەچڵانی خێرا و مەرگی هەرییێنی خۆشەویستی بکات.

میل بۆ سوککردنی ئەو باری خەمەی سەرشانی، خۆی بە کارەکەیەوە سەرقاڵکرد. گرنگترین کتێبێک کە لەم قۆناغەدا نوسیی، کورتەباسێک بوو

لەمەڕ «سودگەرایی». کتێبەکە لە ساڵی (1861)دا بڵاو بووەوە و بریتی بوو لە نڤیشک و کاکڵی بۆچوونە فەلسەفییەکانی، واتە سودگەرایی بنەمایی، کەوا لە سەرجەم بەرهەمەکانیدا رەنگیدابووەوە.

بۆچوونی قارەمانپەروەرانەی پێشووی میل، سەبارەت بە بێنتام و فەلسەفەی سودگەرایی کە ئەو داهێنەری بوو، لە سۆنگەی ئەو وەرچەرخانە دەرونییەی کە دواتر تێیدا روویدا، بە شێوەیەکی بەرچاو لەکزییدا. میل ناچار بووبوو کەوا زۆربەی بۆچوونەکانی بێنتام، بە تایبەت پێداگریی توندی لەسەر سروشتی ئەقڵانی مرۆڤ،، هەروەها ڕوانگەکەی لەمەڕ پێوانەهەڵگریی کرداری مرۆڤ (پێوانی چێژ ) رەتبکاتەوە. ئەم بۆچوونە شیکارانەیە لە لێکدانەوەی ژیانی مرۆڤدا، تەواو بێکەڵک بوو. ئەزموونی نوێ ئەوەی فێری میل کردبوو، کە «شرۆڤە بە ئاڕاستەی سڕینەوەی هەست و سۆزدا مل دەنێت». بێنتام لایەنی هەست و سۆزی کۆمەڵگەی لەبیر کردبوو. سودگەراییەکەی ناوبراو تایبەت بوو بە خۆشگوزەرانییەکی ئەقڵانی. بریتی بوو لە جۆرە خێرخوازییەکی بەدور لە هەست. لەراستیدا سەرجەم بۆچوونەکەی بێنتام بۆ کۆمەڵگە، لە سۆنگەی پێداگرییە نیمچە زانستییە رۆشنگەرییەکەیەوە و بەتایبەت لەبەر پێداگرییەکەی لەسەر عەقڵ، لە کەڵکی بڕابوو. ئاڵوگۆڕە مێژووییەکان، هەروەها ئەو جۆش و خرۆشەی کە ئافرێنەری ئەو کۆمەڵگایە بوون، لەبەرچاوی نەگرتبوون. لە لایەکی دیکەشەوە سودگەرایی میل کەوتبووە ژێر کاریگەریی ژمارەیەک نوسەری رۆمانتیک (وەک ڤێردزۆرث و کالریج)، هەروەها یۆنانی کۆنەوە. بێنتام بەتەما بوو کە ڕوانگە کۆمەڵایەتییەکەی بە پشتبەستن بە دلۆڤانی و تێگەیشتنێکی قووڵ لە کرداری مرۆڤ هەموار بکات. کۆمەڵگەش هەروەک ئەو مرۆڤانەی کە تێدا دەژیان، کەوتبووە ژێر تەوژمی رۆحی و سۆزدارییەوە.

سودگەرایی لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمایەکی ئەخلاقی بنیاتنراوە، ئەوەی کە چێژی باشە. بەهێزترین بەڵگە و ئارگیومێنتی فەلسەفیی دژی ئەخلاق، سەدەیەک پێشتر لەلایەن «هیوم»ەوە خرابووە بەردەست. «لە هەر سیستمێکی ئەخلاقیدا دانەرەکەی بۆ ماوەیەک پشت بە میتۆدی باوی عەقڵ دەبەستێ و بوونی خودایەک دەسەلمێنێت، یان خۆی بە پرسگەلی مرۆییەوە سەرقاڵ دەکات، دواتر لە پڕدا هەستدەکەی کە ئیدی جگە لە جووتەگوزارە (شرۆڤە)ی بوون و نەبوون، گوزارەیەک نابینی کە »دەبێ یان نابێ»ی لێ نەکەوێتەوە. گۆڕانکارییەکە بەخشکەیە، بەڵام دوا ئەنجامی لێدەکەوێتەوە.» هیوم وێڕای رەخنەگرتن و لەقاودانی ئەم دوابەڵگاندنە بۆی دەردەکەوێ» جیاوازیی نێوان کەسیی و ناکەسیی نە تەنیا گرێدراوی پەیوەندییەکی ژیرانەیە و نە تەنیا لە رێگای عەقڵەوە دەردەکەوێت» ئەخلاق تەنیا بابەتێکی ئیحساسی و باوەڕدارانەیە، بەدەرە لە بیرکردنەوەی فەلسەفی. هەر فەلسەفەیەک کە لەسەر بنەمای ئەخلاقیات، وەک سودگەرایی، بێ، دەبێ جوابێک بۆ ئەو بەڵگەیەی هیوم بدۆزێتەوە.

هەر لە سەرەتاوە دیارە کە سودگەراییی میل لەرووی بەڵگەوە، قوڵ و ژیرانەیە. «تەنیا بەڵگەیەک کە بۆ بەرهەستبوونی شتێک پێویستە، ئەوەیە کە خەڵک بۆ خۆیان ئەو شتە ببینن. تاکە بەڵگە بۆ بیستنی دەنگێک، ئەوەیە کە خەڵک دەنگەکە ببیستن. سەرچاوەکانی تری ئەزموونی ئێمەش هەروان. بۆیە پێموایە، تەنیا بەڵگەی کەڵکمەندیی شتێک، ئەوەیە کەوا خواستی خەڵکی لەسەر بێت»، پاشان بە لێزانییەکی تەواو زەلاڵ و شەفافەوە، دێتەسەر ئەوە کە »خواستن و بەردڵکەوتنی شتێک، رق و لێبوونی بە ئازاردەرزانینی، کۆمەڵێک دیاردەی لێک جوێنەکراوەن، یاخۆ دەکرێت بڵێین بەشەکانی دیاردەیەکن... داواکردنی شتێک لەرووی سروشتی و تیۆرییەوە

ئەستەمە، ئەگەر بەدڵ پێمان خۆش نەبێت».

میل ئاگاداری بەڵگەکەی هیومە و دەیەوێت لێی دەرباز بێت. ئەو لە بەڵگاندنەکەیدا جێ بۆ هیچ «دەبێ»یەک ناکاتەوە کە پێشان تەنیا «هەیە»ی تێدا بووە. لە باتی ئەوە راستییەکی رۆحی دەخاتە بەرچاو. لێرەدا جێی خۆیەتی کە کاکڵەی پرەنسیپگەلی سودگەرایانەی بێنتام کە هێشتا میل پابەند بوو پێیان، وەک خۆیان بنوسینەوە: «سروشت مرۆڤی خستوەتە ژێر دەسەڵاتی دوو سەروەری دەرد و چێژەوە. تەنیا ئەمانەن کە پێمان دەڵێن، دەبێ چ بکەین، هەروەها ئەوەش دیاریدەکەن کە لە داهاتودا چ دەکەین... پێوەری راست و ناڕاست گرێدراوی باڵادەستیی هەر یەک لەمانەیە. ئەمان بەسەر تێکڕای بیر و کردارماندا زاڵن. هەر بزاوێک کە بۆ داماڵینی کۆت و بەندی دەست و پێمان دەیدەین، یەکسەر دەگەڕێتەوە بۆ سەلماندن و پشتڕاستکردنەوەی... بنەمای سودگەرایی. میل ئەمە دەسەلمێنێ و دەڵێت: «من سوود، لە هەر پرسێکی ئەخلافیدا، بە یەکلاکەرەوە دەزانم».

هەر لە سەرەتاوە رووی دەمی هیوم لە بەڵگاندنی سودگەرایە. بنەمای سود بێگومان خەتابارە:» ئەوەی دەمانەوێ ئەنجامی بدەین چێژە، چێژە کە دەبێ ئەنجامی بدەین.» هەنگاوی دواتریش خەتابارە: دابینکردنی ئەوپەڕی رەزامەندی لە «دابینکردنی زۆرترین چێژ بۆ زۆرینەی خەڵک»ە. بەم پێیە دەبێ بەدوای «دابینکردنی ئەوپەڕی چێژ بۆ زۆرینەی خەڵک»ەوە بین. بەو حاڵەش میل و بێنتام هەردووکیان لەو باوەڕەدابوون کە لەرێی راستییەکی دەروونناسییەوە، وەڵامی بەڵگاندنە فەلسەفییە رووتەکەی هیومیان داوەتەوە. بەپێی ئەم هەیە دەجووڵێنەوە و بەم شێوەیە دەبێ بجووڵێنەوە. راستییە دەرونییەکە نەک هەر بوو بە ئەرکێکی ئەخلاقی، بەڵکو ئەم دووە(هەیە و دەبێ) مەحاڵ بوو دابەشبکرێن.

بەڵگاندنی سودگەرایانە لە ڕوانگەی ئێمەوە لە سەدەی بیستویەکدا بەڵگەنەویستە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئێمە لە سەردەمی سودگەراییدا دەژین. بەڵگاندنەکەی بێنثام و پەرەپێدانی لەلایەن میلەوە، تا دەهاث لایەنگری زۆرتری بۆ پەیدا دەبوو، تاکو ئەوپەڕی چێژی بۆ زۆرینەی خەڵک دابینکرد. لە سەدەی بیستەمدا هەوڵدەدرا حاشا لەوە بکرێث، کەوا ئەم پرەنسیپە کارەساتی لێکەوتووەتەوە. تەنانەث لەو چەند حاڵەتە دەگمەنەشدا کەوا لەم پێناوەدا هەوڵیاندا، خەثابارەکان ناچار بوون وابنوێنن کە هەر بەپێی ئەو پرەنسیپە جووڵاونەتەوە. کۆمۆنیزم لە ثیۆریدا لایەنگری ئەمە بوو، هەروەک چۆن لە لافیتەگەلی مەزنی گەورەتر لە قەبارەی سروشتیی خۆی پرۆپاگەندەی بۆ دەکرا، ئەم پێیوابوو، هەلی دابینکردنی ئەوپەڕی رەزامەندیی هەمووان لە داهاتودا دەڕەخسێث. فاشیزم لە ثیۆریدا پشتی بە فۆرمێکی سنورداری رەگەزپەرەستانەی سودگەرایی بەست: رەزامەندیی نەژادی بەرزتری جیهانگیر بوو. ئەمانە هەردووکیان (کۆمۆنیزم و فاشیزم) کۆپی و لاساییکردنەوەی بنەمای لیبراڵی میل بوون.

سودگەراییی لیبراڵ، بەو شێوەیە کەوا میل دایڕشث، لە هەر کۆمەڵگەیەکدا لەگەڵ کرانەوەی فەزا و زیاتربوونی ئازادی برەوی زۆرتری پەیدا دەکرد، بە چەشنێک کە بنەمای سوود ئێستاکە بووەتە بنەمایەکی دەستوری لە سەرجەم مۆدێلی دیموکراسیگەلی ئازادی رۆژئـاوادا. هیچ کاربەدەستێک تەنانەث بیر لە دژایەتیکردنیشی ناکاتەوە. تەنانەث تەئکیدیش لەسەر چەسپاندنی پتری ئەم پرەنسیپە، لەژێر ناوی چاکەی گشتیدا دەکرێتەوە و مەبەسث لێشی چێژ و رەزامەندیی ئایندەیە.

بەڵام هەر بەراسث ئەم چێژە چییە؟ چی دەبێتە هۆی رەزامەندیی

ئێمە؟ میل لە سەرەتاوە دەیزانی کە کێشەکە هەر ئەمەیە. میل زانی کە «سودمەندی» یان چێژ بەگوێرەی پرەنسیپەکەی بێنتام زۆر بەرتەسک و داخراوە. بێنتام ئاوا سوودی پێناسە کردبوو: »سود بریتیە لەو کوالێتییەی کە لە هەر شتێکدایە و سودێک، ئیمتیازێک، چێژێک، چاکەیەک، یان سەروەرییەک یان... لێ شین دەبێ و دەبێتە کۆسپ لەبەردەم چارەڕەشی، رەنج، خراپە، یان نارەزامەندییەکدا». ئەمە رەنگە زۆر گشتی بنوێنێ، بەڵام کاتێکە ئەم حیسابی چێژەی ناوبراو، پراکتیزە دەکرا، زۆر سەیر سادە و سەرەتایی دەنواند. حیساب دەکرا چەندایەتیی پێی لێک بدرێتەوە، بەڵام بۆ پێوانی لایەنی چۆنایەتی کۆڵەوار بوو، بەکردەکیش وا دەرچوو. سوودەکەی بێنتام تاکو رادەیەکی زۆر تەنیا لە نزمترین ئاستی چێژگەرایانەدایە.

لە لایەکی دیکەوە، پێناسەکەی میل چەمکی چۆنایەتی و پێشکەوتن لەبەرچاو دەگرێت: » دەبێ بەپێی بەرینترین پێناسە، سود ببێتە بنەمای خێر و بەرژەوەندیی بەردەوامی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی پێشکەوتوو». خاڵێک کە لە هەناوی ئەم بۆچوونە لەمەڕ رەزامەندیدا، خۆی حەشار داوە بریتییە لە ئێرمی باشترکردنی کاروبار. میل لێرەدا هاودەنگە لەگەڵ نوێترین ئەندێشەی سەردەمی خۆیدا. رێک دوو ساڵ پێش بڵاوکردنەوەی سوودگەرایی، داروین کتێبی «بنەمای جۆرەکان»ی بڵاو کردبووەوە. بۆچوونەکانی میل لە مەڕ پێشکەوتن لەگەڵ پرسی تەکامولدا ناکۆک نەبوو، بەڵام زۆر بەتوندی لە ڕوانگەی «هەیە دەبێ»ی هیومدا تێکدەگیرا. (پێشکەوتن بۆ کۆمەڵگە قازانجی هەیە، ئێمە دەبێ بۆ پێشکەوتن تێ بکۆشین)، ئەمەش لە پراتیکدا بێ عەیب دیار بوو. وا دەرناکەوێ کە کێشەیەکی هەبێ، چەمکی پێشکەوتنی مرۆڤ، وەک چێژ، بە تەواوەتی قبوڵدەکرا. ئەمەش لە چەرخی سودگەرای

ئێمەدا وەک دەستور سەیر دەکرێ. (تەنانەت حزبە کۆنسێرڤاتیڤەکانیش پێیان باشە بە بیانووی لایەنگری لە پێشکەوتن چاپۆشی لەپێناسەکەی خۆیان بکەن).

میل دووپاتی دەکاتەوە کە بایەخی هەموو چێژەکان وەک یەک نییە. رەزامەندیی راستەقینە بەرهەمی چێژی بەرزتری «کامڵبوونی رۆحی»یە. کاتێک بەکردەکی سەرکەوتوتر دەبین کە ناڕاستەوخۆ مەبەستمان گەیشتنە بە رەزامەندی بێ. ناوبراو لەسەر کاریگەریی هەقیقەت و جوانی پێ دادەگرێت. ئەمانە پێویستیان بە پەروەردەکردن و هەستەوەرییە. زانایی و هەروەها ئەزموون دەبنە هۆی تێگەیشتنی قوڵتر لە رەزامەندی. بەم پێیە سودگەرایی میل دەکەوێتە سەرووی تاوتوێکردنی چێژخوازی کە لە نزمترین ئاستدایە، بەڵام ئەمە زۆر زیاتر لە تایبەتمەندیی بژاردە سالاریی دەگرێتەوە. تەنانەت بێنتامی حیسابکەر بوو، دانی بەوەدا نابوو کە هەندێک جار مرۆڤ دەتوانێت بە کارێکی زۆر سادە وەک گوێدان بە سەمفۆنیایەکی قووڵ، چێژێکی زۆر وەربگرێت. «با واز لە دەمارگرژی بێنین، یاریی هەقلی مەقۆ بە قەدەر زانست و هونەری شیعر و مۆسیقا بەبایەخە». لێرەدا وادیارە حیسابی چێژەکەی ناوبراو لەرووی دەروونناسییەوە گونجاو بوو.

بەو حاڵەش میل ئاگاداری ئەم بابەتە بوو، تەنانەت کەڵکی لێوەرگرت و ریشەیەکی لیبراڵی لە سودگەرایی زیاد کرد. بایەخی چێژ لەوەدایە کە ژیانی خەڵک خۆشتر دەکات، لە هەمانکاتدا بایەخدان بە خەڵک دەبێ، لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیدا بێت. نابێ بە زۆرەملێ بێت. رەزامەندی کاتێک لە کۆمەڵگەدا زیاتر برەو پەیدا دەکات کە هەرکەسێک ئازاد بێت لەوەی بەدوای رەزامەندیی خۆیدا بگەڕێت. تاکە مەرجی پێویستیش بۆ

ئەمە، ئەوەیە کەوا ئەم بۆچوونە تایبەتانە لەمەڕ ڕەزامەندی، سنوری یەکتر یان هی چاکەی گشتی نەبەزێنن. باسکردنی ئەم چەشنە سەرپشک کردنە لە لیبراڵیزمدا بەسەر ئەو بەڵگەهێنانەوە زۆر دووپاتکراوەیەی دژی «دابینکردنی ئەوپەڕی ڕەزامەندی بۆ زۆرینەی خەڵک» سەردەکەوێت. ئەم بەڵگەهێنانەوەیە، بەروونی و دواجار، سودگەرایی بە ئاراستەیەکدا دەبرد کە دژی لەسێدارەدان لە پێشچاوی خەڵک دەگرت. لەهەر بارێکەوە لێی بڕوانین، چێژی سادیستی زۆرینە، بێگومان لەسەرو چارەڕەشی تاکەوە دانرابوو. لەم خوێندنەوە دەستوەرنەدەرانەیەی میلدا بۆ سودگەرایی، ئیدی تاک نەدەبووە قوربانی چێژی سادیستییانەی زۆرینە.

شرۆڤەی لیبراڵی میل بۆ ڕەزامەندی هەرکەس بە گوێرەی سەلیقەی خۆی، چەند شێوازێکی دیکەی لە حیسابکردنی ڕەزامەندی و پێوانی گشتییدا دروستکرد. ئێستا کاتی ئەوەیە ڕەزامەندی شرۆڤە بکرێت و بوار بدرێت بە هەموو چەشنە لێکدانەوە و بۆچوونێک لەسەری. لە لایەکی دیکەوە دەکرێت بڵێین لە کەشێکی وادا ئیدی پێوانی ئاستی ڕەزامەندیی تاک نە دەستدەدات و نە پێویستیشە. چۆن دەکرێت ئەوپەڕی ڕەزامەندیی زۆرینەی خەڵک مەزندە بکەین؟ بێگومان دەبێ پشت بە پێوەرێکی ئەزمونیی باو ببەستین، ئەویش ڕێککەوتنی گشتییە.

ئەمە لەگەڵ لۆژیکی میل دێتەوە و ئەزمونگەرایی، لیبراڵیزم و سودگەراییەکەی تەبا دەکات. کاتێک هەرکەسێک ئازادە کەوا بەپێی حەز و سەلیقەی خۆی بەدوای ڕەزامەندیدا بگەڕێت، ئیدی دۆزینەوە و گەیشتن بە ڕەزامەندی دەبێتە بابەتێکی ئەزموونی و تەجرەبەیی. هەرچەشنە پێوان و هەڵسەنگاندنێکی ڕەزامەندی گشتیش لەمە بەدەر نابێت. هیچ وێناو چەمکێکی پێش وەخت یان باڵا، لە گۆڕێدا نابێ و پێوانەی تەجرەبیی

ڕەزامەندیی گشتیش لێکچوونێکی بەرچاوی لەگەڵ ئەنجامگیریی »ئیلقائی، پێوانەیی»دا دەبێت. ئەمەش بۆ خۆی هەڵهەڵگرە، بەڵام دووپاتبوونەوە، کاربڕی و ڕاستبوونەکەی بەهێز دەکات. بە قسەی میل «تەنیا بەڵگەیەک کە دەکرێت بۆ شایانی ویستن بوونی شتێک بخرێتە بەرچاو، ئەوەیە کە خەڵک بە کردەکی ئەو شتەیان بوێت.» ئەمە ڕەنگە وا دەرکەوێت کە لە بازنەیەکدا دەخولێتەوە، دورە، بەڵام جارێکی دیکەش وادێتەوە بەرچاو کە لایەنی دەروونناسییەکەی، بەسەر بۆچوونی «هەیە دەبێ»ی هیومدا بازدەدات. هەروەک میل لە درێژەی قسەکانیدا تەئکید دەکاتەوە کە «ئەگەر ئەو ئامانجەی ڕێبازی سودگەرایی بۆ خۆی دیاریدەکات، لە تیۆری و پراکتیکدا کرابایەتە ئامانج و قبوڵ نەکرابایە، هیچ شتێک نەیدەتوانی کەسێک ڕازی بکات کە وایە».

بەڵام ئایا ئەمە تێکڕای وێنەکەیە؟ بێگومان هەندێک جار دەکرێت بەدوای شتێکی لە چێژ بەدەربین. دەکرێت پابەندی مرۆڤدۆستی و ئەرکناسی بین. میل دان بەوەدا دەنێت کە دەکرێت بە پێچەوانەی ویستە کاتییەکان بجووڵیینەوە، «بەڵام ئەنجامدانی کاری درووست»یش چێژو ڕەزامەندیی لێ دەکەوێتەوە وەک بەخۆنازین، چێژ وەرگرتن لە سەنگ و قیمەتی خۆت لەناو کۆمەڵگەدا و هتد... بەم شێوەیە پەروەردەکردنی فەزیلەت دەکرێت ڕەزامەندیی تاک و کۆمەڵگەی بەدواوە بێت. بەم شێوەیە شارەزاییەکی قوڵتر لەمەڕ ڕەزامەندی پەیدا دەکەین کە زیاتر لە «کەماڵی ڕۆحی» نزیکمان دەکاتەوە.

پێداگریی میل لەسەر گەڕانی تاک بەدوای ڕەزامەندیی خۆیدا وا دەکات کە تاک خۆی بەشێوەیەکی سودمەند و گشت بینانە پەروەردە بکات. بەمجۆرە دەتوانێ کامڵ ببێ و پەی بە تێکڕای تواناکانی خۆی بەرێت.

ئەمەش هەر بۆ خۆی تۆزێک گەشبینانەیە. بێگومان خوێندنەوەکەی میل بواری بۆ ئەم خۆشبینیە خۆش کردووە، بەڵام ئەوەی کە ئاخۆ وا دەبێ یان نا، بابەتێکی دیکەیە. دەروونناسی ئێمە ئەگەر هەلی بۆ بڕەخسێت، هەمیشە بەرەو خۆشی و رووناکیمان نابات. هێندەی تەمەنی نەوەیەکی دیکە کاتی دەویست تاکو فرۆید ئەو دەورە سەرەکییە شرۆڤە بکات کە دەرونپەژاری، نەست، پاڵنەرە خۆ وێرانکەرەکان لە ژیانی تایبەتی ئێمەدا دەیگێڕن. لە لایەکی دیکەوە، لیبراڵیزمی میل رێی لە دەسوەردانی باوک سالارانە لە ژیانی کەسانی تردا دەگرت بەو بیانوەی کە گوایا زۆربەی خەڵک مەسڵەحەتی خۆیان نازانن. لە سەردەمی میلدا، تەنانەت رۆشنگەرانەترین هەوڵەکان بۆ چاککردنی باری کۆمەڵایەتی زۆرتر هەر لە ئەم بنەما باوک سالارانەیەوە سەرچاوەیان دەگرت کە کەسانی ئاقڵ و ژیر باشتر دەزانن. بێگومان بێنتام و باوکی میلیش هەروا بیریان دەکردەوە. رەنگە جۆرە باوەڕێکیان بە ئازادی و دەسەڵات هەبوو بێت، بەڵام دواتر دەردەکەوت کە باوەڕێکی یەکجار ئایدیال و تیۆریکە و بابەتیانە نییە. جارێکی دیکە ئەزمونی راستەوخۆ، دەسکەوتی بۆ میل هەبوو. هەر تاکێک مافی خۆیەتی لە ئازادییەکەی کەڵک وەربگرێت و بۆ خۆشی شرۆڤەی ئەو ئازادییە بکات.

بەم پێیە جێ سەیر نییە کە لەم سەردەمەدا میل کاریگەرترین کتێبی لەمەڕ فەلسەفەی سیاسی، واتا « لەبارەی ئازادییەوە» بڵاوکردەوە. میل لە پێشەکییەکەیدا دەڵێت کە لەسەر پرسی فەلسەفیی ئیرادەی ئازاد یان جەبر و ئیختیار ناڕوا، بەڵکو بایەخی داوە بە «ناوەڕۆک و چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتەی کە کۆمەڵگە دەتوانێت بە شێوەیەکی یاسایی بەسەر تاکدا پراکتیزەی بکات». لە درێژەدا دەڵێت: «ململانێ لە نێوان ئازادی و ئۆتۆریتەدا زەقترین تایبەتمەندیی چەند بەشێکی مێژووە، کە هەر لە

کۆنەوە دەیناسین»، هەروەها دەیسەلمێنێت کە ئەمە هێشتا سەرەکیترین تایبەتمەندیی دنیای ئەمڕۆیە ـ هەرچەند زیاتر لە ئەوروپا وا بووە تاکو لە بەریتانیا کە «لە سۆنگەی بارودۆخی تایبەتی مێژووی سیاسیی ئێمەوە... کێشەیەکی زۆر لەسەر دەستوەردانی راستەوخۆی دەسەڵاتی یاسادانان یان جێبەجێکردن لە کایەی تایبەتدا بەدی دەکرێت». ئەمەش «لەبەر رێزگرتن لە سەربەخۆییی تاک نییە، بەڵکو زیاتر لەبەر ئەو نەریتەیە کە ئێستاش هەر ماوە و وەک بابەتێکی جیا لە خەڵک، سەیری حکوومەت دەکات.» لەم سۆنگەیەوە «زۆربەی خەڵک هێشتا لەسەر ئەوە رانەهاتوون کە دەسەڵاتی حکومەت بە دەسەڵاتی خۆیان، یان بۆچوونەکانی بە بۆچوونی خۆیان بزانن.»

میل پێیوایە کە تەنیا «پرەنسیپێکی زۆر سادە» هەیە کە دەبێ «بەسەر پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگە و تاکدا، لەڕووی کۆنترۆڵ و ناچارییەوە، زاڵ بێ.» و ئەوەش ئەوەیە کە «تەنیا ئامانجێک کە مرۆڤ بۆی هەیە، چ تاک یان بە گروپ، رێی لە ئازادژیانی تاکێک بگرێت، پاراستنی خودە». ئەوەی کە «دەڵێین مرۆڤگەل دەبێ بۆ دابینکردنی ئاسایشی ژینگەکەمان واتە زەوی کۆوەبن»، تاکە قسەیەکی رەوایە، هەرچەندە ئەوەشی زیاد کردوە کە کۆمەڵگە دەبێ «پێداویستیگەلی خۆشبژی» بۆ هاوڵاتیانی دابین بکات. میل بەدوای دەوڵەتێکی سودگەرای ئایدیالەوە بوو. ئەمەش زۆر لە سەرووی یۆتۆپیاوەیە، هەروەها لێکچوونێکی رێژەییی زۆر زیاتری لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەمڕۆ لە زۆربەی بەشگەلی جیهانی ئازادا هەیە (هەرچەند بە تەواوی پێشبینیی ئەوەشی تێدا نەکراوە، کە وەها کۆمەڵگەیەک چ گرفتێک دەنێتەوە).

دەوڵەتە سودگەراکەی میل بوارێکی کۆمەڵایەتی و ئابوری وا پێکدێنێ کە تێیدا هەر تاکێک بتوانێت بەپێی خواست و بۆچوونی خۆی بژیت. بەم شێوە تاک دەتوانێت وەک مرۆڤێک سەرجەم تواناکانی خۆی بخاتەگەڕ. لێرەشدا پێ لەسەر خۆپێگەیاندنی پێشکەوتنخوازانە، پەروەردەکردنی بەهاکان، هەروەها بەدواداچوونی ئامانجگەلێک دادەگیرێ کەوا لە تاک دەکەن بتوانێت کەسایەتی خۆی بڕسکێنێ. (وەک دەیبینین میل باوەڕی بە هەڵاواردنی رەگەزی نەبو، کۆمەڵگەی سودگەرا بۆ دابینکردنی رەزامەندیی هەموو هاوڵاتیانی تێدەکۆشێت).

بەم شێوەیە ئازادی لەسەر ئایدیاگەلی سودگەرا بنیات نراوە. هاوڵاتی و دەوڵەت بەپێی «گرێبەستی کۆمەڵایەتی» کۆ نابنەوە تاکو لەو سۆنگەیەوە چاو لە هەندێک لە مافگەلی تاکەکەسیی خۆیان بپۆشن بۆ ئەوەی بگەنە مافە کۆمەڵایەتییەکانیان. بەپێی گرێبەستی کۆمەڵایەتی پێویستە واز لە هەندێک لە ئازادییەکان بهێنرێت، لە کاتێکدا کە ئایدیالی سودگەرا پێویستی بە پەروەردەکردنی تایبەت و تاکەسی ئەو مافانەیە. ئازادی و سودگەرایی هەر لە سەرەتاوە لێک گرێدراون. ڕوانگەی بێنتام لەمەڕ ئازادی تەنیا لەرووی تیۆریکەوە نەبوو. باوەڕی بە ئازادیی تاک وای لێکردبوو، کەوا پێشنیار بکات یاسای قەدەغەکردنی هاوڕەگەزبازی هەڵبوەشێنرێتەوە. سەختە بتوانرێت ئەم خواستەی نێوان دوو کەس پەیوەندی بدرێتەوە بە تەندروستی خۆیان یان کەسێکی دیکەوە. بۆچوونێکی پێشکەوتووانەی وەها لە سەردەمێکدا کە « نێربازەکان» لە سێدارە دەدران، نەدەکرا بە ئاشکرا بانگەشەی بۆ بکرێت. ڕای بێنتام لەمەڕ هاوڕەگەزبازی، بەتایبەت بۆ کەسێکی بەرزەمژی وەک ئەو لە بیرمەندێکی گەورەدا، کە قەت ئەزموونی سێکسی نەبوو. ئەو بۆخچەیەک بوو هەر نەکرایەوە، ئەمەش زۆر شت لەمەڕ کاریگەریی

ئازادکەری سودگەرایيەکەی ناوبراو دەردەخـات. هەروەک میل بۆ خۆی بە زمانێکی پاک و گشتی کە ڕەنگە ئیدی لە ڕەبەنێکی هەتایی وەک ناوبراو هەر چاوەڕوان دەکرا. وتی:« هەروەک چۆن پێویستە لە سەردەمی نەڕسکانی مرۆڤایەتیدا بیروباوەڕی جۆراوجۆر هەبن، پێویستە شێوەگەلی جۆراوجۆری ژیانیش تاقی بکرێنەوە». (لەراستیدا لە کۆمەڵگەی سوودگەرای ئێستادا ئەوە خودی داوێنپاکی و خۆپاراستنە کە وەک «ئەزمونی ژیانێکی» نامۆ لە قەڵەمدەدرێت)، بەڵام دواقسە لەمەڕ ئەم چەشنە پارادۆکسانە دەبێ قسەی میل بێت. « ئازادیی تەواوی ڕەتکردنەوە و ئینکاری بیروباوەڕ، ڕاست ئەو رەوشەیە کە مافی ئەوەمان پێدەدات تاکو بزانین بیروباوەڕەکەمان لەپراتیکدا چەندە سەرکەوتووە، بە هیچ شێوەیەکی تر بوونەوەرێکی خاوەن تواناگەلی مرۆڤانی، ناتوانێت لە بەرهەقبوونی خۆی بەشێوەی عەقڵانی خاترجەم بێت».

وا چاکە ئـەوەش وەبیر بێنینەوە کە هەر ئەو نادادپەروەرییە کۆمەڵایەتیانە بوونە سەرچاوەی ئیلهام بۆ میل تاکو ئەم رستانە بنوسێت، هاوکات بوونە ئیلهام بۆ مارکسیش تاکو «کاپیتاڵ» بنوسێت. زۆر کەس یاخیبوونە شۆڕشگێڕانەکەی مارکسیان بـەلاوە لە بۆچوونە بـەرز و شکۆمەندەکانی میل بۆ وەڵامدانەوە بەو هەژارییە تاقەت پڕووکێن و کەلاوەنشینیەی بەریتانیای سەردەمی ڤیکتۆریا پێ باشتر بوو، بەڵام بەو حاڵەش سەیر لەوەدایە کە ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ئەوە هەر بۆچوونەکانی میلن کە لە گوێماندا دەزرینگێنەوە. بۆچوونەکانی کە ئەوکات بەرواڵەت بێ بڕشت بوون، کۆمەڵگەی رۆژئاوایان گەیاندە باری ئێستای و ئەو وڵاتانەی کە تازە لە مۆتەکەی مارکسیزم رزگار بوون، وردە وردە دەخەنە ژێر کاریگەریی خۆیانەوە.

بەڵام ئایا بەراستێ قسەکانی میل ئەوەندە ناکاریگەر بوون؟ لەرووی تیۆرییەوە لانیکەم ئامۆژگارییەکانی میل راستێ هەر هێندەی رێنوێنییەکانی مارکس دەیانتوانی کار بکەنە سەر رەوشی خراپ و شێواوی کۆمەڵایەتی سەردەمەکەی. میل داکۆکیی لە ئازادیی دابینکردنی خواستەکانی تاک دەکرد: مەبەستەکە ئەوە بوو کە بەهرە و وزەی تاک و تەواو ئازاد بکرێن و ئەو هەلە بۆ هەمووان بڕەخسێت تاکو پەی بە بەهرەکانیان بەرن. ئازادی بواری بۆ داهێنان و گەشەی داهێنەرانەی بەهرەکان دەکردەوە، بۆیە لە ئەنجامدا دەمانتوانی لەرووی ئەخلاقی، رۆحی و فیکرییەوە گەشە بکەین. ئەو کاتە کۆمەڵگەیەکی باشتر دروستێ دەبوو کە تێیدا دەکرا بە سەر لایەنە ناشیرین و خراپانەدا کە مارکسیان وا تووڕەکردبوو، بەبێ تێکدان و ئاژاوەی توندی شۆڕشگێڕانە، سەرکەوین. جارێکی دیکە وادیارە بوو کە پێشنیارەکانی میل بۆ چارەسەری ئەو کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییانەی کەوا بەریتانیای سەردەمی ڤیکتۆریا بەدەستیانەوە دەیناڵاند، ئەوەندە بەکەڵک و کاریگەر نەبووبێتن، لە هەمانکاتدا رەنگە ئەوە بیسەلمێنن کەوا کۆمەڵگەی رۆژئاوا لە ماوەی (150) ساڵی دوای میلدا بە وردی چەندە پێشکەوتووە. کاریگەریی ئازادکەرانەی ئەم جۆرە بۆچوونانە لە سەرەتادا زۆر لە سەرەخۆ بوو، بەڵام لە ماوەی نێو سەدەی دواتردا بەشێوەیەکی بەرچاو خێرا بوون و سەرکەوتنیان وەدەستێ هێناوە. «دۆڵەکانی سیلیکۆن» کە ئەمرۆ کە لە هەموو جیهانی رۆژئاوادا دەبینرێت، نموونەی پڕ بە پێستی وەدیهاتنی ئەو تاکەیە کە میل مەبەستی بوو، ئەمەش چونکە پەیوەندیی بە توانای تایبەتی و کارو تێکۆشانەوە هەیە، بێگومان بەسەر کۆسپەکانی کاتەکییەکاندا زاڵ دەبن.

دەمێنێتەوە سەر شێلگیربوون لەسەر سودگەرایی لیبراڵی میل. چاکەی

گشتی: دابینکردنی ئەوپەڕی ڕەزامەندیی زۆرینەی خەڵک چۆن حیساب دەکەین؟ جارێ وەڵامەکە ئەزموونییە. تێگەیشتن و ئەزموونی باو ڕێنیشاندەر دەبێ، بەڵام تەنانەت ئەمەش بێکێشە نییە. ئەوەی کە هەر تاکێک ئازادانە بە دوای دابینکردنی ڕەزامەندیی خۆیدا بگەڕێت، هەر بۆ خۆی ڕەزامەندیی جۆراوجۆری لێ دەکەوێتەوە، کە میلیش بۆخۆی تەواو لەمە ئاگادار بوو، بەڵام ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە لەرووی لۆژیکییەوە ناکرێت ڕەزامەندی لە ئاستی کۆمەڵگەدا بپێورێت. هەرچەشنە ڕێنوێنی و ئامۆژگارییەک لەمەڕ ڕەزامەندیی گشتی، چۆن دەکرێت بڵێت دەزانێ ڕەزامەندیی گشتی کامەیە لە کاتێکدا هەرکەس بەشێوەی تایبەتی خۆی ڕەزامەندی پێناسە دەکات؟ ئایا پێناسە فەردییەکانی ئێمە بۆ ڕەزامەندی، بەکردەکی پەیوەندییان بە پێناسەی ڕەزامەندییەوە لە ئاستی کۆمەڵگەدا هەیە؟ بەپێی بەڵگەهێنانەوەی فەلسەفی لێرەدا وەڵامەکە ڕەنگە نێگەتیڤ بێت. بەڵگەیەکی لۆژیکیی وامان بەدەستەوە نییە تاکو بیسەلمێنین کە بۆچوونگەلی فەردی لەمەڕ ڕەزامەندی هاوبەشن، بەڵام سودگەراکان دێنە جواب و دەڵێن کە ئەمە بە قەدەر بەڵگەهێنانەوە فەلسەفییەکانی هیوم دوورە لە بابەتەکەوە. ئێمە وەک مرۆڤ خاوەن تایبەتمەندیگەلی هاوبەشی مرۆڤانین و ئەمەش ئەوەندە گشتگیرە کە دەتوانێ بوار بۆ پێکهێنانی ڕێککەوتنێکی فراوان خۆش بکات.

ئەمە لەو بەڵگەهێنانەوانەیە کە دەڵێت: «دەزانی کە مانای هەیە». بەکردەیش لیبراڵیزمی دیموکراتیکی مۆدێرن کە تا سەر ئێسقان بۆ خۆی سودگەرایە ـ لەراستیدا هەر ئەمە دەکات. ئابوریناسان فاکتەرێکی گشتیی «هەستی خۆش» دەپێون کە زیاتر لەسەر بنەمای نرخ و بڕی تێچووی بەکارهێنەرە، بەڵام دواجار ئەوە هەر ئابورییە کە خەریکە بەپێی پێوەرەکانی خۆی، بۆ مەبەستەکانی و بۆ خێر و قازانجی خۆی دەپێوێ (لێکی

دەداتەوە). نیشانەیەک لە ڕەزامەندیی گشتی لە کۆمەڵگەدا دەردەخات، بەڵام بەختەوەریی پراتیکی ناپێوێت. ئەمەش بابەتێکی ترە، بێگومان یەکسان نییە بەو پارەیەی کە ئێمە خەرجی دەکەین: پەیوەندییەکی زەرووری لە نێوان ئەم دووانەدا نییە. بەو حاڵەش وادیارە کە بۆ ئێستا باشترین کارە کە دەبێ بکرێت. لەو سۆنگەیەوە کە هەنووکە کۆمەڵگەی ئێمە لەژێر دەسەڵاتی هۆکارە ئابورییەکاندایە، نابێت سەرمان لەوە سوڕبمێنێ کە بوترێت ئەم هۆکارانە دەرخەری ئەوەن کە ئێمە چۆنین و بارودۆخەکە چۆنە. لەراستیدا بۆ شتێکی زۆر وەک پێوانەی چێژی بێنتام و سندرومی کەمترین ئاستی دەگەڕێینەوە.

پێشوازی لە بەرهەمە چاپکراوەکانی میل، وایکرد کە تا دەهات ناوبراو زیاتر دەبووە جێ سەرنجی خەڵک. بوو بە کەسایەتییەکی جێگای ڕێز و توانیی بۆ پێشڤەبردنی هەندێک پرسی ڕۆژ کەڵکی باش لە ناوبانگ و بڕشتی خۆی وەربگرێت. کاتێک لە ساڵی (1861)دا شەڕی ناوخۆی ئەمریکا سەریهەڵدا، بە لایەنگری لە باکور هەڵایەکی نایەوە. ئەو پێیوابوو کێشەی سەرەکی کۆیلایەتی بوو، کە لە چەمکی سودگەراییدا ئاماژەی پێ نەکرابوو. (میل بە گەنجی بەتوندی داکۆکیی لە پرۆژەی «ویلیام ویلبرفۆرس» کردبوو کە پرۆژەیەکی دژی کۆیلایەتی بوو و (30) ساڵ پێشتر لە لایەن پارلەمانەوە پەسەند کرا بوو).

لە ساڵی (1865)دا میلیان هان دا کە خۆی بۆ ئەندامەتی ئەنجومەنی نوێنەران کاندید بکات، بەڵام ئەو بە لایەنگرانی خۆی لە پارتی لیبراڵی وت کە ئەو، کارەکە تەنیا بەشێوەی تا ڕادەیـەک ناباوی خۆی دەکات. لە ماوەی هەڵبژاردنەکەدا هیچ پرۆپاگەندەیەکی نەکرد و ڕێگاشی نەدا کەسێک بۆ پرۆپاگەندەکردن بۆی پارە خەرج بکات. لە سەرەتاوە تەنانەت

له وتاردان و پەیوەندیکردن بە دەنگدەرانەوە خۆی بەدور گرت. بەپێی بنەما لیبراڵە سوودگەراکانی، دەیویست ڕێگا بدات کە دەنگدەران بۆ خۆیان لەم بارەیەوە بڕیار بدەن. لە ئەنجامدا لەم دوورگرتنە کەم وێنە سیاسیانەیە پاشگەزیان کردەوە و تەنیا وتارێکی پێشکەشکرد. دوای وتارەکەی وەڵامی ئەو پرسیارانەی دایەوە کە گوێگرەکان لێیانکرد. هەندێک لە پرسیارەکان بە مەبەستەوە کران ـ بەو حاڵەش ناوبراو بە راستگۆییەکی دڵڕفێن وەڵامیدایەوە. پرسیارێکیان لێکرد کە ئایا تۆ وتووتە کە چینی کرێکاری بەریتانیا، هەرچەند شەرم لە درۆکردن دەکات لەگەڵ توێژی کرێکاری ژمارەیەک لە وڵاتانی دیکە جیاوازە، هێشتاش «بەگشتی درۆ دەکات؟» میل بێ ئەملاو ئەولا وەڵامیدایەوە، «بەڵێ من وتوومە»، کرێکارانی ئامادە بوو چەپڵەیان بۆ لێدا و میل هەڵبژێررا.

میل لەو خولەدا کە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران بوو لەسەر چەند بابەتێک بە تایبەتی مافی دەنگدانی ژنان و گەندەڵیی دەوڵەت قسەی کرد. لە بواری ئابوریدا کۆمەڵە بۆچوونێکی پسپۆڕانەی خستەڕوو لە پەسەندکردنی پرۆژەی چاکسازیی ساڵی (1867)دا پشتی بە سەنگ و بڕشتی خۆی بەست. ئەمە دووەمین پرۆژەی سەرەکیی چاکسازی بوو کە لەلایەن پارلەمانەوە پەسەند دەکرا. مافی دەنگدانی زۆر کردو ڕێژەی دەنگدەرانی کردە دوو هێندە).

میل سەرەڕای ئەم هەوڵە شایستانەیەی، ساڵی دواتر لە بەرامبەر «ویلیام هێنری سمیث»ی ڕۆژنامەفرۆشی سەرکەوتوودا دۆڕا. میلی (62) ساڵە لە فەرەنسا لە نزیک ئاوینیون خۆی گۆشەنشین کرد، بەمشێوەیە دەیتوانی لە نزیک گڵکۆی هەرییت تیلۆری خۆشەویستیدا بژی. «هلێن»ی کچی هەرییت لەوێ خزمەتی میلی دەکرد و لەوە بەدوا بەردەوام لەلای

بوو. (دیاره دیسان بەدوور لە هەرچەشنە «کارێکی ناشیاو»، بەڵام ڕێزی میل بەرامبەر بە هاوسەرە کۆچکردووەکەی زۆر زیاتر لە هەستی باوی ڤیکتۆریاییانە بوو. میل بۆ پەرەپێدانی ئەو ئامانجەی کە خۆی و ژنەکەی هەر دووکیان پێشڕەوی بوون، کتێبی «کۆیلەتی ژنان»ی نوسی. ئەم بەرهەمە کە یەکێک لەو یەکەمین کتێبانەیە کە لەم بارەیەوە نوسراون، زۆرێک لەو بابەتانەی کە میل لە کتێبی لەبارەی ئازادییەوەدا هێناونییە گۆڕێ، لەم کتێبەشدا تاکو دوا ئەنجامە لۆژیکییەکەیان لەسەریان دەڕوات. ئەم بەرهەمە جگە لەوەی بەشێکە لە فەلسەفەی ناوبراو، زیرەکییەکی دەروونناسانەشی تێدا بەدیدەکرێت. «مادام باوەڕێک بەقوڵی لە هەستدا بنجی داکوتابێت، لەرێی هێزی زیاتری بەڵگە هێنانەوە بەدژی، نەک هەر بنکۆڵ نابێت، بەڵکو زیاتریش دەچەسپێت، چونکە ئەگەر ئەو باوەڕە بە بەڵگەوە وەرگیرابا، بە ڕەتکردنەوەی ئەو بەڵگەیەش ڕەنگ بوو هێزی خۆی لەدەست دابا، بەڵام کاتێک لەسەر هەست دامەزراوە، لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەر بەڵگە و گرۆڤێکدا، خاوەنی باوەڕە کە زیاتر هەست بەوە دەکات کە هەستەکەی وا ریشەی داکوتاوە کە بەڵگەهێنانەوە کاری تێناکات». وەها باوەڕێک دەکەوێتە دەرەوەی کات و شوێنی بەڵگەهێنانەوەی تایبەتی میلەوە.

بۆچوونی فایدەگەرا لەمەڕ یەکسانی روون و ئاشکرایە و ئەزموون باوەڕی، هەروەها لیبراڵیزمی میل پشتگیریی دەکەن، بەڵام هەموو بۆچوونەکانی لەسەر بنەمای ئەزموونی خۆی زۆر بە کەڵکی ژنی ئەم سەردەمە نایەن. میل بەپێی پەیوەندییە کەم وێنەکەی لەگەڵ هەرییتدا، هەستی دەکرد کە دەبێ دان بەوەدا بنێت کە ژنان دژی «لایەنی ئاژەڵانە»ی جوتبوونن لەگەڵ پیاودا. پیاوان نەدەبوا هەوڵیان بۆ ئەوە دابا کە ئەم

ڕەفتارە ناحەزەی خۆیان بەسەر «ڕەگەزی لاواز»دا بسەپێنن.

میل لە دواسالانی تەمەنیدا، خەریکی نوسینەوەی ژیاننامەی خۆی بوو کە تێیدا بێ پێچ و پەنا باسی خۆی و بەتایبەت هەستی بەرامبەر بە باوکی دەکات. ئەم بەرهەمە یەکێک لە باشترین گێڕانەوەکانە لەمەڕ چۆنیەتیی گەورەبوونی وەک «بلیمەتێکی بەتۆپزی» و کاریگەرییەکانی لەسەر چێژ و زەوق. میل کە باسی باوکە بە «سروشت توڕە»ەکەی دەکات، دەیکاتە ئاژەڵێکی سامناکی ڕاسنەقینەی ڤیکتۆریایی. لە یەکەم دەستنوسی ئەم بەرهەمەدا، میل ئەوە دەگێڕێتەوە کە چۆن باوک و دایکی «لەژێر بن میچێکدا، ژیانیان ئەوەندە لێک دوور بوو، کە هەر دەتوت یەکیان لە باکوری گۆی زەوییە و ئەویشیان لە باشورە». لەمەڕ ئەوەی کە دایکی هەرییت، هاوناوی دڵبەرەکەی بوو زۆر شت وتراوە و ئەم بابەتە دەروناسەکانی گەیاندووەتە چەند ئامانجێکی کەم و زۆر بێ بنەما. حاشا لەوە ناکرێ کە میل تەنانەت بە منداڵی ئەوەی دەزانی و دەیوت کە «خوێندنەکەم نەک لە دڵەوە نەبوو، بەڵکو لە ترسانیش بوو»، بەڵام هەرئەوەی کە ناوبراو سەرکەوتوانە خوێندنەکەی بڕی و بوو بە پیاوێکی ئەوەندە لیبراڵ و مرۆڤدۆست. بەبێ توشبوون بە گرێیەکی دەرونیی ئەوتۆ، هەر بۆ خۆی لە پەرجوو دەچێت. تەنانەت هەندێک کەسیش کە توشی کێشە سێکسییەکانی میل نەبوون، ڕەنگە لەم بارەوە لەگەڵی هاوڕا بن کە «هەتاکو ئەم غەریزە ئاژەڵانەیەی شەهوەت، لەخۆڕا بایەخێکی ئاوا زۆری لە ژیانی مرۆڤدا پێبدرێت، نابێ چاوەڕێ گۆڕانێکی گەورە بین لە ژیانیدا». مەخابن، ئارمایی فرۆید لە ئاسۆوە دیار بوو و ژیانی مرۆڤ، خەمساردانە، بەرەوپێشەوە دەچوو.

میل لە ساڵی (1873)دا لە تەمەنی (66)ساڵیدا لە ئاوینیون کۆچی دوایی

کرد. ئازادەبوون و جوامێریەکەی، لە بورژوازیی سەردەمی ڤیکتۆریادا کەس چارەی نەدەویست، هەروەها بۆچوونە تاکگەرایانەکانی لەگەڵ بیرکردنەوە شۆڕشگێڕانەکانی چەپدا یەکیان نەدەگرتەوە. بەو حاڵەش لە سەراسەری بەریتانیا و لە دەرەوەشی، واتا لەو شوێنانەی کە هێشتا میهرەبانی و بەزەیی بەسەر فێڵ و تەڵەکەدا باڵادەست بوو، لەو شوێنانەی کە باوەڕ بە ئازادی لەسەرو سەرەرۆیی و قازانجی تایبەتەوە بوو، شینیان بۆ گێڕا.

**بنەتا**

میل لەلایەن نەوەکانی دوای خۆیەوە غـەدری زۆری لێکراوە. فەیلەسوفان بەو بیانووەی کە سوودگەراییەی هی خۆی نییە، بایەخێکی ئەوتۆیان پێنەداوە و پێیانوایە کە هی بێنتامە و ئەم تەنیا پەرەی پێداوە. ئەمەش بێ ئینسافییەکی تەواوە. ئەو پەرە و گەشە لیبراڵەی کە ناوبراو بەسودگەراییدا، هەروەها ئەو داکۆکییە زۆرەی کە لێیکرد، بۆچوونە فەلسەفییەکانی بێنتامی کردە پرۆسەیەکی یەکپارچەی گەشانەوە لە هەردوو رووی فەلسەفە و ژیانی خەڵکدا. هەر بەم جۆرە، بیروباوەڕە لیبراڵ و سیاسییەکانی میلیش غەدرییان لێکراوە، زیاتریش لەبەرئەوە کە زۆر سەرکەوتوو بـوون. ئـەوەی میل سـەرەڕای دژایەتیی ئاشکرای گشتی، داکۆکی لێدەکرد، ئێستاکە لای ئێمە شتێکی زۆر ئاساییە. ئێمە لە رۆژگارێکی سودگەرای لیبراڵیدا دەژیـن. یاساکانی کۆنگرە، بڕیارە هەمەجۆرە سۆزدارانەکان، تەنانەت ئەخلاقی تایبەتی ئێمەش، هەموویان لە گرێوی بۆچوونگەلی سودگەرایانەدان. ئێمە چ بزانین و چ نەزانین، بەپێی دروشمێکی سوودگەرا لە ناخماندا، بەشێکی زۆری کاروباری تایبەتی خۆمان بەرێوە دەبەین و بۆچوونەکانمان دادەڕێژین». دابینکردنی ئەوپەڕی قازانج

بۆ زۆرینەی خەڵک»، ڕۆڵێکی وەها دەبینێت کە لە دیموکراسییە ئازادەکانی ڕۆژئاوادا بووەتە پرەنیسپێکی سەرەکیی بێ ئەملاو ئەولا.

لە هەمانکاتدا ڕاست ئەوە لیبراڵیزمی میلە کە ئێستاکەش هەروا ناکۆکیی لەسەرە. دیارە لە سەردەمێکی لیبراڵدا، لیبراڵبوون زۆر باشە، بەڵام بۆ چارەسەری لایەنە نێگەتیڤەکانی کۆمەڵگە دەبێ چی بکرێت؟ میل هەر لەبەرئەمە بوو کە هەموو ناخۆشییەکی قبوڵ دەکرد. تەنانەت لەمەڕ مەستی، زیاتر پابەندی بنەماگەلی لیبراڵ بوو تاکو بۆچوونی قەیم ئاسایانەی خۆی، کۆمەڵگە مافی ئەوەی نییە «پێوەرگەلی باوی کرداری ژیرانە» بەسەر تاکەکانیدا بسەپێنێ. ناوبراو پێیوابوو کۆمەڵگە هەر لە منداڵیڕا تاکو دەسپێکی مێرمنداڵی «دەسەڵاتێکی ڕەها»ی بەسەر تاکەوە هەیە. ئەگەر نەیتوانی لەو ماوەیەدا کرداری ژیرانە پەرە پێبدات، ئەوا خەتای کۆمەڵگە بۆ خۆیەتی لەوەدا کە ئەندامانی ژیرانە ناجووڵێنەوە.

لەم سەردەمەدا لە دوو ڕووەوە لەگەڵ ئەم جۆرە لیبراڵیزمدا تەبا نییە. یەکەم: کۆمەڵگەی ئێمە ئەمڕۆ زیاتر لە مەستی گیرۆدەی مادده هۆشبەرەکانە. ئالوودە بوون بە مادده هۆشبەرەکان کارێکی نەزانانە وماڵوێرانکەرە. لە لایەکی دیکەشەوە، میل ڕەنگە پێی وابووبێت کە ڕەنگە مافی خۆشی بووبێ کە مەستیش بۆ خۆی لە کەلاوەکانی سەردەمی ڤیکتۆریادا هەژاری و ماڵوێرانی زۆری لێکەوتەوە. دووەم خاڵیش ئەوەیە کە: کۆمەڵگەی هاوچەرخ بە بێگومان «دەسەڵاتێکی ڕەها» بەسەر گەنجانەوە نییە. (ئەمەش زۆرتر بەرهەمی ڕوانگەی لیبراڵە لەمەڕ پەروەردە، ڕاهێنان و هتد....) بەو حاڵەش تەنانەت ئەگەر بشمانەوێت هەندێک لایەنی لیبراڵیزمی میل پشتگوێبخەین، ناوبراو هێشتا نەخشێکی سەرەکیی لە ئاراستەکردنی شێوەی بیرکردنەوەماندا هەیە. هەرچەند هەوڵیش بدەین تاکو کاریگەریی ئەم

جۆرە لیبراڵیزمە بسڕینەوە، بێگومان هەر بەپێی بنەماکانی سوودگەرایی دەنرخێندرێ. رەنگە ئێمە هەمیشە بۆچوونەکانی میلمان بەدڵ نەبن، بەڵام ناوبراو هێشتا هەر قسەی یەکەم دەکات.

## له بەرهەمەکانی میل

– «پێکهێنانی ئەوپەڕی ڕەزامەندیی زۆرینەی خەڵک، بنەمای ئەخلاق و یاسادانانە».

**جێرمی بێنتام**

–سروشت مرۆڤایەتیی خستوەتە ژێر دەسەڵاتی دوو سەروەری مەزنی وەک دەرد و چێژەوە. تەنیا ئەوانن کە پێماندەڵێن چ دەکەین و ئەوەشمان بۆ دیاریدەکەن کە دەبێ چ بکەین. لە لایەکەوە پێوەری چاکە و خراپە و لە لایەکی دیکەشەوە زنجیرەی هۆو بەرهۆکانیش هەر لەدەست خۆیاندایە. لەوەی دەکەین، لەوەی دەیڵێین، لەوەی بیری لێدەکەینەوە، بەسەرماندا زاڵن. چەندی دەکەین تاکو لە کۆتی ئەم دوو چەمکە رزگار بین، هەر ئەرێ دەکەین و تەئییدیان دەکەین. ڕەنگە کەسێک بەقسە نیشانبداتْ کە خۆی لە هەژمونیان دەرباز کردووە، بەڵام لەراستیدا هەروا کۆیلەیان دەبێتْ... ئەو سیستمانەش کە هەوڵدەدەن بیخەنە ژێر پرسیارەوە، هەر قسەی لابەلا دەکەن و هیچیتر، هەر سۆزدارانە بیر دەکەنەوە و بەلای عەقڵدا ناچن و هەر چێو لە تاریکی دەکوتن.

**جێرمی بێنتام**

-هەوڵدان بۆ شتێک و چێژ لێبینی، بێزاری لێی و دڵقرچێنیی، کۆمەڵە دیاردەیەکی تێکچرژاون، یان خۆ با بڵێین دوو پارچەی دیاردەیەکن... هەوڵدان بۆ شتێک، تەنیا کاتێک دەلوێ کە بیر لێکردنەوەی چێژبەخش بێت، ئەگینا چ سروشتی بێ و چ نەبێ کارێکی ئەستەمە.
**جۆن ستیوارت میل، سوودگەرایی**

-رەخنەگران رەنگە گومان لەوە بکەن، کە ئەگەر مرۆڤ لەوە گەیشتووە تاکو رەزامەندی بکاتە ئامانجی ژیانی، بە بەشێکی باشی ڕازی بێت، بەڵام بەشێکی زۆری خەڵک بە کەمتر لەوەش ڕازی بوون. وادیارە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی ژیانێکی خۆش دوو شت بن کە هەرکامیان بەتەنیا زۆرجار بۆ ئەمە بەسە: ئاسودەیی و جۆش و خرۆش.
**جۆن ستیوارت میل، سوودگەرایی**

-وا باشە مرۆڤێکی بە پەرۆش بێ تاکو بەرازێکی بێخەم. وا باشە وەکو سوقراتێ ناڕازی بێت نەوەکو گەمژەیەکی بێ خەم. ئەگەر گەمژە یان بەراز باوەڕییان بە شتێکی ترە، لەبەرئەوەیە کەوا هەر لە خەمی خۆیاندان.
**جۆن ستیوارت میل، سوودگەرایی**

-ئەم وتارە قسە لەسەر بابەتێکی زۆر سادە دەکات، کە دەسەڵاتێکی رەهای بەسەر پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگە و تاک، لەرێی هێز ، زۆر و چاودێرییەوە هەیە، چ لەرێگای هێزی جەستەییەوە بەشێوەی سزای یاسایی بێ، یان لەرێگای گوشاری ئەخلاقیی رای گشتییەوە. پرەنسیپەکە لێرەدا ئەوەیە کە تاکە ئامانجی دەستەبەرکراو بۆ مرۆڤ، بە تاک یان بە گروپ، بۆ دەستوەردان لە ئازادیی کرداری هەر کەسێک، پارێزگاری لە خودە.

تاکە مەرجێک کە دەکرێت لەرێی یاساوە بەسەر تاکی ناو کۆمەڵگەیەکی شارستانیدا، بەپێچەوانەی ویستی خۆی بسەپێنرێت، ئەوەیە کەوا نەهێڵرێ زیان بە دەوروبەرەکەی بگەیەنێت. دەستەبەرکردنی چاکە و قازانجەکەی، تەنیا لەرووی جەستەیی و ئەخلاقییەوە، بەس نییە. ناکرێت لە رێگای یاساوە بەوە ناچار بکرێت، کە کارێک بکات یان نەیکات. هەر لەبەرئەوە کەوا بەقازانجیەتی وا بکات، چونکە بەم جۆرە دڵخۆشتر دەبێت، یان چونکە لە ڕوانگەی خەڵکی تر بەژیرانە و راستی دەزانن.

**جۆن ستیوارت میل، لەبارەی ئازادییەوە**

**-تاک بەسەر خۆی، بەسەر لەشی خۆی و بەسەر دەروونی خۆیدا زاڵە.**

**جۆن ستیوارت میل، لەبارەی ئازادییەوە**

-ئەگەر هەمووان جگە لە یەک کەس، یەک باوەڕییان هەبوایە و تەنیا ئەو یەک کەسەش جیاواز بیری کردبایەوە، ئەوان بۆیان نەبوو کە بێدەنگی بکەن، هەر بەهەمان شێوەش ئەگەر ئەو کەسەش دەسەڵاتی بوایە، بۆی نەبوو ئەوانی تر بێدەنگ بکات.

**جۆن ستیوارت میل، لەبارەی ئازادییەوە**

-کاتێک بیرتەسکەکان خەریکی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە دەبن، ئەنجامەکەشی هەر بیرتەسکانە دەبێت.

**جۆن ستیوارت میل، ئۆگۆست کونت و پۆزەتیڤیسم**

–فەزیلەتی ڕاستەقینەی مرۆڤەکان، لە توانای پێکەوەژیانی ئەوانەوە، وەک تاکگەلی یەکسان سەرچاوە دەگرێت، واتا دەبێ هیچیان بۆ خۆیان نەوێت، بەڵکو شتێک ئازادانە بدەن بە کەسێکی تر، هەرجۆرە دەسەڵاتدارەتییەکیش وەک پێویستییەکی ڕیزپەڕو، بەگشتی بە کاتی سەیر بکەن.

**جۆن ستیوارت میل، کۆیلایەتی ژنان**

ئەنها بەدوای چێژی خۆتەوە بە، چونکە چێژ لە شتێکتر نابینی.

**جۆن ستیوارت میل، ژیاننامەی خۆنوس**

**سەرچاوەکان:**

**اشنایی با جان استوارت میل**

**پۆڵ ستراتێرن**

**بۆ فارسی:کازم فیروزمند**

**لەفارسییەوە: مادح ئەحمەدی**

**پێداچوونەوە: فەرهاد ئەکبەری**

# چەمکی ئازادی لە تێڕوانینێکی جون ستیوارت میلەوە

شاکار یوسف حسن

**پێشەکی:**

جۆن ستیوارت میل لەکتێبی (لەبارەی ئـازادیـەوە)(on liberty) لەسەرەتاداباس لەوە دەکات کەململانێی تاک ودەسەڵات یەکێکە لەزۆرترین سیماکان کەبەشێوەیەکی ئاشکرا لەقۆناغەکانی مێژوودا هەرلەکۆنەوە پێیان ئاشنابوین بەتایبەتی لە مێژووی یۆنان و ڕۆما و ئینگلتەرا. ئەمە لەکاتێکدا ئەم ململانێیە لە چاخە دێرینەکاندا لەنێوان هاوڵاتیاندا سەریهەڵداوە، یان هەندێ لەچینەکان لەگەڵ حکومەتدا.ئەوکات مەبەست لەوشەی ئـازادی(liberty) پاراستنی تاک بو لەپەرەسەندنی ستەمی فەرمان ڕەوا سیاسیەکان.

لەم کۆمەڵگایانەدا هەوڵیانداوە بەدووشێواز دەسەڵاتی فەرمان ڕەواکان سنوردار بکەن:

1ـ بەدەستهێنانی دانپێدانان بەهەندێک مافدا ئەوەی پێیدەوترێت مافەسیاسیەکان یان ئازادیە سیاسیەکان. ئەوانەی گەرفەرمان ڕەوا پێشێلی بکردنایە، ئەوا بەمە دەچووە دەرەوەی ئەرکەکانی، لەبەرئەوە دەکرا بەرەنگاری بکردایە بەبەرەنگاریەکی تایبەت یان یاخی بونێکی گشتی بەسەریدا.

2ـ بە شێوەیەکی گشتی ئامرازێک دەرنەکەوت، تەنیا لە چاخەکانی ئەم دواییانەدا نەبێت کە مەبەست لە دامەزراندنی ڕێوشوینێکی دەستوریە. کەتیایدا ڕەزامەندنی خەڵک یان دەستەیەک کە نوێنەرایەتیان دەکەن،

مەرجێکی پێویسنە بۆ بڕیاردان لەسەرکارە گرنگەکان کە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا پێیان هەڵدەستێت، بەڵام لە زۆربەی دەوڵەتە ئەروپییەکاندا بە ڕێگەی یەکەم کۆت وبەندکراون. جۆن ستیوارت میل دەڵێت (ئەو ئازادییەی باسی دەکەم ناچێتە چوارچێوەی میتافیزیک یان ئیرادەوە، بەڵکو باسی ئازادی مەدەنی یان کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەکەم).

جۆن ستیوارت میل کاتێک بیری بەرگریکردن لە ئازادی ڕادەگەیەنێت، لە کۆمەڵگە دیموکراسیەکاندا، وا لە ئازادی دەڕوانێت کە تاکەکەس یەکەم مەرجی بەدەستهێنانی خۆشگوزەرانیە، ئەمەش ناتوانرێت بەدەست بهێنرێت بەبێ ئازادیەک کە تێڕوانینی بۆ خۆشگوزەرانی لەمەوە بگەڕێت بەدوای خۆشگوزەرانییەکانی تردا، چونکە میل لە کاتی گەڕانی بەدوای ئازادیدا ئەو کۆمەڵگایانە جێدەهێڵێت کە دواکەوتوون و گرنگیان پێناداتن، بۆیە ئازادی تاک ئەوەندە بەلای ئەمەوە گرنگە کە درووستکردنی کۆمەڵگە لای میل پارێزگاری کردن و بەرگریکردنە لە خودی تاک. جۆن ستیوارت میل سێ جۆر لە ئازادی دەناسێنێت کە بەلایەوە زۆر گرنگن ئەوانیش:

1ـ ئـازادی ویـژدان: بە شێوەیەکی گشتی ئـازادی بیرکردنەوە و بیرڕوباوەڕو ئازادی لە خستنەڕووی هەست و بیرو بۆچونەکان لەسەر تەواوی بابەتەکانی (زانستی و ئەخلاقی و دینی و کردارییەکان و سیاسییەکان).

2ـ ئازادی کارکردن و چالاکی: تاک پیادەی دەکات لە هەڵسوکەوتە گشتییەکاندا.

3ـ ئازادی کۆبوونەوە: ئەمە لەو ئازادیانەیە تاکەکەسەکان ئازادن لە پێکهێنانی یەکیەتییەکان وکۆمەڵەکان پارتەکان و کە مەبەستی زیانگەیاندن نەبێت بە کەسی تر.

ئەو کۆمەڵگەیانەی ئەمجۆرە ئازادییانەی تێدا نییە ڕێز لەکۆی ئەم

ئازادیانە ناگرێت و ناکرێت ببێنە کۆمەڵگەی ئازاد شێوەی حکومەتەکەی هەر چۆنێک بێت. هەروەکو چۆن کۆمەڵگە ئازاد نابێت بە ئازادیەکی تەواوەتی، گەر بەبێ هیچ خۆپارێزیەک ئەم ئازادیانەی تێدا نەبێت. تاکە ئازادیەکیش کە شایەنی ئەم ناوەیە برێتیە لە ئازادی هەوڵدان بەدوای بەرژەوەندی تایبەتی، بۆ ئەوەی خۆیان بە ژیانێکی ئازاد بژین زیاتر لەوەی دەستی دەکەوێت، لە زۆر لێکردنیان لەسەر ژیانێک کە لە تێڕوانینی کەسانی دیکەدا بە باشتر دەزانرێت.

پرەنسیپی ئازادی تاک پەیوەندی بە مانڤێستی ئازادیەوە نییە و پەیوەندی بەو بیرورایانەوە نییە، کە دەکرێت لە سنووری ئەم مانفێستەدا بخرێنە بەرباس، بۆ نموونە ڕێگرتن لە ساختەکاری دەبێت تاچ ڕادەیەک دەسەڵاتی دەوڵەت بوونی هەبێت، یان تا چ ڕادەیەک ئەرکی خاوەنکارە ڕێگە لەوکارانە بگرێت، کە مەترسی پیشەییان هەیە.پەیوەندی ئەم جۆرەپرسیارانە لەگەڵ ئازادی تاکدا تائەوڕادەیەیە کەبەردەوام لەبارودۆخەکانی دیکەدا دەیان بینین، بەڵام مرۆڤەکان لەبری ئەوەی بەزۆربێت ڕێگەیان پێبدرێت، خۆیان ئەرکەکانیان ڕاپەڕێنن، چونکە مرۆڤ یەکێکە لەدروستکراوەکانی زەوی کەپێویستی بەژیانێکی ستایش کراوە ژیانێکی باش بۆمرۆڤ ڕەوایە لەبەر دووبنەما:

* گەشەکردنی تەواو بۆ مرۆڤ لەڕووی ئەخلاق وبیرو جوانیەوە.

* ڕەوابوونی مرۆڤ لەژیانیدا لەئاستی تاک وسەربەخۆی چارەنوسی.

تاکەپرەنسیپێک کە میل ڕێگەی دەدا ئازادی مرۆڤی پێ سنوردار بکرێت ئەوپرەنسیپەیە دەڵێت (تەنیا لەو کاتەی کەئازادی تاکێک دەبێتەمایەی هەڕەشە بۆسەر ئازادیەکانی ئەوانی دیکە) , تەنیالەم کاتەدا دەوڵەت مافی ئەوەی هەیە کەئازادیەکان سنورداربکات.ئەویشی ناوناوە پرەنسیپی ڕێگەگرتن کەلای ئەوڕێگرتنی

باوکان وڕێگرتنی ئەخلاقیانە جیاوازە لە ڕێگەگرتن لەئازادی بەربنەمای پرەنسیپی (زیان گەیاندن)(harm principle)کەدەوڵەت تەنیا لەو کاتەدا دەتوانێت ڕێگری بکات.

بۆیەحکومەت یان کۆمەڵگە بۆی نییە دەست وەربداتە ئازادیە تاکیەکانەوە، یان ڕێگەلەهەڵسوکەوتەکانیان بگرێت، مادام ئەم ڕێگەگرتنە بۆدورخستنەوەی لەکەسانی ترنەبێت ئەمەش مانای وایە تاکەئامانجی دەسەڵات بەشێوەیەکی ڕەوالەدژی تاک بەکار بهێنرێت نەیەڵێت زیان بەکەسانی تربگەیەنێت.

میل یەکێکە لەوانەی بەتوندی داکۆکی لەئازادی مرۆڤ دەکات، لەوەی مافی تەواوی هەبێت بۆچونەکانی دەربڕێت وئازادبێت، لەوەی هەڵی دەبژێرێت لەگەڵ ئارەزووەکانیدا بگونجێت وەئازادبن چۆن رەفتاردەکەن بەوشێوەیەی دەیانەوێت، کەنەبێتەهۆی زیان گەیاندن بەکەسانی تر.لەمەوە کێشەی ئازادی لای جۆن ستیوارت میل ئازادی تاکەکەسە لەڕوبەڕوبوونەوە لە دەستێوەردانی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە کاروباری تایبەتی و ئەم ئازادیە تاکەکەسیە دەبێتە هۆی گەشەسەندنی تاک لەرووی ئەقڵی و پاشکۆیەتی کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی بەدیهێنانی چاکەی گشتی.

**سەرچاوە:**

john Stuart mill , on liberty , chI , introductor ،1859

# بنەمای ئابوری سیاسی
# جۆن ستیوارت میل

**«سەروەت و سامانەکان نەمر نین»**

ابراهيم العريس

ئا: لوقمان رەئوف

ئەگەرچی میل یەکێکە لەفەیلەسوفەکانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزەهەم، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی کەلەبوارە جیاوازەکاندا رۆڵ و جێپەنجەی دیار نەبێت، بەتایبەتی لەبواری تیۆری سودگەرایی، ئەگەرچی پێشتر باسی لێکرابوو، بەڵام ئەوە میل بوو توانی ئەم بنەمایە بۆ ئەم تیۆرە دابڕێژێت.

بەگشتی میل بەفەیلەسوفێکی گەورە ودیاری ئینگلیزی لەزانستی لۆژیک و پەیڕەوەکانی (مناهج) لێکۆلێنەوەی زانستی دادەنرێت، لەگەڵا ئەوەشدا بەخاوەنی تیۆری سودگەرایی دادەنرێت، لەگەڵا ئەمانەشدا ئەم روانینانە ناتەواون بۆ میل، چونکە بەشداریکردنەکانی میل تەنها لە فەلسەفەدا نەبووە، بەو ئەندازەی لەرێرەوی پێشبڕکێی ئابوری سیاسیدا هەیبووە، لەبەرامبەریشدا ئەگەر ئامارێک بۆ کتێبە فەلسەفیەکانی بکەین، دەگەینە ئەوەی کەئەم بۆچوونە دروستە.

لەراستیدا لەبواری ئابوریشدا ئەو کارانەی کەکردوە، لەسەر بنەمای فەلسەفە بوون، هەروەک مارکس و ماکس فیبەر، بەوەی لەگەڵا ئابوریدا تێکەڵکرد، بەڵام بنەمای بەشداریکردنیان ئابوری بەرزتر دەکاتەوە وەک فەلسەفە، بەواتایەکی تر دەتوانین بڵێین وایان لەفەلسەفەکرد کەببێتە پەیڕەوێک بۆ تێگەیشتن لەئابوری و قوڵبوونەوە تێدا.

لەکتێبی (بنەمای ئابوری سیاسی) کەلەساڵی (1848) بڵاوکراوەتەوە، واتە لەناو ئەو باهۆزەی بزوتنەوە شۆڕشگێڕەیەکان کەئەوروپای گرتەوە،

بەوەی ئایدلۆژیا بۆ یەکەمجار لەمێژوی شۆڕشەکاندا لایدا و جێگەی بۆ زاراوەی ئابوری کردەوەو بەمەش رۆڵێکی گرنگی لەهاندانی جەماوەردا لەشۆڕشە رادیکاڵیەکاندا گیرا.

لەم کتێبەدا ستیوارت میل لوژیکی فەلسەفی بەکارهێناوە بۆئەوەی وێنەی تویێشو و ڕێڕەوی مێژوویی تیۆرە ئابوریەکانی بکێشێت، ئەوەی جێگەی بایەخە لەم کتێبەدا ئەوەیەکە میل توانیویەتی ئەو بیروبۆچون وتیۆریایانە کۆبکاتەوە کەدەتوانرا پێشتر کۆبکرێنەوە، بەمەش لەیەک سەرچاوەدا دەیبینین، بەپشت بەستن بە(سمیث، ریکاردۆ) کەئاوئاهەنگە لەگەڵ پشتگیرییەکان، تاوەکو ماڵتۆس (کەبەردەوام نەفرەت لێکرابوو لەلایەن پێشکەوتنخوازەکانەوە، بەهۆی ئەوە، تێگەیشتنە سەرکوتکەرانەوە لەزیادبوونی دانیشتوان لەتیۆرەکانیدا) کەوایە میل پشتی بەو سێ نوسەرە لەیەک کاتدا بەستوە، لەکۆتایشدا بێگومان خاوەن تایبەتمەندی پێشکەوتنی و سۆسیالیستیە.

لەو چوارچێوەیەشدایە کە لێکۆڵەران وایدەبینن ئەگەر (سمیث، ریکاردۆ، ماڵتۆس) کانگای زانستی لێکۆڵینەوەکانی ستیوارت میلیان دروستکردبێت، ئەوا کاریگەری ئەو سیانەی تر(سان سیمیۆن، برۆدۆن، فورییە)یشی لەسەرە.

لێرەوە کتێبی (بنەماکانی ئابوری سیاسی) وەک پێکهاتەیەکی داهێنەرانەیە بۆ کورتکردنەوەی هەموو بیری ئابوری، کە لەسەربنەمای چەمکی پێشکەوتن وەستاوە، لەگەڵ ئەمەشدا لای میل ئەم پێشکەوتنە سنوردارەو ئەم سنوردارییەشی ناوناوە (شوێنی بەستو)، چونکە میل پێیوایە پێشکەوتن چەندێک پێشکەوتن و خێرایی، یان هێواشی هەبێت، پێویستە رۆژێک هەر بووەستێت، بۆ ئەوەی شوێنەکە لەبەردەم ئەم شوێنە، یان

مەملەکەتە جێگیرە بەستوە سنوردارەدا چۆڵ بکاث، ژمارەی دانیشتوان (لێرەدا کاریگەری ماڵتۆسی لەسەرە) بۆئەوەی ئەو باوەڕە لای دانیشتوان درووستبکاث، مادام پێداویستی و بەرهەمەکان سنووردارن.

کەوایە بنچینەی بیری ئابوری سیاسی میل لەسەر دوو ڕێڕەو کەهەریەکەیان بریتیە لەسیانەیی (سمیپ، ریکاردۆ، ماڵتۆس)، هەروەها لەگەڵاسیانەیی (سان سیمون، بـرۆدۆن، فورییە) لە یەکەمیاندا چەمکی بەرهەممهێنان و ئاڵویێر، یاسای سودمەندی کەسی و ململانێی ئازاد، ئاستی نزمی بەکرێدان، مەسەلەی عەقاری، بەڵام لەدوانەیی دووەمدا سودی رەنگرێژی تیۆریەکەی پێکردە بەشێوەیەکی بنچینەیی دژی چەمکی خاوەنداریەتی تایبەتی بوو، چونکە ئەمە هۆکاری ناوەندە بۆ بەرهەمی ناشەرعی و هیچ پاساوێکی نییە، بەمەش گەیشتینە رەفزکردنەوەی بیری میراتگەری، لە بنچینەشدا بۆ ئاستێکی بیری کەهەموو شتێک لەسەر بنەمای یەکسانی سەرەتایی و بنچینەیی پێش مێژوی مرۆڤایەتی دەبەستێتەوە.

نوسەر پێیوایە زەوی بۆ نمونە بەرهەمی هیچ کارێک نییە، بەڵکو دیاری سروشتە، بۆ هیچ کەسێک نییە بێتە خاوەنی، مەگەر بەزۆر و دەسەڵان نەبێث، ئەگەر لێرەدا ستیوارث میل بچێتە سیاقی ئەم ناوچەیەوە، دەمانگەیەنێتە فراوانبوون لە لێکۆڵینەوەی ئێستاتیکی رەق–دینامێکی، جوڵاوی ئابوری، هەر ئەم لێکۆڵینەوەیەش بەرەو تیۆری (دەوڵەتی بەستو) برد، ئەم تیۆرەش بەپێی لێکۆڵەران بەشێکی زۆر رەسەن و سەرەکی لەکۆی گشتی کارەکانی پێکدەهێنێث.

لێرەدا ستیوارث میل بەتەواوی لە دژی ریکاردۆ دەوەستێتەوە، لێکۆڵەرێکە لە جیهان کەروانینێکی ئاکاری و کۆمەڵایەتی گشتی ، یان کۆیی هەیە، واتە دژی جیهانی ریکاردۆیە کە بە تەنها یاری بەرژەوەندی

ئابوری دەیجولێنێت، ئەگەر کار لەسەر مەسەلەی مەعریفەی مەبەستەکان (معرفه الغایات)، جۆن ستیوارت میل بکرێت، کە کۆمەڵگەکان بەرەو پیری دەچن و پێشدەکەون، بۆ هەر سنورێکیش بۆی هەیە پێشکەوتنی ئابوری لە رابەریەتێکردنیدا بگاتە کۆمەڵگە، ئەمەش دەبێتە هۆی دەرخستنی باروگوزەرانی کۆمەڵگەکان، کاتێک پێشکەوتنێکی بێڕەهمانە دەگاتە کۆتایی، ئیدی لەدوای ئەمە پێش ناکەوێت، وەڵامدانەوەی بەپێی روانینێی لەسەر(دەوڵەتی بەستو) کە لە کۆتایی شیکاریکردنەکەدا بە(قۆناغی کۆتایی) و (کورتە، یان پوختەی سروشت)ی دەزانێت، لە کاتێکدا (دەوڵەتی تازەپێشگەیشتوو کەهەنگاوی بۆ پێشەوە ناوە)، لەگەڵ ئەوەی ستیوارت میل لێرەدا پێمان دەڵێت ((بەروبوومەکان لە کۆتاییدا دیاریکراون) ئەمەش واتە کەڵەکەبوون و زیادکردنی سنوردان بەهۆی سروشتی کارەکەوە، یان سنورداری خودی گۆی زەوی، لەگەڵ ئەوەی لێکۆڵەران وای نابینن، ئەم واقیعەی کە ستیوارت میل بەو ئاسانیە وەسفی دەکات، لەوانەیە واقیعێکی رەشبین بێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەو واقیعەیە کەدیاریدەکات مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، بە دەستێک لە(دەوڵەت پێشدەکەوێت، بەپێی ئاکامی کارە کەنابێت بمێنێتەوە بۆ هەتاهەتایی، بەڵام مرۆیی بوون بەهۆی کاری ئەم واقیعەوە لە توانایدا نییە لە بەدبەختی رابکات). لەرووی تیۆرییەوە لە چاوەڕوانی لەئاکامی ئەم واقیعە حەتمیەدایە مەگەر بە رێکخستنی خۆی نەبێت، ئەم رێکخستنەش ئەوەیە کەلای ستیوارت میل روودەدات، بەدوور لە وێنە خراپەی کەدەتوانین ئێمە ببینین، لەرێگەی ئەو وەسفەی کە بۆ واقیعی کارەکانی دەکات، چارەسەری گونجاو لێرەدا هەڵدەستێت بە(رێکخستنی دەوڵەتی بەستوو)، رێکخستن لەیەک کاتدا شمولی رێکخستنی دانیشتوان و رێکخستنی بەرهەم دەکات.

سەبارەت بە دانیشتوان بانگەشە بۆ ئەوە دەکات، کە بەرەو بارێک دەچێت کە تێیدا ژمارەی ئەندامانی نەوەکانی دواتر پێویستن ، واتە نەزۆرن، نە کەمن، بۆ جێگرتنەوەی شوێنی ئەندامانی نەوەکانی پێشوو کە لەسەری رۆیشتوون..ئەم رێکخستنەی دانیشتوانیش ئەوە لەخۆدەگرێت، کە رونەدانی زیادەی مەترسیدار لە ژمارەی دبەکاربەران کەچاوەڕێ لە کۆمەڵگە دەکرێت، تەغزیەی بکات، بەڵام سەبارەت بەرێکخستنی بەرهەم ستیوارت میل لە چەمکە سۆسیالیستیەکانەوە دەستپێدەکات، ئەگەرچی تا ئاستێکش کەمێک ئاڵۆزیش بن، داوا دەکات کە پێویستە کارمەندان لە(دەوڵەتی بەستوو) دا هەستن، بە دابەشکردنی بەرهەم بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لەنێوان چینە کۆمەڵایەتیەکاندا، ئاشکرایە جۆن ستیوارت میل لەبیرکردنەوەدا تووباوی نەبووە، بەڵکو واقیعی بووە، یەکێکە لە لێکۆڵەرەکانی ئابوری و لەم بوارەشدا لەسەردەمێکدا، سوودی زۆری لەکۆمپانیای هندی رۆژهەڵاتی وەرگرتووە، جگە لەمەش فەیلەسوفێکە کاتێک تەمەنی (12) ساڵان بووە ئەرستۆو هۆبزی خوێندوە ، ئەمەش پێگەیەکی فکری باشی بۆ بنیادنانەوە، دواتر لەسەر ئەم بنەمایە کاری لەسەر بواری ئابوری لەڕوانگەی هەریەکە لە بینثام و ریکاردۆ کردووە.

**سەرچاوە:**

-رۆژنامەی (الحیاه) 2012/12/30

# بەکارهێنانی بنەماکانی ئازادی

جۆن ستیوارت میل

لە فارسییەوە: مەجید مارابی

بەرلەوەی کە بتوانین ئەو بنەمایانەی کە لەناو ئەم لاپەڕانەدا چەسپێنراوە بە شێوەیەکی قورس و پتەو لە بەشە جۆراوجۆرەکانی حکومەتدا بەکاربهێنین، دەبێت سەرەتا وەکو بنەمای لاوەکی باسی قبوڵبکرێت. ئەو بابەتەی کە لە لەم وردەکاریانەدا دێتە ئاراوە، زیاتر بە مەبەستی ڕۆشنکردنەوەی بنەماکانە وەک لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ دەرەنجامەکانی، بە واتایەکی تر بابەتەکانی ئەم بەشە جێبەجێکردنی تێکڕای ئەو بنەمایە نیشان نادات، بەڵکو نموونەگەلێک لە ئاکارەکانی کۆمەڵگە بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ئەو دوو بنەما گرنگە کە فەلسەفەی گشتی ئەم کتێبە پێکدەهێنێت، بخاتە بەردەم لێکدانەوە و داوەریکردنی خوێنەرانەوە.

هیوادارم کە بابەتەکانی ئەم بەشە بتوانێت یارمەتی بکات بە نیازی داوەریکردنی خوێنەر و هەرکات توشی هەڵەبوو و نەیزانی کام یەک لەم دوو بنەمایە بە پەیوەندی دۆخی تایبەتی مەسەلەکانەوە هەیە، لە تەنگژەی گومان و دوودڵی رزگاری بکات، ئەو دوو بنەمایەش بریتین لە:

بنەمای یەکەم: هیچ تاکێکی مرۆیی ناتوانێت بەهۆی ئەو کردارانەی ئەنجامی دەدات (کاتێک کە ئەو کردارانە زیان بە بەرژەوەندیەکانی کەسی تر ناگەیەنێت، جگە لە خۆی نەبێت) لەلایەن کۆمەڵگەوە لێپرسینەوەی لێدەکرێت.

ئامۆژگاریکردنی و ناچارکردنی بە ئەنجامنەدانی ئەو کردارانە و

ئاگادارکردنەوەی لە دەرەنجامەکانی ئەو کارەی کە ئەنجامی دەداث، کۆتایی هێنان بە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵی (ئەگەر کەسەکان بەرژوەندی خۆیان لە بڕینی پەیوەندیەکاندا دیتەوە)، تەنها کەرەستەگەلێکن، کە کۆمەڵگە دەتوانێت بۆ دەربڕینی نەفرەث، یان ناڕەزایی بەرامبەر بە کردارەکانی ئەو بەکاری بهێنێث.

بنەمای دووەم: هەر تاکێکی مرۆیی بە هۆی ئەنجامدانی کردارێک کە زیانی بە بەرژەوەندی کەسانی تر گەیاندووە، پێویستە لێپرسینەوەی لێبکرێث، ئەگەر کۆمەڵگە هەستی بەوەکرد، کە دەتوانێث کردارەکانی ئەو لە رێگەی سزادانی کۆمەڵایەتی، یان یاساییەوە چاک بکاث، لەو حاڵەتەدا رێگەپێدراوە هەر یەکەمە لەم دوو کەرەستەی کە بە پێویستی دەزانێث، سەبارەث بەو کەسە بەکاری بهێنێث

لە پلەی یەکەمدا بە هیچ شێوەیەک نابێث جۆرێک تەسەور بکرێث، لەبەرئەوەی تەنها زیان گەیاندن بە کەسانی تر، یان ئەگەری رووداني ئەو زیانە، دەتوانێث پاساوی دەستوەردانی کۆمەڵگە بکاث، وەها دەستوەردانێک هەمیشە رێگە پێدراوە. حاڵەتگەلێکی زۆر هەیە، کە تێیدا تاکی مرۆیی هاوکاث لەگەڵ بەدواداچوون بۆ مەبەستی رێگە پێدراو و یاسایی خۆی ناچار دەبێث کەسانی تر تووشی رەنج و ئازار بکاث، یان ئەوەی کە ئەوان لە خوێندنەوەی بەرژەوەندیەک، کە ئەگەری بەدەستهێنانی زۆر بووە بێبەش بکاث. ئەم جۆرە مامەڵەکردنە لە نێوان بەرژەوەندی تاکەکاندا، زیاتر لە رێکخراوە بنەڕەتیەکانی کۆمەڵگەوە سەرچاوەی گرتووە، کە لە بنج و بناوانەوە خراپبووە، بەڵام تا کاتێک ئەو رێکخراوانە وەکو خۆیان بمێننەوە حاشاهەڵنەگرە و هەندێک لەو زیانانە لە ژێر ناوی هەر رێکخراو و پێکهاتەیەکی بنەڕەتیدا حاشاهەڵنەگر دەبێث، هەر کەسێک لە پیشەیەکی

قەرەباڵغ یان لە پێشبڕکێیەکی سەخت و دژوار، یان لە بنەڕەتدا لە هەر جۆرە پێشبڕکێیەکدا، بەسەر رکابەرەکانیدا سەرکەوێت، سەرکەوتنەکەی خۆی بە نرخی ئازاردان و بێبەشکردنی کەسانێکی تر کە لەوپێشبڕکێیەدا دۆڕاون بەدەستهێناوە. بە بێ وەسفکردن، خەڵک لە گۆشە و کەناری جیهانی خاوەن شارستانیەتدا بە خواست و رەزامەندی خۆیان ئەو بنەمایەیان قبوڵکردوە، کە لە حاڵەتەگەلێکی لەم چەشنەدا، دوای ئامانجەکانی خۆیان بکەون بەبێ ترس و دوودڵی لە دەرەنجامەکانی (کە شکست و دۆڕان و زیانی کەسانی دیکەیە) نەترسن.

بە واتایەکی تر، کۆمەڵگە هیچ جـۆرە مافێک(چ یاسایی و چ ئەخلاقی) بۆ ئەو کەسانەی کە لە گۆڕەپانی ململانێی لێوەشاوەیەکاندا دۆڕاون، بەرەسمی ناناسێت هیچ کات ئەوە بە ئەرکی خۆی نازانێت، کە شکستخواردوەکان لەم جۆرە ئازارە کە سەرچاوەگرتوە لە پەرپوتبوونی هیوا و ئاواتەکانی ئەوانە بپارێزێت و تەنها کاتێک مافی هەڵوێست وەرگرتن بۆ خۆی بە رەوا دەزانێت، کە کەرەستەکانی سەرکەوتنی تاکەکان بە پێچەوانەی بەرژەندی گشتی واتا لە رێگای ساختەکاری و سەرپێچی، خیانەت، یان زۆر بەکار هێنرابێت.

یان بۆ  نمونە (ئاڵوگۆڕکردنی کاڵا) جۆرێکە لە ئاکاری کۆمەڵایەتی و کەسێک کە ئەرکی فرۆشتنی شمەکێکی بە خەڵک گرتوەتە ئەستۆ، کارێک دەکات کە کاریگەریدەکات سەر بەرژەوەندیەکانی خەڵک و کۆمەڵەگە و بەم جۆرە شێوازی رەفتاری (لە بواری بنەماییەوە) دەچێتە چوارچێوەیەکەوە، کە کۆمەڵگە مافی دەستوەردانی تێدا دەبێت. بەم هۆیە زانایانی کۆمەڵگە سەردەمانێک لەو بڕوایەدا بـوون، کە ئەرکی سەرشانی حکومەتەکانە لەهەر حاڵەتێکدا کە بە گرنگ لێکیاندایەوە نرخەکان بچەسپێنن و شێوازی

بەرهەمهێنان و دروستکردنی شمەکەکان بخەنە چوارچێوەی یاساو رێسایەکی تایبەتەوە، بەڵام لە ئێستادا، (هەڵبەت دوای خەبات و ململانێیەکی زۆر) وەها بە باش زانراوە ئەگەر ئێمە دروستکەر و فرۆشیاری شمەکەکان لە مامەڵەکانیاندا ئازاد بکەین، ئەو ئازادیەش تەنها بەوە سنوردار بکەین کە کڕیاریش ئازاد بێت، ئەگەر کەرەستەی پێویستی لە شوێنێک بە دڵ نەبوو لە شوێنێکی تر بە دەستیبهێنێت، بەو جۆرە هەم هەرزانی شمەکەکان و هەم باشبوونی کوالیتیان بەشێوەیەکی کاریگەرتر گەرەنتی دەکەین، ئەوەش ئەو تیۆرەیە، کە بە شێوەی نەریتی (دان و سەندنی) ئازادی پێدەوترێت، پشت ئەستورە بە بنەمایەک ئەگەرچی لەگەڵ بنەمای ئـازادی کە لەم کتێبەدا باسی دەکرێت جیاوازە، بەڵام وەکو ئەو بنەمایە پتەو و جێگیرە. سنوردارکردنی (ئاڵوگۆڕکردنی کاڵا)، یان سنوردارکردنی بەرهەمهێنان بە مەبەستی بەرتەسکردنەوەی مامەڵە، لە راستیدا دژی ئـازادی و دان و سەندنە و هەر جۆرە لەمپەرێک (بە مانای سنوردارکردن) زیانی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە، بەڵام ئەو کۆسپ و لەمپەرانەی کە ئێمە باسیان لێوە دەکەین، تەنها پەیوەندی بەو بەشە لە رەفتاری بازرگانان و خاوەنکاران، کەکۆمەڵگە رێگەپێدراوە لە سنوردارکردنیاندا و ئەگەر ئێمە کردارەکانی کۆمەڵگە بە هەڵە لێکدەدەینەوە، تەنها لەو رووەوەیە کە ئەم جۆرە سنورانە دەرەنجامێکی دڵخوازی بەدواوە نابێت، بەڵام چونکە بنەمای (ئازادی تاکەکەسی) پەیوەندی بە تیۆری(دانو سەندنی ئـازادەوە) نییە، زۆربەی ئەو مەسەلانەی کە لە دیارکردنی سنوورەکانی ئەو تیۆریەوە سەرچاوەیان گرتوە، ناچنە بازنەی ئازادی تاکەوە. بۆ نموونە سەبارەت بەو بابەتەی کە بۆ رێگرتن لە فرۆشتنی کەلوپەلی ساختە لەبری کەلوپەلی ئەسڵی، تا چ رادەیەک چاودێری حکومی پێویستە، یان بۆ نموونە رێوشوێنە تەندروستییەکان بۆ پاراستنی ئەو

کرێکارانەی کە لە پیشە مەترسیدارەکاندا دادەمەزرێن، تا چ ئاستێک دەبێ بەسەر فەرمانبەراندا بسەپێنرێت، ئەمەش ئەو پرسانەن، کە سنوری (ئازادی تاکیش) دەگرێتەوە تا ئەو رادەیەی کە ئێمە دەزانین ئازادکردنی خەڵک باشترە لەوەی کە بە بەردەوامی لە ژێر چاودێریدا بن، بەڵام چاودێریکردنی کردەوەکانی ئەو جۆرە بازرگان و کاسبکارانە (بۆ دابینکردنی ئەو ئامانجانەی کە ئاماژەیان پێدرا) بە گوێرەی یاسا و مافەکان پێویستیە و لە بواری بنەماییشەوە ناکرێت نکۆڵیان لێبکرێت، لەلایەکی دیکەوە، ئەو کەسانەی کە پەیوەندیدارن بە دەستوەردان لە دان و سەندن لە بنەڕەتدا پەیوەندیدار دەبێت بە فەلسەفەی ئازادییەوە. بۆ نموونە یاسای قەدەغەکردنی مادە کحولیەکان، قەدەغەکردنی هێنانە ناوەوەی تریاک، سنوردارکردنی مادە ژەهراوییەکان، بەکورتی سەرجەم ئەو حاڵەتانەی کە مەبەستی حکومەت لە دەستوەردانیان دژوار کرد، یان مەحاڵکردنی خوێندنەوەی (شمەکی تایبەتییە)، هەموو ئەمانە لە روانگەی بنەماییەوە دژە، نەک بەو هۆیەی کە دژی ئازادی بەرهەمهێنەر یان فرۆشیارە، بەڵکو لەو رووەوە کە دەستدرێژییە بۆ سەر ئازادی کڕیار .

**سنوری ئەرکەکانی دەسەڵات**

بەڵام فرۆشتنی دەرمانە ژەهراوییەکان بەهۆی دۆخێکی تایبەتەوە کە هەیەتی، دەبێتە هۆی تاوتوێکردنی مەسەلەیەکی نوێ، کە ئەویش بریتیە لە دیاریکردنی سنوری دەسەڵات و ئەرکەکانی پۆلیس. بە واتایەکی تر، بۆ ئەوەی کە پێشوەخت رێگری بکرێت لە روودانی تاوان، یان کارەساتێک، تا چ شوێنێک دەتوانرێت دەست بخرێتە ناو سنورەکانی ئازادی تاکەوە، بەبێ ئەوەی لەم نێوەندەدا مافی ئازادی تاک، یان یاسای کۆمەڵ پێشێل

بکرێت، بێگومان یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی حکومەت ئەوەیە، بەر لەوەی تاوان رووبدات رێگری لێبکات و ئەگەریش تاوانێک روویدابێت ئەنجامدەرانی بدۆزێتەوە و بەسزایان بگەیەنێت، بەڵام بەهەرحاڵ بەشێک لە ئەرکەکانی حکومەت، کە ئامانجی رێگرتنە لە روودانی تاوان، رووبەڕووی مەترسیەکی تایبەت دەبێتەوە بەو مانایەی کە لەوانەیە لە کاتی چوونە ناو سنورەکانی ئازادی تاکو تووشی خراپ بەکارهێنان ببێت، چونکە کەمتر ناوەندێک لە قەڵەمڕەوی ئەو جۆرە ئازادیەدا، کە نەتوانرێت بە شێوازێکی دادپەروەرانە شیاوی پێشێلکردن نیشان بدرێت و خەڵک بهێنێتە سەر ئەو بڕوایەی، کە جێبەجێکردنی مافەکانی ئازادی تاک لەم بوارەدا ئاسانکاری بۆ تاوانباران فەراهەم دەکات.

ئەگەر بەرپرسێکی حکومی یان تەنانەت بەرپرسێکی تایبەتی بە چاوی خۆی ببینێت، کە بە ئاشکرا کەسێک خۆی بۆ ئەنجامدانی تاوانێک ئامادە دەکات، ئەو ئیتر ناچار نییە دەست لەسەر دەست دانێت تاکو تاوانەکە روودەدات، بەڵکو مافی ئەوەی هەیە هەوڵی رێگرتن لە روودانی تاوانەکە بدات. ئەگەر ماددە ژەهراوییەکان هەرگیز بە مەبەستێک جگە لە ئەنجامدانی کردەی کوشتن بەکارناهێنرێت، قەدەغەکردنی کڕین و فرۆشتنی کارێکی درووستدەبوو، بەڵام راستیەکەی ئەوەیە کە ئەم جۆرە مادانە، نەک هەر لەوانەیە بۆ زنجیرە مەبەستێکی بێگەرد، بەڵکو لە بنەڕەتدا بۆ ئامانجگەلێکی سودمەند پێویست بێت و ئێمەش بە گوێرەی ئەزموون دەزانین، کە مەحاڵە کۆت و بەند و رێساگەلێک کە تەنها بریتیە لە حاڵەتێکی تایبەتی و جیاواز جێگیر بکرێت و دڵنیا بێت لەوەی کە ئەو رێسایانە لە حاڵەتی دیکەدا بەکار نابرێن، هەروەها ئەرکێکی دیکەی بەرپرسانی حکومی ئەوەیە پارێزگاری لە خەڵک بکەن لە بەرامبەر پێشهاتە خراپەکاندا. ئەگەر پاسەوانێک، یان

کەسێکی تر ئاگادار بوو کە ڕێبوارێک خەریکە لە پردێکەوە دەپەڕێتەوە، کە بۆ پەڕینەوە نابێت و دەرفەتی پێویستی بۆ ئاگادارکردنی لەو ڕووداوە نییە، هەر کام لەو دوو کەسە، دەتوانن ڕێبوارەکە بە زۆر لەو ڕێڕەوە بکشێننەوە و دڵنیابن لەوەی کە هیچ جۆرە دەستدرێژیەکیان نەکردوەتە سەر ئازادییەکانی ئەو، چونکە مانای ڕاستەقینەی ئازادی کردار ئەوەیە، کە مرۆڤ بتوانێت ئەوەی کە دڵی دەیخوازێت ئەنجامیبدات و بەدڵنیایەوە ئەو هەرگیز دڵی ناخوازێت بکەوێتە ناو ڕووبارەکەوە، بەڵام کاتێک دڵنیا نیت لە ڕوودانی زیانەکە، بەڵکو تەنها مەترسی ڕوودانی لە ئارادایە، هیچ کەسێک جگە لە خودی ئەو کەسە ناتوانێت سەبارەت بە تەواوبوونی ئەو هۆکارەی کە ئەوی ناچار بە قبوڵی مەترسی کردوە داوەری بکات، لەم ڕووەوە لەم حاڵەتەی دواییدا (جگە لەوەی کە گریمانەی ئەوە بکەین کەسەکە منداڵێکە، یان گەورە ساڵێکە کە تووشی کێشەی دەروونی بووە، یان ئەوەی کە لە خەیاڵێکی شەیداییدا نوقمبووە، کە ڕێگرە لە بەردەم بەکارهێنانی تەواوەتی توانای فیکری ئەودا)، بە بڕوای من پێویستە تەنها ئاگاداری بکەینەوە کە ئەگەری وەها مەترسیەک لە ئارادایە و زیاتر لەمە نابێت بێزاری بکەیت. ئەگەر دیسان سەرباری ئاگادارکردنەوەکە، ویستی خۆی لەو مەترسیە بدات، ئەوکات نابێت ڕێگری لە ئازادی کردەوەی بکرێت.

ئێستا ئەگەر هەر لەم ڕوانگەیەوە بڕوانینە فرۆشتنی مادده ژەهراویەکاندا لەوانەیە بتوانین پێوانەیەک دیاری بکەین، کە ئەم گرفتە چارەسەر بکات، واتا نیشانیبدات کە کامە ڕێسا بۆ قەدەغەکردنی ئەو جۆرە دەرمانە دانراوە لەگەڵ بنەماکانی ئازادی نایەتەوە و کامەیان دێتەوە. بۆ نمونە لەوانەیە فرۆشیار ناچاربکرێت نوسراوێکی چەند وشەیی بۆ ئاگاداربوون لە مەترسییەکانی بە دەرمانەکەوە بلکێنێت، بە بێئەوەی بەو کارەی مافی

ئازادی کردەی فرۆشیاری پێشێل کردبێت، چونکە مەحاڵە کڕیارێک هەبێت کە حەز نەکات بەر لە کڕینی ئەو کاڵایە ئاگاداری تایبەتمەندی ژەهراوی بوونی نەبێت، بەڵام داواکردنی مۆڵەتی پزیشک لە کڕیار (هەر کاتێک کە ئەو ویستی مادەی ژەهراوی بکڕێت) بەدەستهێنانی مادەکە بە مەبەستی بەکارهێنانی رەوا هەندێکجار مەحاڵە و جارجارەش پڕ خەرجە. بە بۆچوونی من تەنها رێگە بۆ دروستکردنی گرفت لە بەردەم پلانی ئەو کەسانەی، کە دەیانەوێت لەم رێگەیەوە تاوانێک ئەنجام بدەن، بێ ئەوەی لەم بارەیەوە دەستدرێژییەک کرابێت سەر مافی ئازادی بازرگانی، بریتییە لە دابینکردنی ئەو شتەی کە لە دەستەواژەیەکی دەقیق و رازاوەی بنتهامدا (بەڵگە بەر لە بڕیار)ی پێدەوترێت. سەبارەت بە گرێبەستەکان هەمووان لەگەڵ ئەو مەرجانە ئاشنان. شێوەی باو ئەوەیە و مافیش بەو جۆرەیە، کە یاسا (وەکو مەرجی جێبەجێکردنی گرێبەستێک کە ئیمزا دەکرێت) داوا لە لایەنەکانی گرێبەستەکە بکات، کە هەندێک تەشریفاتی سەرەتایی جێبەجێ بکەن. ئەو تەشریفاتەش بەو جۆرەی کە دەزانین بریتییە لە ئیمزاکردنی گرێبەستەکە، ئامادەبوونی شایەتەکان، چەند شتێکی دیکەی لەو چەشنە کە مەبەست لە ئەنجامدانی هەمووی ئەوانە بۆ ئەوەیە کە ئەگەر دواتر کێشەیەک هاتە ئاراوە، بەڵگەیەک بەدەستەوە بێت کە یەکەم بوونی گرێبەستەکە بسەلمێنێت و دووەمیش نیشانیبدات لە گرێبەستەکەدا دۆخێک بوونی نییە، کە بەڵگەنامەکە لەبواری یاساییەوە بێکەڵک بکات. هەموو ئەو تەشریفاتە تەنها بەو مەبەستە ئەنجام دەدرێت، کە بەستنی گرێبەستنی خەیاڵی دژوار بکاتەوە و لانیکەم لە بەستنی پەیماننامەگەلێک رێگری بکات، کە لە بارودۆخێکدا ئیمزا دەکرێن، کە ئەگەر پێشتر کوالیتیەکەیان روون بوایە، راستیەتی بەڵگەنامەکەی لەناو دەبرد. پارێزکردنێکی لەم چەشنە

لەوانەیە لە کاتی فرۆشتنی مادەیەکدا، کە پێدەچێت بەمەبەستی ئەنجامدانی تاوانێک دەکڕدرێت بە زۆر جێبەجێبکرێت. بۆ نموونە لەوانەیە کە فرۆشیار ناچاربکرێت بەرواری فرۆشتنەکە، ناونیشانی کڕیار، هەمووی ئەم یاداشتانە و لە کڕیارەکەش بپرسێت کە مادده ژەهراویەکەی بۆ چ مەبەستێک دەوێت وەڵامەکەشی یاداشت بکات. کاتێک کە کڕینی ئەو جۆرە دەرمانانە بەبێ رەچەتەی پزیشک ئەنجامدەدرێت، لەوانە داوای ئامادەبوونی کەسی سێهەمیش بکرێت، بۆ ئەوەی کڕیار بە باشی تێگەیەنرێت کە ئەگەر دواتر بەڵگەیەک دەستکەوێت، کە دەریخات دەرمانەکەی بۆ ئەنجامدانی تاوانێک کڕیوە، نەتوانێت نکۆڵی لە کڕینی بکات. ئەمجۆرە رێسا دڵنیاکەرانە بە گشتی دەبێت جۆرێک بێت، کە نەبێتە کۆسپ لە بەردەم بە دەستهێنانی مادەی پێویستدا و لە هەمانکاتدا کۆسپێکی گەورەش بێت لەبەردەم ئەو کەسانەی، کە بەنیازن بۆ مەبەستی خراپ بەکاریبهێنن.

**مافەکانی کۆمەڵگە لە سزادانی تاکدا**

ئەو مافەی کە کۆمەڵگە بۆ خۆی بەڕەوا دەزانێت، واتا مافی گرتنەبەری رێوشوێنی پێویستی دڵنیایی بۆ سڕینەوە و شکستپێهێنانی تاوانێک، کە لەوانەیە لە دژی کۆمەڵگە رووبدات – بە دیاری و ئاشکرا کۆسپەکانی ئەو بنەما بەناوبانگە نیشاندەدات، کە بانگەشەی ئەوە دەکات کۆمەڵگە ناتوانێت و نابێت لە شێوازە سەرپێچی کارانەکاندا کە تەنها تایبەتە بە خودی مرۆڤ بە مەبەستی رێگرتن، یان سزادانی ئەو دەستوەربدات. بۆ نموونە، کرداری سەرخۆشبوون لە حاڵەتی ئاساییدا ناچێتە خانەی ئەو تاوانانەوە کە سزای یاسایی دەیانگرێتەوە، بەڵام خودی من لەگەڵ ئەم کردارە هاوڕام (واتا بە تەواوەتی بە رێگەپێدراوی دەزانم) کە ئەگەر تاکێک جارێک بە

تۆمەتی دەستدرێژی کردنە سەر کەسانی تر (لە کاتی سەرخۆشیدا) مەحکوم کرابێت دەبێت ئەو ڕووبەڕووی جۆرێک لە سنورداربوونی جیاواز (یاسایی) بکرێتەوە، کە تەنها تایبەت بە خۆی بێت، بەو مانایەی کە دووپاتبوونەوەی هەمان کردار (واتا دووبارە سەرخۆشبوونەوەی) ڕووبەڕووی سزای یاسایی بکرێتەوە، ئەگەر لە دوایین حاڵەتدا جارێکی تر کردارێکی سەرپێچکارانەی ئەنجامدا، ئەوا پێویستە سزایەکی قورستر لە جارەکەی پێشووی بەسەردا بسەپێنرێت.

کرداری سەرخۆشبوون، کاتێک کە کاریگەریەکانی کحولی بەکارهاتوو لایەنی بەکارهێنەر ئاڵۆز دەکات و دەبێتە هۆی بەزاندنی سنووری ئازادی کەسانی تر، ئەو کردارە تاوانێکە بەرامبەر بە کەسانی تر ئەنجامی داوە. بێکاری و بەرەڵایی، جگە لەو کەسانەی کە لە سامانی گشتی مەعاش وەردەگرن یاخود بێکاربوون و بەرەڵایی ئەوان دەبێتە هۆی پێشێلکردنی بەڵێنەکانی بەرامبەر بە کەسانی تر، لە پلەی یەکەمدا دەچێتە چوارچێوەی کرداری دوانەیی واتا یاسای سزادانی کەسی بێکار، یان بەرەڵا ناگرێتەوە، بەڵام ئەگەر ئەو کەسە بەهۆی بێکاری ئەنقەست، یان هۆکارێکی تر کە توانای ڕێگرتنی هەبووبێت و کەمتەرخەمی کردبێت لە ئەنجامدانی ئەرکی یاسایی خۆیدا بەرامبەر بە کەسانی تردا، بۆ نموونە خەرجی ژن و منداڵەکەی خۆی نەدات ئەو کات دەتوانرێت لە ڕێگەی فشارەوە ناچار بە بەڵێنیەکانی بکرێت و دڵنیا بێت لەوەی کە هیچ جۆرە ناحەقیەک بەرامبەری نەکراوە، هەروەها کردارێکی زۆر هەیە کە لەبەرئەوەی کە تەنها زیانی بۆ ئەنجامدەرەکەی هەیە بە پێی یاسا نابێت سزا بدرێت، بەڵام ئەگەر هەر ئەو کردارە لە بەرچاوی جەماوەر ئەنجام بدرێت بە ڕەفتارێکی نەشیاو لەقەڵەم دەدرێت، بەوپێیەش بە هۆی ئەوەی دەچێتە ناو لیستی تاوانی دژی

کۆمەڵەوە، لەوانەیە ئەنجامدانی قەدەغە بکرێت و سزای بۆ دابنرێت. ئەو کردارانەی کە لە دژی رەفتاری پەسەندکراوی گشتییە دەتوانین ناوببەین. سەبارەت بەمجۆرە تاوانانە شیکردنەوەی زیاتر پێویست نییە، چونکە تەنها بە شێوەی ناڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بابەتی باسەکەی ئێمەوە هەیە.

هەروەها مەسەلەیەکی تر هەیە، کە پێویستی بە وەڵامێکی گونجاوە لەگەڵ بنەمای جێگیرکراو لەم کتێبەدا، لە حاڵەتێکدا کە ناوەڕۆکی (رەفتاری تایبەتی) جۆرێکە کە سەرزەنشت وەرگرە، بەڵام رێزگرتن لە ئازادی تاک کۆسپە، بۆ ئەوەی کۆمەڵگە رێگری لەو رەفتارە بکات، یان ئەوەی کە ئەنجامدەرەکەی سزا بدات، ئایا ئەو کردارەی کە رێگەی ئەنجامدانی بەو کەسە تایبەتە دراوە مافێکی هاوشێوە بۆ کەسانی تر دەستەبەر دەکات، کە هاندەری هەمان کرداربێت، یان ئەوەی کە سەبارەت بە ئاسانکاری ئەنجامدانی لەگەڵ یەکتری راوێژو هاوکاری بکەن؟

وەڵامدانەوە بەم پرسیارە بەدەر نییە لە کەموکوڕی، ئەگەر سەبارەت بە دۆخی کەسێک کە کەسێکی تر لە رێگە دەردەکات و ناچاری دەکات بە ئەنجامدانی کردارێکی تایبەت بە وردی تاوتوێ بکەین و دەبینین کە ئەم کردارە لە ریزی ئەو کردارانەدا نییە، کە تەنها پەیوەندیدار بە خودی ئەو کەسەوە بێت.

ئامۆژگاریکردنی کەسێک سەبارەت بە جێبەجێکردنی هەندێک کار یان بەلاڕێدابردن و هەڵخەڵەتاندنی بۆ ئەنجامدانی هەمان کردار، خۆی جۆرێکە لە کرداری کۆمەڵایەتی بەم پێیە، لەوانەیە وەکو هەموو ئەو کارانەی کە کاردەکاتە سەر بەرژەوەندیەکانی کەسانی تر بنەمای چاودێری کۆمەڵ بیگرێتەوە، بەڵام بە هەندێک تێڕامانەوە مرۆڤ تێدەگات کە ئەم بۆچوونە دروست نییە، چونکە ئەم حاڵەتەی کە باسی لە سەر دەکەین

ئەگەرچی لە چوارچێوەی پێناسەی (ئازادی تاکدا) ناگونجێت، بەڵام ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە بنەمای ئەم ئازادییە، هەمان حاڵەتیش لەخۆ ناگرێت. بە واتایەکی تر، ئەگەر بڕیارە دەست و قاچی خەڵک بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە تەنها پەیوەندی بە خۆیانەوە هەیە کراوە بێت، واتا ئازاد بن ئەو کارانە بەو جۆرەی کە دڵخوازی خۆیانە ئەنجامی بدەن (بەو مەرجەی مەترسییەکانی بگرنە ئەستۆ) لەو حاڵەتدا دەبێت ئازادی ئەوەشیان هەبێت لەگەڵ یەکتری گفتوگۆ بکەن، سەبارەت بەوەی کە کامە کردار بۆ ئەنجامدان گونجاوە. دەبێت ئازاد بن بیروایان لەگەڵ یەکتر ئاڵوگۆڕ پێبکەن، پێشنیار بە یەکتری بکەن و پێشنیار وەربگرن. کاتێک مرۆڤ لە ئەنجامدانی کردارێکدا ئازادە دەبێت، پێویستە ئازاد بێت لە پاساوکردنیشیدا.

ئەم مەسەلەیە تەنها کاتێک لایەنی نارۆشن و تەم و مژاوی بە خۆیەوە دەگرێت، کە ئەو کەسەی خەڵکانی تری بە ئەنجامدانی کردارێک هانداوە جۆرێک سودی لەو کارە بردبێت. بە واتایەکی تر پرسەکە کاتێک گوماناوی دەبێت، کە ئەو کەسە بە بەدەستهێنانی بژێوی، یان بانگەشەی کردارێک کە بۆ بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە زیانبەخش بێت. ئەگەر پرسەکە بچێتە وەها دۆخێکەوە، ئەو کات بەراستی هۆکارێکی نوێ و ئاڵۆزکەر هاتووەتە ئاراوە، کە بریتیە لەبوونی چینێک کە لە کۆمەڵگەدا بەرژەوەندییەکانی بە پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی خەڵک لێکدەدرێتەوە و شێوازی ژیانی ئەوان بە پێچەوانەی خۆش بژێوی گشتیە.

لە بەرامبەر وەها دۆخێکدا ئایا حکومەت مافی دەستوەردانی هەیە یان نا؟ بۆ نموونە لەم خاڵەدا باسێک نییە سەبارەت بەوەی کە کۆمەڵگە لە نێوان پەیوەندی ئازادی سێکسی نێوان پیاوان و ژنان، هەروەها کرداری قوماربازی تەحەمول بکات و چاوپۆشی لێبکات، بەڵام بیرجیاوازی لێرەوە

دەستپێدەکات، کە ئایا لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵدا کەسانێک مافی ئەوەیان هەیە وەکو (دەلالی سۆزداری) ببنە ناوبژیوانی نێوان پیاوان و ژنان، یان ئەوەی کە قومارخانەیەک دروست بکەن؟ ئەم پرسە یەکێک لەو حاڵەتە تایبەتیانەیە کە رێک لەسەر هێڵی نێوان دوو بنەمای سەرەکی ئەم بەشە جێیگرتوە و دۆخێکی هەیە، کە ناتوانرێت خیرا بوترێت سەر بە کام لەم دوو ناوچە بنەماییانەیە، چونکە هەر دوو لایەن ئەو هۆکارانەی کە بە رواڵەت بەهێزە لە بەرژەوەندی خۆیاندا ئاراستەی دەکەن، لە پەسەندکردنی قسەی ئەو کەسانەدا کە بڕوایان وایە دەبێت بوونی ئەم جۆرە پیشەیە لە کۆمەڵگەدا تەحەمول بکرێت، دەتوانین بەڵگە بهێنینەوە کە کرداری تاکێکی مرۆیی کە شتێک وەکو پیشەی خۆی هەڵبژێرێت و بژێوی و سودی خۆی لەو بوارەدا دابین بکات بە شێوەی لۆژیکی سزای یاسایی نایگرێتەوە، چونکە بنەمای کردارەکە لە حاڵەتی تاکەکەسیدا بە رێگەپێدراو لەقەڵەمدراوە، وەها کردارێک دەبێت بە گشتی رێگە پێدراو بێت، یان ئەوەی کە بە تەواوەتی قەدەغەبکرێت، ئەگەر بنەمایەک کە تا ئێستا بەرگریلێکراوە درووستبێت کۆمەڵگە، وەکو کۆمەڵگە بە هیچ شێوەیەک مافی بڕیاردانی سەبارەت بەوەی کە فلانە کردار هەڵەیە(کاتێک ئەو کردارە تەنها پەیوەندی بە تاکێکی مرۆییەوە هەیە) نییە، بە واتایەکی تر کۆمەڵگە مافێکی جگە لەوە نییە کە تاکەکە لە رێگای ئامۆژگاری و روونکردنەوەوە لەو کردارەی پەشیمان بکاتەوە، بەڵام ئەگەر بڕیارە خەڵک ئازادبن لەوەی کە کەسێک یان کەسانێک بە (نەکردنی) کارێک ناچار بکەن، کەسانی دیکەش دەبێت بەم شێوەیە ئازادبن، هەمان کەس یان کەسان بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە هانبدەن.
لە دژایەتی ئەم بۆچوونەدا دەتوانین بەڵگەی ئەوە بهێنینەوە، ئەگەرچی کۆمەڵگە یان حکومەت هیچ کامیان رێگەپێدراو نین کردارەکانی تاکێکی

مرۆیی کە زیان بە بەرژەوەندییەکانی کەسانی تر ناگەیەنێت، بە چاک یان خراپ، ڕێگەپێدراو یان قەدەغە، رابگەیەنن، بەڵام هەر دوو لایەنی کۆمەڵگە و حکومەت ڕێگەپێدراون بەم جۆرە بیربکەنەوە (لە حاڵەتێکدا کردارەکەیان بە خراپ لێکدرایەوە) کە خراپبوون یان نەبوونی لانیکەم مەسەلەیەکە کە جێی لێپرسینەوەی هەیە. بەم گریمانەیەش ئیتر ناکرێت رەخنە لە کرداری کەسانێک بگیرێت، کە هەوڵدەدەن ڕێگری لە هەژمونی دەڵاڵان و ئاژاوەگێڕان بکەن، چونکە ئەم جۆرە پیشەوەرانە لەراستیدا بێلایەن نین و سودێکی راستەوخۆیان لە پێشخستنی ئەو لایەنەی پرسەکەدا هەیە، کە بە بڕوای حکومەت گوماناوی و مەترسیدارە و هەر جۆرە هاندانێک لەو بارەیەوە لە بەرژەوەندی تاکدایە. لایەنگرانی بایکۆتکردنی ئەم جۆرە پیشانە، لەوانەیە بەڵگەی ئەوە بهێننەوە و بڵێن ئەگەر ئێمە کارەکان وەها ڕێکبخەین، کە تاکەکانی کۆمەڵگە بتوانن ئەوەی دڵیان دەیخوازێت بە هەر جۆرێک کە بە بیری خۆیان دەگات (ژیرانە یان نەزانانە) هەڵبژێرن و لەم کارەدا تا ئەو شوێنەی کە مومکینە لە هاوکاری ئەو کەسانەی کە خواست و حەزی خەڵک بۆ دابینکردنی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیان دەبزوێنن ئازاد و بێمنەت بن، کرداری ئێمە نە زیان بە کۆمەڵگە دەگەیەنێت و نە بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگە بەلاڕێدا دەبات. بەم پێیەش ئەوانەی کە خوازیاری بایکۆتن، لەوانەیە بڵێن ئەگەرچی ئەو یاسایانەی کە پەیوەندیدارن بە ڕێگرتن لە یارییە قەدەغەکراوەکان بە هیچ شێوەیەک شیاوی بەرگریکردن نییە، گەرچی هەموو تاکەکان ئازاد بن، کە لە ماڵەکەی خۆیان یان ماڵی خەڵکانی تر، یاخود  لە یانەو کانگای تایبەتی کە خەرجی ئیدارەکردنەکەی خۆیان دەیدەن (دەرگاکەی تەنها بەرووی ئەندامەکانی و میوانەکاندا کراوەیە) قوماربازی بکەن - نابێت دانانی قومارخانە گشتییەکان ئازاد بێت. راستە ئەم

سزایانە هەرگیز بە شێوەی ڕاستەقینە کاریگەر نابن و سەرباری هەر جۆرە دەسەڵاتێکی ڕەها، کە بە پۆلیس دەردرێت دیسان قومارخانە گشتییەکان لە ژێرناو و بیانووی جۆراجۆردا دادەنرێنەوە، بەڵام لانیکەم دەکرێت ئەوان ناچار بکرێن، کرداری ناڕەوای خۆیان تا ڕادەیەک بە نهێنی ئەنجامبدەن بە جۆرێک کە هیچ کەسێک، جگە لەو ژمارە کەسە دیارە، کە بەدوای ئەو جۆرە شوێنەدا دەگەڕێن، لە بوونیان ئاگادار نەبن و کۆمەڵگە زیاتر لەمە نابێت ئەرک یان مەبەستێک بۆ خۆی دیاری بکات.

لە هەرکامە لەم دوو بەڵگەهێنانەوەیەدا، توانایەکی زۆر هەیە، من لە ڕاستیدا جەربەزەی دەربڕینی لێبڕاوانەم نییە، کە ئایا بەڵگەهێنانەوەی کۆتایی بۆ پاساوکردنی ئەو نادادپەروەریە ئەخلاقیەی کە لە شێوازی ئێستای کۆمەڵگە سەرچاوەی گرتووە بەسە یان نا؟ لەو شێوازەی کە بە هۆیەوە ئەو کەسەی کە «بووەتە واسیتەی کردار» بە تاوانبار لەقەڵەم دەدرێت، لە کاتێکدا ئەنجامدەرانی سەرەکی کردەکە ئازادن (پێویستە ئازادیش بن) کە درێژە بە کارەکەی خۆیان بدەن. ئایا ئەوە دادپەروەرانەیە، کە ئێمە دەڵاڵێکی موحیبەت، کە بووەتە هۆی پێکهێنانی پەیوەندی نێوان دوو کەسی بیانی پیاوێک و ژنێک زیندانی یان غەرامەی نەقدی بکەین، لە کاتێکدا لە بواری بنەماییەوە قبوڵمان کردووە کە خودی کردەکە «دەست تێوەرنەدراوە». یان بۆ نموونە ئەگەر بەڕێوەبەرانی قومارخانە سزا بدەین، لەکاتێکدا قبوڵمان کردووە کە نابێت ڕێگری لە خودی قوماربازەکان بکەین. لە ڕەوتی ئاسایی کڕین و فرۆشتندا (بە گوێرەی زنجیرە بەڵگەیەکی هاوشێوە)، ئاستی دەستوەردانی حکومەت، تەنانەت پێویستە کەمتر لەمەش بێت، چونکە هەر جۆرە کاڵایەک کە کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکرێت لەوانەیە زیاتر لە ئاستی پێویست بەکاربهێنرێت، بەڵام بە بەکارهێنانی ئەم ئەگەرە، ناتوانرێت

هیچ جۆرە بەرگریەکی گریمانەیی لە «یاسای مین» بکرێت، چونکە چینێک لە سەوداگەران و بازرگانان کە کارییان بەرهەمهێنان و فرۆشتنی ماددە کحولییەکانە، گەرچی حەزیان لە خراپ بەکارهێنانی پیشەکەی خۆیانە، بەڵام لە هەمانکاتدا بوونیان بۆ بەکارهێنانی رێگەپێدراوی کاڵایەک کە دەیفرۆشن پێویستی هەیە. بەرژەوەندییەک کە ئەمجۆرە سەوداگەرانە لە هاندانی بەدمەستیدا هەیانە، زیانێکی راستەقینەیە و کرداری حکومەت بۆ دانانی رێسا یان سەپاندنی کۆسپ پاساو دەکات، هەروەها مافی گەرەنتیگەلێک بە حکومەت دەدات، کە تەنها بەو هۆکارەی کە لەسەرەوە باسی لێوەکرا رێگەپێدراوە، ئەگینا لە بارودۆخی ئاساییدا جۆرێک دەستدرێژی ناڕەوایە بۆ سەر ئازادی کارو کاسپی.

**سنورەکانی ئازادی تاک**

مەسەلەیەکی تر کە دیسان پێویستی بە وەڵامدانەوە هەیە ئەوەیە، کە دەوڵەت لە هەمانکاتدا کە هەندێک لە ئاکارەکانی خەڵک (بە وەسفی ئەوەی کە کرداری دژ بە باشترین بەرژەوەندی کۆمەڵگە لێکبدرێنەوە) وەک رێزدانانێک بۆ مافی ئازادی تاکەکەسی ئازاد بکرێت، ئایا ئەرکیەتی بەشێوەی ناڕاستەوخۆ رێگری بکات لە هاندانی ئەو کردارە؟ بۆ نموونە رێگاکان و کەرەستەکانی سەرخۆشبوون پڕخەرج بکات؟ یان ئەوەی کە گرفتەکانی بەرهەمهێنانی خواردنەوە کحولیەکان بەکەمکردنەوەی ژمارەی مەیخانەکان زیاتر بکات؟ سەبارەت بەم مەسەلەیەو مەسەلەکانی تر بەناچاری دەبێت جیاوازی زۆر دابنێین. دۆخی باج لەسەر ئەم جۆرە خوارنەوە کحولییانە، تەنها بەو مەبەستەی کە بەدەستهێنانیان سەختتر دەکات، هەنگاوێکە کە بە شێوەی رێژەیی لەگەڵ سزادانی رەهای ئەوان جیاوازی هەیە و تەنها کاتێک

ڕێگەپێدراو دەبێت کە خودی کردارەکە، واتا سزادانی فرۆشتنی کاڵاکە، ڕێگە پێدراوبێت. هەرجۆرە بەرزکردنەوەیەکی نرخی کاڵاکە سزادانە بەرامبەر ئەو کەسانەی کە توانای کڕینیان ناگاتە نرخی نوێ و ئەوەش سزادانی ئەو کەسانەیە کە توانای کڕینیان هەیە، بەڵام بە پێچەوانەی خواستی ئەو کەسانەی کە دژی بەکارهێنانی ئەو جۆرە خواردنەوانەن، ڕەفتار دەکات. هەڵبژاردنی کەرەسنەکانی باش بژێوی و ئەو شێوازانەی کە خەڵک بۆ خەرجکردنی داهاتەکانیان دەیگرنەبەر، دوای ئەوەی کە بەڵێنی یاسایی و ئەخلاقی خۆیان بەرامبەر بە حکومەت و تاکەکان بە ئەنجام گەیاند - مافێکە کە تەنها پەیوەندی بە خۆیانەوە هەیە، بۆیە دەبێت پشت بە داوەری تاکەکەسیان ببەستێت.

ئەم جۆرە تێبینیانە لەوانەیە لە بۆچوونی یەکەمدا، بە دانانی باجی زۆر قورس لەسەر مادده هۆشبەر و کحولییەکان (کە لە ڕوانگەی زۆربەی حکومەتەکانەوە بۆ دابینکردنی داهاتەکانی حکومەت پێویستە) بخاتە داوەوە، بەڵام نابێت فەرامۆش بکرێت کە دۆخی باجەکان بۆ دابینکردنی بودجەی وڵات پێویست و حاشاهەڵنەگرەو لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا، پێویستە بەشی هەرەزۆری ئەو داهاتە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ لە تاکەکان وەربگیرێت. لەم ڕووەوە ئەرکی دەوڵەت ئەوەیە کاتی دانانی باجەکان ئەو خاڵەی لەبەرچاو بێت، کە چینە بەکارهێنەرەکان باشتر دەتوانن چاوپۆشی لە چ جۆرە کاڵایەک بکەن و تەنها ئەو بەشە لە کاڵاکە بەکارهێنانی بۆ بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە زیانبارە، بخاتە چوارچێوەی پێدانی باجەوە. دانانی ئەو جۆرە باجە بە ڕادەیەک کە ئاستی بەرزی داهات بۆ بەکارهێنانی وڵات دابینبکات (بە گریمانەی ئەوەی کە حکومەت پێویستی بە تێکڕای داهاتەکانی بەرهەم هاتوو لەم ڕێڕەوە بێت) نەک هەر شیاوی وەرگرتن ،

بەڵکو شیاوی پیرۆزکردن بێت.

بەڵام سنووردارکردنی ئەم جۆرە کاڵایە بە کەسانێکی دیاریکراوەوە، مەسەلەیەکی ترە کە پێویستی بە وەڵامێکی تر هەیە، چونکە دانانی پرسەکە، بەو پێیەی کە ئەم جۆرە سنوردارکردنە بە چ مەبەستێک دەکرێت جیاوازە. بۆ نموونە پۆلیس دەبێت مافی ئەوەی هەبێت تێکڕای شوێنە گشتییەکان بخاتە ژێر چاودێرییەوە، بۆ نموونە ئەو شوێنانەی کە شوێنی فرۆشتنی خواردنەوە وروژێنەرە کحولییەکانە زیاتر بخاتە ژێر چاودێری و پشکنینەوە، چونکە ئەو تاوانانەی کە لە دژی ئاسایشی کۆمەڵگە ئەنجامدەدرێن بە زۆری لەم شوێنە پڕ لە گەندەڵیەوە سەرچاوەدەگرێت. لەم روانگەیەوە لەوانەیە گونجاوتر ئەوە بێت کە دەوڵەت مافی فرۆشتنی ئەو مادەیە (لانیکەم کاتێک کە کڕیار بەنیازە ماددەکە هەر لەو شوێنە بەکاربهێنێت) بەو پیشەوەرانەوە سنووردار بکات، کە پێشینەیەکی پاکیان لە بازرگانی و کارو کاسبیدا هەبووە.

هەروەها رێساکانی تایبەت بە کردنەوە و داخستنی ئەو شوێنانە جۆرێک رێکبخات کە جگە لە پۆلیس تاکەکانی کۆمەڵیش بتوانن چاودێریان بکەن. پێویستە حکومەتیش مافی ئەوەی هەبێت لە حاڵەتێکدا کە مشتەرییەکانی ئەو شوێنانە ئازادییەکانی خەڵکیان پێشێلکرد، مۆڵەتی کارکردنیان لێوەربگرێتەوە و دەرگای ئەو شوێنانە دابخات، کە بووەتە شوێنی تاوانباران و پێشێلکارانی یاسا.

بەڵام ئیتر پێموانییە زیاتر لەمە سنوورێک دابنرێت کە لەسەر بنەمایەکی رێگەپێدراو بێت، بۆ نموونە سنوردارکردنی ژمارەی مەیخانە و دوکانەکانی مەی فرۆشی بەو مەبەستەی کە بەدەستهێنانی سەختتر بێتەوە بەو شێوەیەش دەرفەتی سەرخۆشبوون کەمکاتەوە نەک هەر دەبێتە هۆی رەنجاندنی تەواوی ئەو کەسانەی کە ئەو جۆرە خواردنەوەیە بەکاردەهێنن،

بەڵکو بە بنەڕەتدا دانانی ئەو جۆرە ڕێسایانە شیاوی ئەو دەسەڵاتانەیە، کە بە ئاشکرا بە چاوێکی منداڵانە و دڕندانەوە دەڕوانێتە چینی کرێکاران و لەو بڕوایدان کە پێویستە ڕێگری لە ئازادی کردارییان بکرێت بۆ ئەوەی کە تەمبێ ببن و بتوانن لە داهاتوودا سودمەند بن لە مافی ئازادی، بەڵام ئەو بنەمایە لە وڵاتانی ئـازاددا بۆ ئیدارەدانی کارووباری چینی کرێکار قبوڵنەکراوە. ئەو کەسەی کە بایەخ بە ئازادی دەدات، هەرگیز ڕەزامەند نابێت کە تاکەکانی ئەو چینە بەم جۆرە ئیدارە بکرێن، مەگەر ئەوەی کە سەرجەم هەوڵەکان بۆ پەروەردەکردنیان شکستی هێنابێت و بەو ئەنجامە گەیشتبن، کە وەکو منداڵ مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن. دەربڕینی ڕاشکاوانە و بێ پێچ و پەنای ئەم بۆچوونە دوای خۆی بێهوودە بوونی ئەمجۆرە سنوورانە دەردەخات. تەنها بەو هۆیەی کە ڕێکخراوە بنەڕەتییەکانی ئێمە پڕن لە شتی ناڕەوا و ڕێگە پێنەدراو، دەتوانین لە قۆناغی کرداردا ئەو شتانە قبوڵ بکەین، کە پەیوەندی بە سیستمە دیکتاتۆر و باوک مەزنییەکانەوە هەیە، چونکە ئازادی گشتی ڕێکخراوە بنەڕەتییەکانی ئێمە بە گشتی کۆسپە لەبەردەم ئەوەی کە حکومەتەکان بتوانن کۆنترۆڵێک بەو ئاستەی کە بۆ جێبەجێکردنی پەروەردەی ئەخلاقی پێویستە بەکاربهێنن.

### گەرەنتی کردنی ئازادی کەسانی دیکە

پێشتر ئاماژەمان پێدا، کە ئازادی تاک لە تەواوی ئەو شتانەدا کە پەیوەندی بە خۆیەوە هەیە، گەرەنتی ئەو مافەیە کە ئێکڕای تاکەکانی تریش بەو ڕادەیە ئازادن، کە بە ڕێکەوتن تەواوی ئەو شتانەی کە پەیوەندی بە خۆیانەوە هەیە بە شێوەی دڵخوازی خۆیان ڕێکبخەن. ئەم مەسەلەیە، کێشەیەکی نابێت تا ئەو کاتەی کە گۆڕانکاری لە ئیرادەی ئەو کەسانەدا

پێکنەهێنێت کە لە پرسەکەدا ئێوەگلابێت، بەڵام لەو رووەوە کە لەوانەیە ئەو ئیرادەیە بگۆڕدرێت بە زۆری ئەو پێویستە دێتە ئاراوە کە لایەنەکان تەنانەت لەو شتانەشدا کە تەنها پەیوەندی بە خۆیانەوە هەیە، بەڵێنیک لە بەرامبەر یەکتردا لە ئەستۆ بگرن و کاتێک ئەم بەڵێنانە لە ئەستۆگیران، جێبەجێکردنیان وەکو رێسایەکی گشتی پێویستە. بەم حاڵەشەوە لە یاساکانی وڵاتانی جۆراوجۆردا زنجیرەیەک حاڵەتی تایبەتی بۆ ئەم رێسا گشتییە لەبەرچاو گیراوە. لەم حاڵەتانەدا خەڵک نەک هەر بەرپرسیار نین لەو بەڵێنانەدا کە مافی کەسانی دیکە پێشێل دەکات، بەڵکو هەندێکجار هەر ئەم بابەتە کە بەڵێنیک زیانبەخش دەبێت بە نیسبەت ئەوانەوە بەڵگەی پێویستە بۆ ئازادکردنی ئەو بەڵێندەرانەی کە لە بەندی ئەو بەڵێنیەی کە دوایانە رزگارییان بووە. بۆ نموونە لە بەریتانیا و زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی تر، هەرجۆرە مامەڵە یان رێکەوتنێک کە رێگە بە فرۆشتنی مرۆڤ بدات، یان ئەوەی کە رێگە بدات کەسانی تر وەکو کۆیلە بیکڕن، هەڵوەشاوەیە و بۆ پەسەندکردنی هەڵوەشاوەبوونی ئەو جۆرە مامەڵانە تەنانەت هیچ پێویستیەک بە دەستوەردانی یاساو تەنانەت رای گشتیش نییە. بنەما و فەلسەفەی ئەم سنورە واتا سنووردارکردنی دەسەڵاتی مرۆڤێک کە ئامادەیە ئیختیاری چارەنوسی خۆی بە دڵخوازی خۆی لە دەستبدات، بە روونی و بەرچاوی لەم حاڵەتەدا توندڕەویەک بەرچاو ناکەوێت، هۆی ئەوەی کە ئێمە نابێت لە کرداری ئیرادەی کەسانی تردا (کاتێک کە ئەو کردارە راستەوخۆ پەیوەندی بە خۆیانەوە هەیە) دەستوەر بدەین لەسەر بنەمای ئەو رێزەیە کە بۆ مافی ئازادی دایدەنێین. هەر ئەم بابەتە کە تاکی مرۆیی ئازادانە و لە رووی وێست و ئارەزووەوە شتێک هەڵدەبژێرێت، خۆی بەڵگەیە لەسەر ئەو بابەتە، کە ئەو شتەی کە هەڵبژێردراوە، لە روانگەی خۆیەوە جێی

پەسەند و شیاوی تەحەمول کردنە و بەم پێیەش ئەگەر ڕێگە بدەین کە ئەو هەر کەرەستەیەکە خۆی بە باشی دەزانێت هەڵبژێرێت و بۆ بەرژەوەندیەکی بەرکاربهێنێت، کە لە ڕوانگەی ئەوەوە بایەخی هەیە، لە ڕاستیدا هاوکاریمان کردووە لە خۆشبەختنکردن و گەیاندنی بە ئارەزووەکانیدا.

بەڵام ئەو مرۆڤەی کە ئامادەیە خۆی وەکو کۆیلە بە کەسێکی تر بفرۆشێت، لە ڕاستیدا دەست لە مافی ئازادی خۆی هەڵدەگرێت و لە بەرامبەر ئەم کردارەدا چاوپۆشی لەمافی ئازادبوونی خۆیدەکات. بەم پێیە وەها کەسێک، هەر بەو کردارەی کە سەبارەت بە خۆی ئەنجامی دەدات، ئەو بنەمایە پێشێل دەکات کە پاساوکەری مافی ئازادی ئەوە تا دوایین ساتی ئازادبوونی. ئەو ئیتر (ئازاد) نییە، بەڵکو لەو ساتەوە کە خۆی فرۆشتووە و بووە بە موڵکی کڕیار (دۆخێکی تایبەتی)هەیە و ئەم دۆخەش ڕێگە بەوە نادات کە ئەو مافەی هەبێت، کە پێشتر بەر لە کۆیلەبوونی هەیبووە، بە واتایەکی تر بنەمای ئازادی ناتوانێت مرۆڤ تا ئەو ڕادەیە ئازاد بکات، کە دەست لە ئازادبوونی خۆی هەڵگرێت. واتای ئازادی ئەوە نییە، کە مرۆڤ بتوانێت ئازادانە خۆی بفرۆشێت و ببێتە کۆیلەو ئەڵقە لە گوێی کەسێکی تر. ئەم هۆکارانە کە بەهێزبوونی خۆی بە بەرجەستەبوونێکی تایبەت لەم دۆخە تایبەتەدا نیشاندەدات ڕوونە، کە زەمینەی ڕەوا نەبوونی بەربڵاوتریان هەیە، بەڵام بەهەرحاڵ پێداویستییەکانی ژیان لە هەموو شوێنێک کۆسپی بەردەمیاندا درووستکردووە. مانای ئەم پێویستیانە لەڕاستیدا ئەوە نییە، کە ئێمە بە شێوەی ڕەها دەست لە ئازادبوونی خۆمان هەڵبگرین، بەڵکو ئەوەیە کە ئەو کۆسپانەی کە لە سەرەوە ئاماژەییان پێکرا و کۆمەڵێک کۆسپی دیکەش قبوڵ بکەین.

ئەو بنەمایەی کە ئـازادی تاکەکان لە تـەواوی ئەو شتانەی کە

پەیوەندی بە خۆیانەوە هەیە، پاساو دەکات پێشێلکەری ئەو مەرجەیە کە کەسانێک پێکەوە پەیمانیان بەستووە کاتێک ئەو پەیوەندە بە کەسی سێهەم ناگەڕێتەوە - بتوانن ئەم پەیوەندیە لە بەندی بەڵێنی رزگار بکەن. تەنانەت لە حاڵەتەکانی دیکەشدا رەنگە نەتوانرێت هیچ جۆرە بڕیار یان بەڵێنیک (جگە لەو جۆرە بەڵێنانەی کە بەهای دراوییان هەیە) گریمانەی ئەوە بکەین کە مرۆڤ بتوانێت بەدڵنیایی تەواوەوە بڵێت لایەنەکانی ئەو گرێبەستە بە هیچ شێوەیەک، لە هیچ بارودۆخێکدا، نابێت مافی ئەوەیان هەبێت گرێبەستێک کە ئیمزایان کردووە هەڵبوەشێننەوە. بارون و ویلهێلم فن هۆمبولد لەو نامیلکە قووڵ و باڵایەدا کە من کورتەیەک لە بابەتەکەیم لە دێڕەکانی پێشوودا هێناوەتەوە، باوەڕی ناخی خۆی بەم جۆرە دەردەبڕێت، بەڵێنییەک کە گەرەنتی پەیوەندی تایبەتی یان خزمەتی تایبەتیە هەرگیز نابێت، جگە لە ماوەیەکی دیاریکراو، پێویستی یاسایی هەبێت. گرنگترین نموونەی ئەمجۆرە بەڵێنیانە، واتا ژن و مێردایەتی، لەو رووەوە کە لایەنێکی تایبەتی هەیە و ئامانجەکانی، لە حاڵەتێکدا کە هەستی لایەنەکان پێکەوە هاوتەریب و هەماهەنگ نەبێت، بە کردەوە پووچەڵ و بەفیڕۆ چوودەبێت، بەم پێیەش رەفزکردنەوەی (بە بڕوای بارۆن فۆن هۆمبولد) نابێت پێویستی بە تەشریفاتێک جگە لەمە هەبێت کە هەرکام لەلایەنەکان بە رەسمی ئیرادەی خۆیان، سەبارەت بەوەی کە دەیانەوێت ئەو پەیوەندیە ببڕن بە رەسمی رابگەیەنن. ئەم بابەتە گرنگتر و ئاڵۆزترە لەوەی کە بتوانین لێرەدا وەکو رستەی نارەزایی قسەی لەسەر بکەین. من تا ئەو شوێنەی کە بۆ بەرجەستەکردنی مەبەستەکە پێویستە ئاماژەیەکی کورت بە دۆخی تایبەتی ئەم بابەتە دەکەم. ئەگەر لایەنی کورتکراو و گشتی نامیلکەکەی بارون فن هۆمبولد ئەوی ناچار نەکردایە، کە کاتی ئاماژەدان بەم بابەتە تایبەتە

بیری رەخنەگرانەی خۆی تەنها بە دەربڕینی وردی دەرەنجامێک کە بنەمای بەڵگەهێنانەوەکەی بەوانەوە کۆتایی پێهاتوە رازی بکات، بە بێ ئەوەی کە دەستپێکەکانی پەیوەندیدار بەو دەرەنجامە بخاتە بەرباسەوە، بێگومان خۆی لەوە تێدەگەیشت، کە ناتوانێت چارەنوسی مەسەلەکە لەسەر ئەو زەمینانەی کە بە ئاسانی لە کتێبەکەیدا شیکردوەتەوە دیاریبکات.

کاتێک کە یەکێک لە ئەندامانی کۆمەڵگە بە بەڵێنیکی راشکاو، یان شێوازی هەڵسوکەوتی خۆی متمانەی بەرامبەرەکەی بەدەستهێناوە و دڵنیای کردوەتەوە کە بەرامبەر بەو بە شێوەیەکی تایبەتی هەڵسوکەوت دەکات، کاتێک کە بە هاندان و کرداری هیوابەخشی خۆی بووەتە هۆی ئەوەی کە کۆشکێکی بەشکۆ لە چاوەڕوانی و وێناکردنی رەنگاورەنگ لە عالەمی خەیاڵدا وێنا بکات و بەشێکی گرنگ لە نەخشەی ژیانی خۆی لەسەر بنەمای ئەو وێنایانە بونیاد بنێت، لە وەها دۆخێکدا زنجیرەیەک بەڵێنی ئەخلاقی نوێ لەلایەن ئەو کەسە بەڵێندەرەوە بە نیسبەت لایەنی بەرامبەر پێکدەهێنرێت، کە لەوانەیە بەسەریدا تێپەڕێت، بەڵام ئیتر ناکرێت لەبەرچاو نەگیرێت، هەروەها ئەگەر پەیوەندی نێوان لایەنەکان دەرەنجامێکی لە بەرژەوەندی کەسانی تردا لێبکەوێتەوە، یان کەسانی لایەنی سێهەمی خستووەتە دۆخێکی سەرسووڕهێنەرەوە، یان (بەوجۆرەی کە سەبارەت بە پەیوەندی ژن و مێردایەتی زۆرجار دێتە پێش)، لایەنی سێهەمی هێناوەتە بـوون، بۆ لایەنەکانی گرێبەستەکە، بە نیسبەت ئەو کەسانەی لایەنی سێهەم، بەڵێنیک دێتە ئاراوە، کە جێبەجێکردنیان، یان بە هەر شێوەیەک، چۆنیەتی رۆڵی ئەوان، تارادەیەکی زۆر لەژێر کاریگەری چارەنوسی داهاتو و شێوازی بڕیاری لایەنەکانی (بەو مانایەی کە پێوەندیەکە بپچڕێنن، یان ئەوەی کە درێژەی بدەن) دادەبێت. هەڵبەت ناکرێت وەها لەم بابەتە

تێبگەین کە پانتایی ئەمجۆرە بەرپرسیارێتیانە تا ئاستێک بەردەوام بێت، کە لایەنەکان ناچار بە ئیمزاکردنی گرێبەست، لەهەر دۆخێکدا و بە هەر نرخێک، تەنانەت بە نرخی لێسەندنەوەی مافەکانی ئەو لایەنەی کە ناڕازییە. بەهەرحاڵ ئەمجۆرە بەرپرسیارێتیانە لە مەسەلەکەدا ڕێگەپێدراون و لە تۆخمە سەرەکییەکانی بە ئەژماردێت. تەنانەت ئەگەر بەوجۆرەی کە بارون فۆن هۆمبولد بڕوای هەیە ئەم جۆرە تێبینیانە نابێت جیاوازیەکیان لە (ئازادی یاسایی) لایەنەکان بۆ ڕزگاربوون لە بەندی بەڵێنی یەکتری پێکبهێنێت/ منیش بەش بەحاڵی خۆم لەو بڕوایەدام کە ئەمجۆرە تێبینیانە نابێت (جیاوازی زۆر) پێک بهێنێت، بەڵام هەر ئەو تێبینییانە جیاوازیەکی ئەوتۆ لە (ئازادی مۆراڵی) لایەنەکاندا پێکناهێنێت، بەم پێیەش ئەو کەسەی کە دەیەوێت وەها هەنگاوێک هەڵبگرێت، کە تا ئەم ڕادەیە لە بەرژەوەندی گرنگی خەڵکانی تردا کاریگەری هەیە، ناچارە بەر لە جێبەجێکردنی بڕیارەکە، دەروبەر و لایەنەکان و دەرەنجامەکانی ئەو بڕیارە لەبەرچاو بگرێت دواتر هەنگاو هەڵبگرێت. ئەگەر وەها کەسێک بایەخێکی تایبەتی بۆ ئەو بەرژەوەندییانە دانانێت لەو ڕووەوە وەکو پرەنسیپ بەرپرسیارە لە هەڵەیەکدا کە ئەنجامی داوە (بۆنموونە هاوسەرگیری کردووە و منداڵێکیان بووە).

مەبەستم لە ئاماژەکردن بەم وردەکارییانە و ڕاستی لاوەکیەکان ئەمەیە کە فەلسەفەی گشتی ئازادی باشتر لە بۆچوونی خوێنەردا بەرجەستە بکرێت ئەگینا پێویست ناکات ئەم شتە سەرەتاییانە بەمجۆرە دووپات بکرێنەوە. بەدبەختی گەورەی کۆمەڵگەی ئێمە لەمەدایە کاتێک خەڵک سەبارەت بە پەیوەندی هاوسەرێتی یان سەبارەت بە دۆخێک کە جیاکردنەوەی ئەو پەیوەندیە پاساو دەکات قسە دەکەن، شێوازی ئاخاوتنەکەیان بە جۆرێک نالۆژیک و لاوەکیانەیە کە دەڵێی جگە لە بەرژەوەندی منداڵان، بیر لە هیچ

بەرژەوەندییەکی تر ناکەنەوە و ئازار و چارەڕەشی کەسە بەساڵاچووەکان کەمترین گرنگی نییە بە لایانەوە.

**دیاریکردنی بنەما گشتییەکانی ئازادی**

پێشتریش ئاماژەم بەم بابەتە داوە، کە بەهۆی نەبوونی بنەمایەک کە جێی پەسەندی هەموان بێت، ئازادی بە شێوەی باو لە شوێنێک هەرزان دەبێت کە قەدەغە کرابێت وەک چۆن لە شوێنێک قەدەغە دەکرێت، دەبێت هەرزان ببێت. هاوشێوەی ئەم دۆخە لە ئەوروپای ئەمڕۆدا کەم نییە. هەر کەسێک دەبێت ئازاد بێت لە تەواوی ئەو شتانەی کە پەیوەندی بە خۆیەوە هەیە، بە جۆرێک کە دڵخوازی بوو مامەڵە بکات، بەڵام کاتێک ئەو بە ناوێکی ترەوە کاربکات نابێت ئەو ئازادییە بەو بیانووەوە کە کارەکانی تریشی کە وەکو ماڵی خۆیەتی پێبدات. هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە دەوڵەت رێز بۆ ئازادی تا دادنێت لە مەسەلەگەلێکدا کە پەیوەندی بەخۆیانەوە هەیە، ناچارە بە چاوێکی کراوە و زەینێکی روونەوە کردەوەکانی ئەو تاکە لە بازنەی دەسەڵاتێکدا کە بە مۆڵەتی دەوڵەت بەسەر کەسانیتردا جێبەجێیدەکات، بخاتە ژێر کاریگەریەوە، بەڵام لە پەیوەندی بنەماڵەییدا، واتا لە پەیوەندیەکدا کە بەهۆی هەژمونی راستەوخۆیان لە خۆشبەختی مرۆڤدا لە هەر پەیوەندیەکی تر گرنگترە بەڵێنی زۆرەملیی تاکەکان بە گشتی لەبەرچاو ناگیرێت و نموونەکەشی ئەو دەسەڵاتە تاکڕەوەیە، کە مێردەکان سەبارەت بە هاوسەرەکانیان جێبەجێی دەکەن، دەرەنجامەکەشی لێرەدا پێویستی بە باسی تێروتەسەل نییە. بۆ لەناوبردنی تەواوەتی ئەم زیانە، هیچ کەرەستەیەک کاراتر لەمە نییە کە هەمان ماف کە بە پیاوەکان دەدرێت بە ژنەکانیش بدرێت بە هەمانشێوە کە سەبارەت بە کەسانی تر باوە لە پشتیوانی یاسا بەهرەمەندییان بکەین. هۆکارێکی تر کە دەبێتە

کۆسپ لە بەردەم باسی مەسەلەکە، لەم کتێبەدا ئەو شێوازەیە کە پارێزەرانی ئەم سەرتر بوونە نادادپەروەرانەیە کاتێک کە لە دۆخی ئێستا بەرگری دەکەن دەیگرنە پێش، چونکە ئەمانە هیچ جۆرە رێزێک بۆ بنەماکانی ئازادی دانانێن، بەڵکو بە ئاشکرا وەکو پارێزەرانی دەسەڵات کە دەیانەوێت پێگەی زاڵبوونی خەڵک بپارێزن، هەنگاوییان ناوەتە مەیدانی ململانێوە. بەم هۆکارە، ئێمە دۆخی ژنان لە بازنەی باسەکە وەلادەنێین. مەبەستی ئێمە لێرەدا باسکردنە لەسەر منداڵانێک کە جێبەجێکردنی هەڵەی بنەماکانی ئازادی سەبارەت بەوان، جۆرێک تەگەرەی حەقیقی لە رێگای ئەنجامدانی ئەرکەکانی دەوڵەت پێکدەهێنێت.

لە دۆخی ئێستادا، رادەی زاڵبوونی باوکەکان لە ئاستێکدایە، کە مرۆڤ پێیوایە منداڵەکانی باوکێک لە راستیدا( نەک لە رووی خواست) بەشێک لەبوونی خۆی بەئەژمار دێت، چونکە بۆچوونی گشتی لە ئێستادا بە بچوکترین دەستوەردانی یاسا لە بازنەی دەسەڵاتێکدا، کە باوک لە سەر منداڵ هەیەتی نەیارە و ئەم نەیاربوونە تەنانەت زیاتر لە ئاستێکە کە کۆمەڵگە لەبەرامبەر هەر جۆرە دەستوەردانێک لە ئازادی کرداری باوکدا دەردەبڕێت. هەر ئەم بابەتە بە ئاشکرا دەریدەخات زۆرینەی خەڵک تا چ رادەیەک رێز بۆ دەسەڵات دادەنێن و تا چ رادەیەک ئازادی بە کەم بایەخ لە قەڵەم دەدەن، بۆ نمونە پرسی پەروەردە و راهێنان لەبەرچاو بگرن. ئایا لەم خاڵەدا گومانێک هەیە، کە حکومەت پێویستە پەروەردەی ناچاری بۆ کەم تەمەنەکانی کۆمەڵگە تا تەمەنێکی دیاریکراو پەیڕەو بکات؟ بەم حاڵەشەوە کێ نیگەرانی جێبەجێکردنی پۆزەتیڤانەی ئەم بنەمایە نییە؟ هەڵبەت بە رواڵەت هیچ کەس نکۆڵی لەم بنەمایە ناکات، کە یەکێک لە پیرۆزترین ئەرکەکانی دایک و باوک (یان بەو جۆرەی کە یاسا و رێسا لە

ئێسنادا دایناوە پیرۆزترین ئەرکی باوک) ئەمەیە کە دوای ئەوەی مرۆڤێکی لە نەبوونەوە هێنایە بوون بەهرەمەندی بکات لە پەروەردە و بەکارهێنانێک کە پێویستە بۆ ئامادەکردنی وەکو ئەندامێکی کۆمەڵگە و کەرەستەیەک بخاتە بەردەمی، کە هەر مرۆڤێک بۆ سەرکەوتن لە ئەرکەکانیدا (بەرامبەر بە خۆی و خەڵکانی تریش) پێویستی پێیان هەبێت. سەرباری ئەوەی کە ئەم هەمووە پەسەندی دەکەن، کە ئەنجامدانی ئەم کارانە لە ئەرکە سەرەکیەکانی باوکە، بەڵام کەمتر کەسێک گوێ لەم قسەیە دەگرێت، کە دەبێت هەنگاوێک ئەولاتر هەڵبگرێت و باوک ناچار بکەیت بە ئەنجامدانی ئەو ئەرکە. لە بری ئەوەی کە داوا لە باوک بکەن، کە بە مەبەستی دابینکردنی کەرەستەکانی پەروەردەی منداڵەکەی کۆشش و فیداکاری پێویست ئەنجام بدات، تەنانەت ئەم هەڵبژاردەیەشیان خستوەتە بەردەمی، کە ئەگەر حکومەت پەروەردەی خۆڕایی بۆ هەمان منداڵ دابینکرد، ئەو (باوک)ە ئازاد بێت کە قبوڵی بکات، یان نەیکات.

بەداخەوە زۆرینەی خەڵک هێشتا لەمە تێنەگەیشتوون کە هێنانی مرۆڤێکی بێتاوان لە نەبوونەوە بۆ جیهانی بوون، بەبێ هەبوونی ئەو هیوایەی کە درووستکەری ئەو دەتوانێت، نەک هەر خۆراکێک کە بۆ گەشەی جەستەی پێویستە، بەڵکو پەروەردە و راهێنانی پێویست بۆ گەشەی زەینی دابین بکات. ئەوە جۆرێک تاوانی ئەخلاقیە، نەک هەر بەرامبەر بەو بوونەوەرە بێتاوانە، بەڵکو بەرامبەر بە کۆمەڵگەش، بۆیە کاتێک کە باوک بەڵێنەکانی خۆی بە گوێرەی خواست و ئارەزوو جێبەجێنەکرد، ئەوە ئەرکی حکومەتە تا ئەو جێگەیەی کە پێیدەکرێت باوک ناچار بکات بە ئەرکەکانی بەجێبگەیەنێت. ئەگەر شێوازی پەروەردەی زۆرەملی لەم وڵاتەدا قبوڵدەکرا، ئێکڕای ئەو کێشانەی کە لەم بوارەدا هەیە - لە سەر ئەو بنەمایەی کە

دەوڵەت چ شتگەلێک دەبێت بڵێنەوە، یان چۆن بیانڵێنەوە - بەجارێک لەناو دەچوو.

بوونی ئەم گرفتانە  لە ئێستادا بووەتە هۆی ئەوەی کە کات و چالاکی بەنرخی خەڵک،  کە دەبێت تەرخانی بارهێنان و پەروەردەکردنی منداڵان بکرێت بە بێهودیی لە ململانێ لە سەر ئەم مەسەلەیە کە چ جۆرە پەروەردەیەک بۆ ئەوان باشە بەفیڕۆ دەچێت. ئەگەر حکومەت بڕیار بدات، کە هەر منداڵێکی بەریتانی مافی ئەوەی هەیە لە پەروەردەی باش بەهرەمەند بێت، هەر بەم بڕیارەش دەتوانێت خۆی لەو زەحمەتەی کە بۆ دابینکردنی ئەو پەروەردەیەی کە پێویستە رزگار بکات، چونکە دەوڵەت لەوانەیە هەڵبژاردنی شوێنێک کە پێویستە منداڵ تێیدا بخوێنێت، هەروەها شێوازی خوێندنەکە بە دایک و باوک بسپێرێت و ئەرکی خۆی بەوە سنوردار بکات، کە خەرجی خوێندنی منداڵانێک کە دایک و باوکیان دەستکورتن، هەروەها خەرجی منداڵانێک کە هەتیو و بێسەرپەرشتن بدات. هیچ کام لەو هۆکارە لۆژیکییانە کە لە دژی پەروەردەی حکومی بەکاردەهێنرێت پـەروەردەی زۆرەملی لەخۆ ناگرێت، بەڵکو لە بنەڕەتدا پەیوەندی بەو مەسەلەیەوە هەیە، کە خودی حکومەت نابێت ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی قبووڵ بکات و ئەرکی پەروەدەکردنی منداڵانی خەڵک لە ئەستۆ بگرێت، ئەمەش بۆچوونێکە بە تەواوەتی لەگەڵ بۆچوونەکانی تردا جیاوازە. من بۆ خۆم لەگەڵ بۆچوونی ئەو کەسانەدام کە پێیانوایە پەروەدەی منداڵانی خەڵک (لانیکەم بەشی هەرە زۆری ئەو پەروەردەیە) کە دەبێت لە دەست حکومەتدا بێت نەیار نیم. تەواوی ئەو شتانەی کە سەبارەت بە گرنگی سەربەخۆیی تاکەکەسی، سەربەخۆیی خەسڵەت و سروشتی مرۆیی، جیاوازی باوەڕ، جیاوازی شێوازەکانی رەفتار و هتد، وتراوە پەسەندکردنی ئەو

بۆچوونەیە، کە پەروەردەی خەڵکیش پێویستە جیاواز بێت.

پەروەردەی حکومی تەنها وەسیلەیەکە بۆ یەکسانکردنی خەڵک و بەو مەبەستە دانراوە کە تاکەکانی کۆمەڵگە وەکو یەکتر لێبکات، چونکە ئەو قاڵبەی کە خەڵکی تێدەخرێت هەر ئەو قاڵبەیە کە لە بۆچوونی هێزی دەسەڵاتداردا جوانتر دەنوێنێت، ئێستا ئەو هێزە دەیەوێت پاشا بێت یان رۆحانییەکان یان ئیشراف، یان زۆرینەی نەوەی هاوچەرخ، بەو رادەیەی کە پـەروەردەی حکومی لە ئەنجامدانی ئامانجەکانی خۆیدا سەرکەوتوو دەبێت بە هەمان رادەش لە رادەی زاڵبوونی هێزی دەسەڵاتدار بەسەر بیری خەڵکدا زیاتر دەبێت و کاتێک فیکر کەوتە ژێر هەژمونیەوە سنووری ئەو هەژمونیە، بەپێی حەزی سروشتی مرۆڤ، بە جەستەشدا بڵاودەبێتەوە.لەم چوارچێوەیەشدا، پەروەردەی حکومی، (مەبەستم ئەو پەروەردەیە کە لەژێر چاودێری راستەوخۆی دەسەڵاتدایە) بە گریمانەی ئەوەی کە بوونی پێویستە، تەنها وەکو شێوزاێک، لەنێوان شێوازە رکابەر و جۆراوجۆرەکاندا، دەتوانێت قبووڵ ببێت، ئەویش بەو مەبەستەی کە ببێتە سەرمەشقێکی بزوێنەر بۆ ئەوانی دیکەش و رێگەنەدات ئاستی شێوازەکانی تر لە رادەیەکی دیاریکراو تێپەڕ بێت. تەنها کاتێک کە کۆمەڵگە بە گشتی ئەوەندە دواکەوتووە کە نایەوێت یان ناتوانێت بەبێ دەستوەردانی راستەوخۆی دەسەڵات رێکخراوی پەروەردەی گونجاو بۆخۆی بونیات بنێت، ئەو کات ناچارە وەکو(بژاردەی کەم زیان لەنێوان دوو بژاردەی زەرەرمەندا) ئیدارەی کاروباری قوتابخانە و خوێندنگاکان راستەوخۆ بگرێتە ئەستۆ، هەروەها دەتوانێت ئەمکارە سەبارەت بە کۆمپانیای پشکەکان کاتێک کە سەنتەرو سەرمایە تایبەتییەکان بۆ گرتنە ئەستۆی کارە گەورەکانی پیشەسازی و ئابوری لە وڵاتدا ئامادە نین و ئیدارەی کاروبارەکانی ئەوان قبووڵ دەکات، بەڵام بە گشتی، لەهەر

وڵاتێکدا کە کەسانی شیاو و کۆمەڵ پەسەند بە گوێرەی پێویست هەبێت و بتوانێت پەروەردەی ئەو وڵاتە لە ژێر چاودێری حکومەتدا ئیدارە بکات، هەر ئەم کەسانە دەتوانن (بەدڵنیایەوە ئامادە دەبن) کە پەروەردەی درووست و سودمەند و دڵخوازانە بە منداڵانی خەڵک بدەن بە دڵنیابوون لەوەی کە لە سێبەری رێساکانی پەروەردەی زۆرە ملێدا هەمیشە دەتوانن پاداشتی خۆیان لە خەزێنەی کۆمەڵ وەربگرن، لە هەمان کاتدا پشت ئەستور بن بە دەسەڵاتی حکومەت کە خەرجی منداڵانی کەم داهاتوو بێ سەرپەرستی گرتوەتە ئەستۆ.

**پەروەدە و کەرەستەکانی جێبەجێکردنی یاسای زۆرملی**

کەرەستەی جێبەجێکردنی زۆرەملیی یاسا لەراستیدا دەکرا، هەمان تاقیکردنەوەی گشتی بێت کە سەرجەم منداڵانی خەڵک لەخۆ بگرێت و لە تەمەنێکی پێشوەختدا دەست پێبکات. لەم بوارەدا دەکرێت تەمەنێک دیاری بکرێت، کە هەر منداڵێکی فێرخواز، کوڕ یان کچ، بە گەیشتنی بەو تەمەنە تاقی بکرێتەوە، بۆ ئەوەی دەرکەوێت کە خوێندن دەزانێت یان نا، ئەگەر بسەلمێنرێت کە نایزانێت ئەوکات لەوانەیە باوکی غەرامە بکرێت، مەگەر ئەوەی کە پاساوی پێویست بۆ نەخوێندنی منداڵەکەی بێنێتەوە. تەنانەت ئەگەر پێویست بکات سزای کاری زۆرە ملی بەسەردا بسەپێنرێت، بۆ ئەوەی لە رێگەی پارەکەیەوە منداڵەکەی رەوانەی قوتابخانە بکرێت. ئەم تاقیکردنەوەیە ساڵێک جارێ پێویستە دووبارە بکرێتەوە، بە شێنەیی مەوادەکانی زیاد بکرێت، بۆ ئەوەی کە هەموو منداڵان بتوانن لانی کەمێک لەو زانیاریە گشتییانە کە فێربوونی زۆرەملێیە بە دەستبهێنن و لەوەش گرنگتر ئەوەیە، کە بتوانن هەر ئەو زانیارییانە بۆ هەمیشە لەزەین و

بیرەوەریاندا بمێنێنەوە. جگە لانی کەم ئاقیکردنەوەی ئیختیاری دەبێت لە سەرجەم حاڵەتەکاندا ئەنجامبدرێت و بەو کەسانەی کە دەگەنە ئاستی قبوڵبوون ئەو مافەیان پێبدرێت، کە بڕوانامەیەک بۆ خۆیان داوا بکەن.

بۆ ئـەوەی کە حکومەت نەتوانێت لە سۆنگەی ئەم ڕێسایەوە هەژمونی نایاسایی بەسەر باوەڕەکانی خەڵکدا بسەپێنێت، ئەو زانیارییانەی کە بۆ تێپەڕاندنی تاقیکردنەوەکان، تەنانەت لە پلە بەرزەکانیشدا، پێویستە سنووردار بکرێت بە راستییەکان و زانستەوە. (مادەگەلێکی وەکو مێژوو و شێوەکانی بەرکاهێنانی لەراستیدا بۆ زانیارییەکانی مرۆڤ پێویستن)، بەڵام لە وتنەوەی مادەکانی پەیوەندیدار بە ئاین، سیاسەت، بابەتەکانی تری لەو چەشنە، مامۆستا نابێت کاری بەراستی یان ناڕاستی بابەتەکەوە هەبێت، بەڵکو دەبێت تەنها ئاماژە بە ڕووداوەکان بکات، کە وەها بۆچوونگەلێک لە جیهاندا هەیەو بە وەها هۆکارێک لەلایەن ژمارەیەک لە نوسەران، مەکتەبە فیکرییەکان، یان گرووپە مەزهەبییەکانەوە پەسەند کراوە. بە جێبەجێکردنی ئەم شێوازە دۆخی بیرە جیاوازەکان لە زەینی ئەو نەوەیەی،کە لە کاتی گەشەکردندایە خراپتر لەوە نابێت کە ئێستا هەیە، بە واتایەکی تر ئەو ژمارەیەی کە ئێستا هەن لە داهاتوشدا بە شێوەی کەسانێک دەردێن، کە بڕوایان بە ئایین هەیە، یان بێبڕوان بەرامبەری، ئەرکی دەوڵەت لەم نێوەندەدا تەنها ئەوەیە، کە ئاگادار بێت ئەم کەسانە بەدەر لەوەی کە ئاینی بن یان نائاینی بە خوێندەواری گەورە ببن. لە یاسای پەروەردەی زۆرەملیدا نابێت، هیچ گرفتێک بخرێتە بەردەمیان، کە ببێتە کۆسپ لە بەردەم بەدیهاتنی ئاواتەکانی دایکان و باوکاندا. بە واتایەکی تر پێویستە ئیمکانێک فەراهەم بکرێت بۆ منداڵان ( ئەگەر حەزی دایک و باوکیان لە پشت بوو) بەدەر لەو وانانەی کە فێری دەبن، وانەی مەزهەبیش فێر ببن. تەواوی

باوەڕەکانی حکومەت لەو بارەیەوە، کە بڕوای خۆی بسەپێنێت بە زیان دەشکێنەوە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە حکومەت دەتوانێت لەسەر تواناکان بڕیار بدات، کە ئایا فڵان خوێندکار زانیاری پێویستی بۆ درووستکردنی بڕوا بەدەستهێناوە یان نا. بۆ نموونە خوێندکارێکی فەلسەفە ئەگەر بتوانێت لە ئەستۆی ئەو تاقیکارییانە بەربێت، کە پەیوەندی بە بۆچوونەکانی کانت و جۆن لۆکەوە هەیە، بەدەر لەوەی کە خۆی پەیڕەوەی کام لەو مەکتەبە فیکرییانەیە، یان ئەوەی کە لایەنگری هیچ کامیان نەبێت، دۆخی ئەو باشترە لەو کەسانەی کە لەگەڵ هیچ کام لەو مەکتەبە فیکریانە ئاشنا نین. هیچ جۆرە دژایەتیەکی لۆژیکیش لەگەڵ ئەم بۆچوونە نییە، کە تاقیکردنەوەی سەبارەت بە بڕوانامەی ئاینی مەسیحیەت لەسەر خوێندکارێک بکرێت کە بێ دینە، بەو مەرجەی کە داوای لێنەکەن کە بڕوای بەو ئاینە هەبێت. بەهەرحاڵ ئەو تاقیکردنەوانەی کە لە بەشە باڵاکانی زانستی مرۆییدا ئەنجام دەدرێت، بە بڕوای من پێویست ئازادانە و دڵخواز بێت، ئەگینا گەر رێگەی یاسایی بە حکومەت بدەین، کە هەر کەسێکیان پەسەند نەکرد بە تۆمەتی یان بیانوی ئەوەی کە شیاویەتی نییە لە پیشەی دڵخوازی بێبەش بکات، لەو حاڵەتەدا بە دەستی خۆمان چەکێکی مەترسیدارمان داوەتە دەست حکومەت لەو رووەوە، لەگەڵ فن هۆم بۆلد هاوبۆچوونم کە بڕوانامەی رەسمی یان بەڵگەنامەکانی شیاوبوونی تەکنیکی بە تەواوی ئەو کەسانە دەدات کە خۆیان بە لیژنەکانی تاقیکردنەوە دەناسێنن و لە ئەستۆی تاقیکردنەوەکان بەردێن، بەڵام لە هەمانکاتدا رێسایەک جێگیر بکرێت کە بە گوێرەی هەبوونی ئەو جۆرە بڕوانامەیە هیچ جۆرە سوودێکی بۆ خاوەنەکانی نەبێت، جگە لەو گرنگی و بایەخەی کە رای گشتی پێیدەدات.

تەنها لە بورای پەروەردەدا نییە کە گریمانەی هەڵە سەبارەت بە

ئازادی دەبێتە کۆسپ لەبەردەم سەپاندنی بەڵێنی ئەخلاقی و یاسایی بەسەر دایکان و باوکاندا. لەو شوێنەی کە بەڵگەی زۆر بەهێز بۆ بەکردەوە دەرهێنانی بەڵێنی یەکەم (بۆ هەمیشە) بۆ ئەنجامدانی رۆڵی دووەم (بە زۆری) هەیە، دەبێت دایک و باوک ناچار بە ئەنجامدانی ئەرک بکرێن. هەر ئەو دۆزەی کە ژن و پیاوێک دەبنە هۆی هێنانە دنیای بوونەوەرێکی بێتاوان، یەکێک لە گەورەترین ئەرکی مرۆڤایەتیە. گرتنە ئەستۆی ئەو بەرپرسیارێتیە مەترسیدارە، واتا مرۆڤێک لە نەبوونەوە بێنێتە بوون، کە لەوانەیە ژیانی بەهەژاری و چەرمەسەری تێپەڕێنێت، تاوانێکە لە دژی ئەو مرۆڤە، مەگەر ئەوەی کە کۆرپەڵەیەک کە بەم دۆخەوە بە بێ ئیرادەی خۆی هێنرابێتە دنیاوە، لانیکەم ئەو درفەتەی پێبدرێت کە لە خۆشییەکانی ژیانێکی ئارام سودمەند بن. لە هەر وڵاتێکدا کە رێژەی دانیشتوانەکەی لە ئاستی پێویست تێپەڕیبێت خستنەوەی وەچەیە (مەگەر لە ئاستێکی زۆر سنورداردا) تاوانێکە لە دژی هەمووی ئەو کەسانەی کە بژێوی خۆیان بە کارکردن بە دەستدەهێنن، چونکە کۆرپەلەکانی ئەمڕۆ کرێکارانی داهاتووی وڵاتن، ئەوانەش بەهۆی زۆری رێژەیانەوە مووچەی کرێکاران بە ئاستێکی زۆر دادەبەزێنن.

بە گوێرەی یاسایەک کە لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپیدا باوە بەستنی گرێبەستی هاوسەرێتی بەرلەوەی کە لایەنەکان بتوانن شوێنی ژیانیان دابین بکەن قەدەغە کردووە، ئەگەر باش تێفکرین ئەوە دەستوەردان لە مافی ئازادی تاکدا نییە، لە سنوری دەسەڵاتەکانی حکومەت تێناپەڕێت. ئێستا گفتوگۆکردن سەبارەت بەوەی کە ئایا ئەم شێوازە، شێوازێکی باشە یان نا (شێوازێک کە زیاتر پەیوەندی بە دۆخ و هەستە خۆجێیەکانەوە) بەجێی خۆی، بەڵام ناتوانرێت لەگەڵ بنەمای سەرەکی بابەتەکە دژایەتی بکات بەو

هۆیەی کە مافی ئازادی خەڵک پێشێل دەکات. بنەمای ئەمجۆرە یاسایە بریتیە لە مافی دەستوەردانی حکومەت بۆ بایکۆتکردنی کردارێکی خراپ کە کاریگەریە زیانبەخشەکانی ئەو منداڵانە دەگرێتەوە، کە بەبێ ئیرادە و خواستی خۆیان هاتوونەتە دنیاوە و وەها کارێک، لەو رووەوە کە نابەرپرسیارێتی هۆکاران لە چارەنوسی ئەو منداڵانەدا نیشاندەدات، بە راستی دەبێت بە لۆمە و سەرزەنشتکردنی کۆمەڵگە، ئەگەرچی لەوانەیە زیادکردنی سزادانی یاسایی بەو لادانە ئەخلاقییانە لەوانەیە باش نەبێت. بەم حاڵەشەوە بیرۆکەی باوی سەردەم، کە بە زۆری لە بەرامبەر دەستدرێژی راستەقینە بۆسەر ئازادی تاک بێدەنگە، هەر هەنگاوێک کە ئامانجە سەرەکیەکەی رێگرتن لە حەزە تاکەکەسییەکانە، بە تایبەت لەکاتێکدا کە هەموان بزانن دەرەنجامی زیادەڕەوی لەو جۆرە حەزانەدا، هێنانە دنیای چەندین ژیانی پڕچەرمەسەری و مەینەتبارییە بێ دواکەوتن رەتدەکاتەوە، لەهەمانکاتدا دەبێت ئاگاداری ئەوە بێت کە زیانێک کە رووبەڕووی ئەو تازە لە دایکبووانە دەبێتەوە بەدەرە لەو زیانە گەورانەی ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە رووبەڕووی زیانەکانی داهاتوی ئەوان دەبنەوە. کاتێک ئێمە ئەو رێزگرتنە سەرسوڕهێنەرە کە مرۆڤ بۆ ئازادی دادەنێت بەم بێڕێزییە کە بە کردەوە بە نیسبەت ئەو ئازادییە نیشانی دەدات هەڵدەسەنگێنین، بە دڵنیاییەوە تووشی دڵەڕاوکی دەبین، کە رەنگە بەراستی ئەو مافە بە هەر مرۆڤێک بدرێت، کە خەڵکانی تر تووشی زیان بکات و بەهرەمەند بوون لە چێژەکانی ژیان تەنها کاتێک رێگەپێدراوە کە مرۆڤ بتوانێت، لە بەرامبەر ئەو چێژەی کە دەیبات، بوونەوەرێکی تر رووبەڕووی رەنج و ئازار بکاتەوە!.

## دژایەتیکردنی دەستوەردانی حکومەت لەئازادیدا

لەم زەمینەیەدا زنجیرە پرسیارێک هەیە گەرچی زیاتر پەیوەندی بە بابەتەکانی ئەم نامیلکەیەوە هەیە، بەڵام بە وردی لە چوارچێوەی بەشەکانیدا ناگونجێت و من بە تایبەتی باسکردن لەو بارەیەوە هێشتووەتەوە بۆ بەشی کۆتایی کتێبەکە. ئەم پرسیارانە پەیوەندییان بەو حاڵەتانەوە هەیە، کە لە دژی دەستوەردانی حکومەت ئاراستە دەکرێت لەسەر بنەمای بەرگری لە بنەماکانی ئازادی نییە. بە واتایەکی تر، مەسەلەی جێی باس پەیوەندی بە رێگرتن لە ئازادی کرداری تاکەوە نییە، بەڵکو سەبارەت بە هاوکاریکردنی هەر ئەو کەسانەیە. لەم زەمینەیەدا ئەوانەی کە پشتیوانی لە بنەمای دەستوەردان دەکەن بە زۆری دەپرسن: لەبەرئەوەی کە حکومەت واز لە تاکەکان بهێنێت، بۆئەوەی بە شێوەی تاک یان کۆمەڵ کاربکەن، یان بە واتایەکی تر باشتر نییە کارو بەرژەوەندییەکانی ئەوان راستەوخۆ، یان لە رێگەی شاندە بەڕێوەبەرەکانەوە بۆیان ئەنجام بدرێت؟

ئەو دژایەتیانەی کە لەگەڵ دەستوەردانی حکومەت دەکرێت، کاتێک کە شێوەی ئەو دەستوەردانە بە جۆرێک نییە، کە سنورەکانی ئازادی تاک ببەزێنێت، بەسەر سێ جۆردا دابەشدەبێت.

دژایەتی جۆری یەکەم لەسەر ئەو ئەندێشەیە دامەزراوە، کە زۆر کار هەیە تاکەکان باشتر لە حکومەت ئەنجامی دەدەن. ئەگەر بابەتەکە بە شێوەیەکی گشتیتر دەربڕین، مەبەستی رەخنەگران ئەوەیە، کە لەم دنیایەدا بۆ جێبەجێکردنی هەرجۆرە کارێک و گرتنەبەری هەرجۆرە بڕیارێک سەبارەت بەوەی کە ئەو کارە چۆن و بە دەست چ کەسانێک دەبێت ئەنجامبدرێت، هیچ کەس گونجاوتر لەو کەسانە نییە، کە بە تایبەتی لەو کارەدا سودمەندن. پەیڕەوانی ئەم بنەمایە، دەستوەردانی دەسەڵاتی

یاسادانان و دادوەری حکومەت لە رەوتی ئاسایی ئابوری و پیشەسازی وڵاتدا کە سەردەمانێک لە رادەبەدەر باوو دڵخواز بووە، دەخەنە هەڵەوە، بەڵام سەبارەت بەم بەشە لە مەسەلەکە بە گوێرەی پێویست لەلایەن ئابوریناسان و زانایانی سیاسیەوە تاوتوێکراوە، چونکە ئەو باسانە پەیوەندیەکی ئەوتۆیان بە بنەماکانی ئەم کتێبەوە نییە، دووپاتکردنەوەیان لێرەدا بەفیرۆدانی کاتە.

بنەمای دژایەتی دووەم تا رادەیەک نزیکترە لە بابەتی نامیلکەکەی ئێمەوە. حاڵەتێکی زۆر هەیە کە رەنگە خەڵکی ئاسایی نەتوانن (بە شێوەی مامناوەندی) کارێکی تایبەتی بەو جۆرەی کە بە حکومەت دەکرێت ئەنجام بدەن. بە گشتی بەرژەوەندی کۆمەڵ لەمەدایە کە هەمان کار وەکو کەرەستەیەک بۆ پەروەردەی فیکری تاکەکان، بە دەستی خودی تاکەکان( نەک لەلایەن حکومەتەوە) ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی هێزی بیرکردنەوەی نیشتیمانی لە کاتی کارکردندا پەروەردە بکرێت. ئامانجی کۆتایی ئەم شێوازە پتەوکردنەوەی هێزەکانی جیاکەرەوەی تاکەکانە و تێدەکۆشێت ئەندامانی کۆمەڵ بە بەکارهێنانی هەستی داوەریکردنیان هاندەدات و ئەو کەسانەی کە لەم رێگەیەوە دەچنە قۆناغی بەرپرسیارێتیەوە، لەگەڵ ئەو بابەتانەی کە ئەنجامدانیان خراوەتە ئەستۆیان ئاشنا دەکات.

یەکێک لەو هۆکارە گرنگەی کەسانێک کە لایەنگری شێوازی دادگایی کردن لەلایەن دەستەی دادوەریەوە (لە بابەتە ناسیاسیەکاندا) هەر ئەوەیە کە بڕوایان وایە هێنانی کەسانی ئاسایی بۆ ئەنجامدانی کارە دادوەرییەکانی وڵات، فیکر و ویژدانی ئەوان بۆ تێگەیشتنی مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان و دادوەریکردنی درووست، سەبارەت بەو مەسەلانە ئامادە دەکات. هەر بەمجۆرە سپاردنی کاروباری شارەوانیەکان و رێکخراوە ئازادە خۆجێیەکان بە دەست کەسانێک کە خەڵکی ئەو ناوچەیەن، هەروەها سپاردنی کاروباری

کۆمپانیا پیشەسازیەکان و ئەنجومەنە خێرخوازیەکان بە دەستی لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی ئامادەسازەوە، هەموو ئەم مەسەلانە ئەگەرچی پەیوەندییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ بنەماکانی ئازادی نییە و تەنها لە دورەوە مەیلیان بۆی هەیە، بەڵام بە هەرحاڵ چەندین مەسەلە هەیە، کە پەیوەندییان بە نیشانەی ئازادی ڕێکخراوە میلییەکانەوەیە، لەم ڕووەوە دەرفەتێکی دیکە پێویستە، بۆ ئەوەی لەسەر ئەم مەسەلانە وەکو لقێک لە پەروەردەی نیشتمانی باس و گفتوگۆی لەسەر بکرێت.

هەمووی ئەم کارانە لەراستیدا مەکتەبگەلێکی تایبەتین بۆ پەروەردەکردنی دانیشتوانی ئازاد و پەروەردەکردنی پراتیکی سیاسی بۆ ئەوان. سپاردنی ئەم جۆرە بەرپرسیارییەتیانە بە خەڵک، دەبێتە هۆی ئەوەی تاکەکانی هۆزێک، یان نەتەوەیەک لە بازنەی تەسکی قازانجخوازی تایبەتی و خانەوادەیی رزگاربن و لە ژێر کاریگەری هۆکارگەلێک کە لایەنی پاراستنی بەرژەوەندی گشتی (یان نیوە گشتی) هەیە کاربکەن و دابینکردنی بەرژەوەندی هاوبەشی نیشتمانی، بکاتە گریمانەی ژیانی خۆی. لە رەوتی ئەم دۆخەدا، پاڵنەرگەلێک دەکەونە کار کە لەبری ئەوەی ببێتە هۆی جیاکاری و لێکدابڕانی تاکەکانی نەتەوە لە یەکتری، ئەوان لە یەکتر نزیک دەکاتەوە. لەنەبوونی ئەمجۆرە ڕێسا و سەربەخۆیەدا، نە دەستوری ئازاد جێبەجێ دەکرێت نە پارێزگاریلێکردنی مومکینە.

شایەتی ئەم بانگەشەیە (کە زۆرجار ڕوودەدات) ئەو ناجێگیریەی ئازادی سیاسییە لە وڵاتانێکدا، کە دەستورەکەیان لەسەر بنەمای دابینکردنی ئازادییە خۆجییەکان بونیاتنەنراوە.

سپاردنی جڵەوی کاروباری خۆجێیی بە دەستی دانیشتوانی خۆی، سپاردنی کاروباری کۆمپانیا گەورە ئابوریەکان بەو سەرمایەدارانەی کە

دڵخوازانە سەرمایەی کۆمپانیاکە دەدەن، هەموو ئەم کارانە، بەو هۆکارەی کە لە سەرەوە باسکران، شیاوی پاساوکردنە و تەواوی ئەو ماف و ئیمتیازانەی کە لەم بەشەدا ئاماژەیان پێدراوە، وەکو بەهێزکردنی گیانی سەربەخۆیی و یارمەتیدانی گەشەی تاکەکەسی، پەروەردەکردنی هەستی کەسایەتی لە ئەندامانی کۆمەڵگەدا، دابینکردنی شێوازی جۆراوجۆر بۆ بەرکارهێنانی هێزە چالاکەکانی خەڵک بە باشترین شێوە دابیندەکرێت. ئەو کارانەی کە حکومەت راستەوخۆ دەیگرێتە ئەستۆ هەمیشەو لە هەموو شوێنێک حەزی یەکسان بوونی تێدایە، بەڵام بە پێچەوانە، کاتێک تاک و ئەنجومەنەکان بۆ ئەم کارانە دادەنرێن، تاقیکردنەوە جۆراوجۆرەکانی ئەوان لەگەڵ بەرهەمەکانی دەرەنجامی بێکۆتایی دێنەوە. تەنها کردارێک کە حکومەت سودمەندانە دەتوانێت ئەنجامی بدات ئەوەیە کە دەزگای جێبەجێکردنی خۆی بە شێوەی سەرچاوەیەکی دابەشکاری ناوەندی دەربهێنێت و ئەو ئەزموونانەی، کە لە تاقیکردنەوە جۆراوجۆرەکان (لە رێگای تاک و کۆمپانیاکانەوە) بەرهەمدێت، پەخش و بڵاودەکرێتەوە. بە کورتی کاری سەرەکی حکومەت لە بری ئەوەی هەڵگری هیچ جۆرە ئەزموونێک جگە لە ئەزموونی تایبەتی خۆی نابێت، ئەوەیە  کە هەر ئەزمونگەرێک توانای بەکارهێنانی ئەزموونی کەسانی دیکەی هەیە.

سێیەمین و بەهێزترین هۆکار بۆ رێگرتن لە دەستوەردانی حکومەت لەو کارانەدا کە لەلایەن تاکەکانەوە ئەنجامدەدرێت، رێگرتنە لەو زیانە گەورەیە کە بەردەوامی لە پێدانی ئیختیاری بەرفراوان و بێکەڵک بە کرێکاران و هێزە حکومیەکانەوە سەرچاوە دەگرێت.

هەر ئەو دەسەڵاتە نوێیەی، کە بە دەسەڵاتەکانی حکومەت زیادکراوە سێبەری هەژمونییەکانی حکومەت بەسەر ترس و هیواکانی

خەڵکەوە بڵاودەکاتەوە و ئەو کەسانەی کە چالاکتر و دەسەڵاتخوازترن ناچار دەکـات، کە پیشەو شێوازەکانیان بگۆڕن و بـەدوای دۆزینەوەی پیشەیەک لە حکومەت ، یان لە دەزگایەکی حزبیدا کە ئامانجی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووە، ئەگەر ڕێگاکانی گواستنەوە، ڕێگای ئاسن، بانکەکان و ئەنجومەنەکانی خێرخوازی، هەموویان لقەکانی حکومەت دەبوون، ئەگەر ڕێکخراوی شارەوانییەکان و لیژنەکانی بەڕێوەبەردنی خۆجێی بە تەواوی ئەو دەسەڵاتەی کە پێیاندراوە، بەشێوەی ئیدارەی سەر بە حکومەتیان لێدەهات، ئەگەر کارمەندانی سەرجەم ئەم ئیدارە و کۆمپانیایانە لەلایەن حکومەتەوە کاریان پێدەکرا و موچەی خۆیان لە حکومەت وەردەگرت، بۆ هەرجۆرە بەرزکردنەوەیەکی ئاستی ژیانیان چاوییان دەبڕییە حکومەت، لەو حاڵەتدا نە ئەو ئازادی ڕاگەیاندنە لەو وڵاتەدا هەیە و نە یاساکانی ئازاد و پارلەمانە نیشتمانییەکان، هیچیان نەیاندەتوانی بەریتانیا یان هەر وڵاتێکی دیکە، جگە لەوەی کە بەناو ئازاد بێت، بە مانای ڕاستەقینە ئازاد نییە و هۆکارەکەشی ڕوونە، بە هەر ڕادەیەک دەزگای حکومەت کاراتر و کاریگەرتر بوایە، بنچینەکەی بە شێوەیەکی کرداری دادەنرا، بە هەر ڕادەیەک هەوڵی لێزانانەی بۆ کۆکردنەوەی ئەندامانی شایستە و لێهاتوودا بێت، بە هەمان ڕادە ئاستی ئەو زیانانەی کە لەو ڕەهەندەوە، واتا گەشەپێدانی دەسەڵاتەکانی حکومەت بە سەرخەڵکدا زیاتر دەبوو. لەم دوایانەدا لە بەریتانیا پێشنیاری ئەوە کراوە بۆ دامەزراندنی تێکڕای کارمەندانی وڵات لە دامودەزگاکانی حکومەتدا پێشبڕکێی وەرگرتن ڕێکبخرێت و پۆستە بەتاڵەکان لە ڕێگای هۆشیارترین و خوێندەوارترین تاکەکان کە لە بەردەستدان پڕ بکرێتەوە. لە پەسەندکردن و جێبەجێکردنی ئەم پێشنیارە بابەتگەلێکی زۆر وتراوە و نوسراوە و یەکێک لە هۆکارەکانی نەیاران کە زیاتر سورن لە سەری

ئەوەیە کە بوون بە کارمەندی هەمیشەیی حکومەت مافی دارایی و بایەخی کۆمەڵایەتی نییە، بەو رادەیەی کە توانای راکێشانی باشترین و لێهاتوترین کەسانی لە وڵاتدا هەبێت، چونکە ئەمانە (توخمە بەهرەمەندەکان) بە هۆی ئەو بەهرەمەندی و توانایییەی کە هەیانە هەمیشە دەتوانن لە بەشی تایبەتی، یان لە کۆمپانیا بازرگانی و سەنتەرە دارایییەکان، پۆستی باشتر و لەبارتر بۆ خۆیان بدۆزنەوە. ئەگەر لایانگرانی پرۆژەکەی سەرەوە ئەم بەڵگەهێنانەوەیان وەکو وەڵامێک لەبەرامبەر توندترین رەخنەیەک لە بەرامبەر پێشنیارەکەیاندا هێناویانەتە ئاراوە بەکاردەهێنا، جێگەی هیچ جۆرە سەرسوڕمانێک نەدەبوو، بەڵام ئەوەی کە دەستەی نەیاران دەیهێننە ئاراوە خۆی بە گوێرەی پێویست سەرسوڕهێنەرە. خاڵێک کە ئەمانە وەکو هۆکاری دژبوونەکەی خۆیان دەیهێننەوە، لە راستیدا دەریچەی رزگارکردنی هەر ئەم سیستمە پێشنیارکردنەیە. ئەگەر لەراستیدا سیستمێک بوونی هەبێت (دەیتوانی) سەرجەم توناناو لێوەشاوەییە بەرجەستەکانی وڵات بەرەو ناوەندی وەرگرتن و دامەزراندنی حکومی بباتـ، ئەوکات هەر پێشنیارێک کە لە بەرژەوەندی جێگیرکردنی ئەو سیستمەدا بکرایا، ئەگەری ئازاردانی فیکری ئینسانی هەبوو.

### بیرۆکراسیەت و ئازادی

ئەگەر ئێکڕای کارەکانی کۆمەڵگە کە هەڵگری هەماهەنگی لەسەر بەرنامە، یان بەکارهێنانی بۆچوونە بەرفراوان و گشتگرەکانە، دەسپێردرایە حکومەت و سەرجەم ئیدارە حکومیەکان لە سەرەوە بۆ خوارەوە لەلایەن شیاوترین تاکەکانی وڵاتـەوە پڕ دەکرانەوە، ئەو کات ئێکڕای کاروبارە فەرهەنگییەکانی کۆمەڵ کە بەمجۆرە هاوکاری کرابوو، هەروەها مێشکە

کراوەکانی کۆمەڵ (جگە لەو بەشەی کە لەگەڵ ئەندێشە تیۆری و گریمانە ناکرداریەکان پەیوەندی هەبێت) لە دەزگایەکی بەرفراوانی بیرۆکراسیدا ( بە ئەندامانی بێئەژمار) چڕ دەبووەوە و خەڵکانی تر لە هەرکارێکدا کە بۆیان دەهاتە پێش ناچاربوون چاوییان ببڕنە ئەو کەسانەی تر، جەماوەری خەڵک بۆ وەرگرتنی فەرمان و بڕیار، توخمە شیاوەکانیش کە بەدوای ناوەوەن بۆ سەرکەوتن بە پەیژەی پێشکەوتندان، لەبەرامبەر وەها دۆخێکدا، چوونە ناو بازنەی کارمەندانی حکومەت و دواتر چوونە سەرەوە لە پەیژەی پێشکەوتن، دەبووە تاقە ئامانجی پیاوانی دەسەڵاتخوازو کۆمەڵگەی دەرەوە، واتا ئەو کەسانەی کە لەدەرەوەی دەزگاکانی حکومەت مابوونەوە، بە هۆی نەبوونی ئەزمون، شیاوبوونێکی تایبەتی بۆ کۆنترۆڵی کارەکان یان هەڵسەنگاندنی شێوازی کاری بیرۆکراسی پەیدا نەدەکرد، تەنانەت ئەگەر لەدەرەنجامی رووداوێک کەسەرچاوەگرتوە لە دۆخی تاکڕەوی، یان سروشتی رێکخراوە و نەتەوەیی و سیاسیەکانە، جارجارە فەرمانڕەوایانێک کە هەوڵی ئەنجامدانی چاکسازییان بدایە، دەگەیشتنە ترۆپکی دەسەڵات و دیسان هەڵگرتنی هیچ جۆرە هەنگاوێکی چاکسازی بە پێچەوانەی بەرژەوەندیەکانی بیرۆکراسی مومکین نەدەبوو. بەڵگەی روونی ئەم قسەیەی من، ئەو دۆخە شێوازەی ئیمپراتۆریەتی روسیایە، کە ئەو کەسانەی دەرفەتی پێویستیان بۆ لێکدانەوە و بینیی هەبووە گواستویانەتەوە. خودی ئیمپراتۆریەتی تزاری روسیا لە بەرامبەر دەزگای بیرۆکراسی روسیادا بە تەواوەتی لاواز بووە. هەڵبەت ئەو دەیتوانی هەر کام لە ئەندامانی ئەو بیرۆکراسیە بۆ سیبریا دوربخاتەوە، بەڵام کارەکانی وڵات بەبێ ئەوان، یان بە پێچەوانەی ئیرادەی ئەوان، ناتوانێت پێش بکەوێت. ئەمانە دەتوانن بە جێبەجێنەکردنی هەر کامە لە پەسەندکراوەکانی تزار بێکەڵک و ناکاریگەری بکەن. لەو وڵاتانەدا کە ئاستی

شارستانیەتیان بەرزە و خەڵکەکەیان گیانی سەرکێشیان تێدایە، تاکەکانی کۆمەڵ کە فێربوون ئەنجامدانی تێکڕای کارەکانی خۆیان لە حکومەت چاوەڕوان دەکەن، یان ئەوەی کە لانی کەم خۆیان دەست بۆ هیچ کارێک نابەن، جگە لەوەی کە پێشتر بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە مۆڵەت لە حکومەت وەرگرن، ئەم جۆرە کەسانە حکومەت بە بەرپرسی تەواوی ئەو زیانانە دەزانن، کە لێیان دەکەوێت کاتێک کە سەبریان بەسەرچوو لە دژی حکومەت رادەپەڕن دۆخێک پێکدەهێنن، کە شۆڕشی پێدەوترێت. دوای ئەوەی کە تەپوتۆزی شۆڕش دامرکایەوە، کەسێکی تر( بە فەرمانی یاسایی میلەت یان بێ گوێدانە فەرمانەکەی خەڵک) لەسەر کورسی دەسەڵات دادەنیشێت بڕیار و یاساو رێسای نوێی خۆی بۆ بیرۆکراسی دەردەکات و بارودۆخەکە تا رادەیەک دەگەڕێنەوە هەمان دۆخی پێشوو، لەکاتێکدا دەزگای بیرۆکراسی وەکو خۆی ماوەتەوە و نەگۆڕدراوە، چونکە دەزگایەکی تر بوونی نییە کە شوێنەکەی بگرێتەوە.

بەڵام سیمای دۆخەکە لەنێوان ئەو خەڵکانەدا کە فێربوون کارەکانی خۆیان بە دەستی خۆیان ئەنجام بدەن بە تەواوەتی جیاوازە. فەرەنسا لەو رووەوە کە زۆربەی خەڵک خزمەتی ژێر ئاڵایان ئەنجامداوە و لە ئۆپەراسیۆنی سەربازیدا بەشداریان کردوە، هەروەها بەو هۆیەی کە ژمارەیەکی زۆری ئەو کەسانە ئەفسەرانی یەدەگی سوپای فەرەنسان، هەر کات شۆڕشێکی نیشتمانی دەستپێیکرد، هەمیشە چەند کەسێک بۆ رێبەرایەتیکردنی ئەو شۆڕشە پەیدا دەبێت و نەقشە رێگایەکی جێیی پەسەند دەستنیشان دەکەن. هاوشێوەی ئەم لێهاتوییەی کە فەرەنسیەکان لە بواری سەربازیدا هەیانە ئەمریکییەکان لە هەر جۆرە بازرگانیەکدا، کە لایەنی تایبەتی هەبێت ئەزمونیان هەیە. سێبەری حکومەت لەسەر ئەمریکیەکان هەڵگریت، بۆ

ئەوەی بە چاوی خۆیان ببینن، کە هەر تاکێکی ئەمریکی چۆن دەتوانێت نەخشەی حکومەت دابڕێژێت و کارە حکومییەکان، یان هەر کاروپیشەیەکی نیشتمانی بە هۆشیارو رێکوپێکی و بە پرنسیپ ئەنجامدەدات. ئەمە هەر ئەو لێوەشاوەییەیە، کە هەر گەلێکی ئازاد پێویستە هەیبێت ئەگەر نەیبێت بێگومان ئازاد نابێت.

ئەو گەلانەی کە خاوەنی ئەم جۆرە لێوەشاوەییەن، هەرگیز خۆیان تەسلیمی ئیرادەی پیاوێک، یان دەستەیەک، ناکەن و دەسەڵاتی ئەو جۆرە کەسانە تەنها بەو هۆیەی کە بەزۆر یان شۆرش بەدەستیان هێنابێت قبووڵ ناکەن.

هیچ دەزگایەکی بیرۆکراتی ناتوانێت وەها گەلێک ناچار بە ئەنجامدانی کارێک بکات کە لەناخەوە لەگەڵی نین، بەڵام لەو وڵاتانەی کە تێکڕای مەسەلەکانیان لە رێگەی دەزگا حکومییەکانەوە چارەسەر دەبێت هیچ کار و پلانێک، کە ئەم دەزگایانە لەگەڵی نەبن ئەنجام نادرێت. دەستوری ئەمجۆرە وڵاتانە بەیانێکە کە ئەزموون و شایستەیی کردەیی گەلێک دەکات هێزێکی رێکوپێک بۆ فەرمانڕەوایی کردن بە سەر تاکەکانی تری کۆمەڵەوە، بە هەر رادەیەک ئەم رێکخراوە کامڵتر بێت و بە هەر رادەیەک سەرکەوتنی لە راکێشانی ئەو کەسانەی کە باشترین لێوەشاوەییان لە کۆمەڵگەدا هەیە (هەروەها بۆ پەروەردەکردنی ئەوان، بەمەبەستی پێشکەوتن ئامانجەکانی خۆیان) زیاتر بێت، زنجیری کۆیلەتی و بەندەیی، کە خراوەتە مل ئازادی خەڵک، بە تایبەت هەر ئەو ئەندامانەی بیرۆکراتی، کامڵتر و قایمتر دەبێت، هۆکارەکەشی روونە، چونکە بەو رادەیەی کە گەل لە چنگ دەسەڵاداراندا لاوازە، خۆدی ئەمانەش دیلی دەسەڵاتی دەزگایەکن کە لە سەرەوەیدا وەستاون.

دەسەڵاتدارانی چین بە هەمان رادە ئاڵقە لەگوێ و زادەی دەزگای دیکتاتۆرین، کە هەژارترین جوتیارانی ئەو وڵاتە هەن. ئیماندارێکی یەسوعی بە جۆرێک لە پەیرەویکردنی رەها کە وێناکردنی کارێکی سەختە رێنماییە ئاینییەکان کە ئیمانی بە ئامۆژگارییەکانی هەیە ئەنجامدەدات، گەرچی هەمان گرووپ بە رواڵەت بە مەبەستی دابینکردنی دەسەڵات و گرنگیدان بە ئەندامانی کۆمەڵەیەک کە ئەو بە تەواوەتی وابەستەیە پێکهاتووە.

هەروەها نابێت ئەوە فەرامۆش بکرێت، کە راکێشانی تێکڕای لێوەشاوە باڵاکانی وڵات لە جەستەی شاندی دەسەڵاتداردا، درەنگ یان زوو لەناوچوونی چالاکیە فیکرییەکانی ئەو جەستەیەی لێدەکەوێتەوە، چونکە کارمەندانی ئیدارە حکومییەکان بەو دۆخەی کە پێکەوە گرێدراون لکێنراوە و جێبەجێکاری سیستمێکن، کە وەکو تێکڕای سیستمەکانی تر وەکو پێویستیەک لە ژێر کاریگەری یاسا و رێسا سەقامگیرەکاندا کاردەکەن، هەمیشە رووبەڕووی ئەم وەسوەسەیەن کە لە دەریای بڕیار و رێسا ئیدارییەکاندا، کە دەرەنجامێکی جگە لە کات کوشتن نییە نوقم ببن، یان ئەوەی کە ئەگەر ئەو دەزگا بزوێنەرە ناوەندییە بەجێبێڵن بێ پەروا بەرەو ئەندێشەیەکی خاو و بێ ئەزموون دەچن، کە بە مێشک و بیری هەندێک لە ئەندامە بەرجەستەکانی ئەو دەزگایەدا هاتووە.

تەنها وەسیلەیەک کە دەتوانێت ئەمجۆرە مەیلانە کە بە رواڵەت خاڵی دژ بە یەکن (بەڵام مانای پێکەوە پەیوەستبوونی هەیە) بخاتە ژێر چاودێرییەوە، تەنها بزوێنەرێک کە دەتوانێت رادەی لیوەشاوەیی و توانای چینی دەسەڵاتدار لەئاستێکی بەرزدا بهێڵێتەوە، ئەوەیە کە کردارەکانی ئەوان بە بەردەوامی لە ژێر هەڵسەنگاندن و چاودێری لێوەشاوەیەکی تردا بێت، کە یەکسانە لەگەڵ لێوەشاوەیی شاندی دەسەڵاتداردا(بەڵام سەر بە شاندی

دەسەڵاتدار نییە). بەم پێیە هیچ ڕێگە چارەیەکمان نییە جگە لەوەی کە کەرەستەکانی پێکهێنانی ئەم لێوەشاوەییە دابین بکەین. لە هەمانکاتدا ناچارین کەدەرفەت و ئەزمونەکان کە بۆ دادوەریکردنی دروست سەبارەت بە کارە گەورە کردەییەکاندا، پێویستە بۆ پوچەڵکەرانی هەژمونی حکومەت ئامادە بکەین. ئەگەر بە راستی بەنیازین لە نێوان بەڕێوەبەرانی کاروباردا هەمیشە شاندێکی لێزان و کارامان هەبێت، شاندێک کە بتوانێت نەخشە داڕێژێت بتوانێت لە سودوەرگرتن لەو پێشکەوتنانەی کە لەدەرەوە روودەدات خۆی نەدزێتەوە، ئەگەر نامانەوێت بیرۆکراسیەکەمان سواو نەبێت و بە شێوەی گروپێک لەرەخنەگرانی ئیداری دەربێن، لەو کاتەدا رێگایەک نییە جگە لەوەی کە نەهێڵین شاندی دەسەڵاتدار بەو پلەیە لە پانتایی ئیداری بگات، کە تێکڕای پیشە ئازادەکانی ژیان قۆڕغ بکات و سەرجەم ئەو پیشانەی کە بونیاتنەرن لە خۆیدا کۆبکاتەوە.

دیاریکردنی خاڵێک کە ئەم زیانانە لـەوەوە دەستپێدەکات ئەو زیانانەی کە لە رادەبەدەر بۆ ئازادی و پێشکەوتنی مرۆڤ مەترسیدارە، یەکێکە لە دژوارترین و ئاڵۆزترین مەسەلەکانی هونەری حکومەت و تا رادەیەکی زۆر مەسەلەکە وردەکاری و لاوەکییە کە تێیدا تێبینیەکان و هۆکارە جۆراوجۆرەکان دەبێت لەبەرچاو بگیرێت. ئەگەر بمانەوێت مەسەلەکە بە وردی شیبکەینەوە، دەبێت بووترێت کە کێشەی سەرەکی ئێمە لەم زەمینەیەدا، روونکردنەوەی ئاستێکە کە لەو دیویەوە ئەم زیانانە وردە وردە دەستپێدەکات بەسەر ئەو سودانەدا زاڵدەبن، کە لە بەکارهێنانی دەسەڵاتی بەکۆمەڵەوە لەژێر چاودێری بەرپرساندا سەرچاوەی گرتووە. ئەگەرچی وتمان لەم حاڵەتەدا و هۆکارە جۆراوجۆرەکان کاریگەرن و بەم هۆیەش دیاریکردنی یاسا و قاعیدەی گشتی ئیمکانی نییە، بەڵام باوەڕی شەخسی من

ئەوەیە کە بنەمای کرداری لەم حاڵەتەدا بنەمایەک کە گەرەنتی ئاسایش بێت و پێوانەیەک بە دەستی ئێمەوە بدات، کە بە تێکڕای ئەو ئامادەکارییانەوە، کە مەبەستی زاڵبوونە بەسەر ئەم گرفتانەدا بتوانێت هەڵسەنگێنێت لە چەند وشەیەکی کورتدا کورتکراوەتەوە.

بڵاوکردنەوەی دەسەڵات تا دوایین ئاست ئیمکانی نێوان تاک و ڕێکخراوەی خۆجێی بەو مەرجەی، کە لە ئەنجامی ئەو کارەدا چەرخی کار لە خێرایی نەوەستێت، لە هەمان کاتدا چڕکردنەوەی زانیاری جۆراوجۆر لە دازگایەکی ناوەندی و بڵاوکردنەوەی لەو دەزگایەوە بۆ دەوروپشت.

بە پەیڕەویکردن لەو بنەمایە و ڕێوڕەسمێک کە لە ویلایەتی «نیوئەنگلاند»ی ئەمریکا گیراوەتەبەر، لە کاروباری تایبەت بە شارەوانییەکاندا دەبێت، تەواوی ئەو کارانەی کە سپاردنیان بە کەسانێک کە ڕاستەوخۆ لە ئەواندا سودمەندن گونجاو نییە لە نێوان ئەو بەرپرساندا بە شێوەی جیاواز لەڕێگەی ڕێکخراوە خۆجێیەکانەوە هەڵبژێردراون بڵاوبکرێنەوە، بەڵام بەدەر لەمە، لە هەر بەشێک لە مەسەلە خۆجێیەکان و سەنتەری چاودێری ناوەندی (وەکو لقێک لە حکومەتی گشتی وڵات)، پێویستە و بەڕێوەبەری ئەم ناوەندە ئەرکی سەرشانیەتی کە تێکڕای ئەو زانیاری و ئەزمونە جۆراوجۆرەکان، کە لە ناوەندە خۆجێیەکاندا بەدەستیهێناوە، هەروەها کردار و شێوازە هاوشێوەکان کە لە وڵاتانی بێگانەدا ئەنجامدراوە و لە کۆتاییشدا ئەو خاڵانەی کە لە بنەما گشتییەکانی سیاسەتدا کە بە سودمەند لێکدراوەتەوە، هەمووی ئەم شتانە لە سەنتەری چاودێری ناوەندیدا چڕبکاتەوە. ئەم سەنتەرەش دەبێت مافی ئەوەی هەبێت لەتێکڕای ئەو شتانەی کە لە ناوەندە جۆراوجۆرەکانەوە شکڵیان گرتوە، زانیاری کۆبکەنەوە و دواتر وەکو ئەرکێکی تایبەتی ئەو زانیارییانەی کە لە ناوەندی تایبەتیەوە بەدەستیهێناوە، بە ناوەندەکانی

تریشی بداتْ. رێنمایی و پێشنیارەکانی ئەم سەنتەرە کە لە دۆخێکی بڵند و قەڵەمڕەو چاودێریەکی بەربڵاو کە دەردەکەوێتْ بە دڵنیاییەوە لەداوی دوژمنایەتیە بچوکەکان و مشتومڕی تەسکی خۆجێی خۆی رزگار دەکاتْ و بەم هۆیەش بە زەبرو زەنگ بایەخ و گرنگیەکی زۆر بەدەستدەهێنێتْ.

من لەو بڕوایەدام کە توانای کـرداری وەها سەنتەرێک (وەکو رێکخراوێکی هەمیشەیی)تەنها دەبێتْ بە جێبەجێکردنی ئەم ئامانجە بەرتەسک بکرێتەوە کە خاوەن پیشە و کارمەندانی خۆجێی ناچار بکاتْ، بە جێبەجێکردنی یاسایەک کە بۆ بەرژەوەندی و رێنمایی کردنیان دانراوە. جگە لەمە دەربارەی تەواوی ئەو شتانەی کە کە رێساگشتیەکان لەخۆ ناگرێتْ دەسەڵاتی دادوەریکردن دەبێتْ بە خودی ئەم کارمەندانە بسپێردرێتْ بەو مەرجەی کە هەموویان بەرپرسی تاکەکانی ئەو ناوەندە بن کە تێیدا ئەرکەکانیان ئەنجام دەدەن. ئەگەر رێسایەک پێشێلکرا ئەوا ئەو کەسانە پێویستە لەبەردەم یاسادا وەڵام بدەنەوە، لە هەمانکاتدا تێکڕای رێسا پەسەندکراوەکان کە لەلایەن ئەم ژمارەیەوە جێبەجێدەکرێتْ دەبێتْ لەسەر بنەمای یاسایەک، کە لە پەسەندکردنی پەرلەمانیەوە تێپەڕیوە داڕێژرێتْ، ئەرکی رێکخراوی ناوەندیش شتێک نەبێتْ جگە لە چاودێری جێبەجێکردنی.

هەروەها لە حاڵەتێکدا رێساکان بە دروستی جێبەجێنەکرا بە سەرنجدان بە چۆنیەتی پرسەکە یان بە دۆخێکی تایبەتی درێخی کردن کە روویداوە کارمەندانی ئەو ئیدارەیە دەبێتْ بەرپرسیاربن کە بۆ جێبەجێکردنی راسپاردەکان لەلایەن دادگا و ئەنجومەنە خۆجییەکان سکاڵا تۆمار بکەن و داوایان لێبکەن، ئەو کارمەندانەی کە لە جێبەجێکردنی بەندەکانی یاسادا کەمتەرخەمیان کردووە لەکار دووربخرێنەوە.

بۆ نمونە» رێکخراوی جێبەجێکردنی پشتیوانی لە هەژاران» ئەگەر بە

وردی لێی وردبینەوە بریتیە لەوەها سەنتەرێکی ناوەندی کە بە مەبەستی چاودێریکردنی باجدەران» باجی یارمەتیدان بە هەژاران» لە سەرتاسەری وڵاتدا پێکهاتووە. هەر جۆرە دەسەڵاتێکی زیادی کە ئەم رێکخراوە لە ئێستادا بەکاریدەهێنێت بە شێوەیەکی جیاواز دروست و پێویستە، چونکە بۆ رێگرتن لە خراپ ئیدارەکردنی کارەکان کە وەکو نەرێتێکی بۆماوەیی لێهاتوە، نەک هەر بەرژەوەندی ناوەندە خۆجێیەکان، بەڵکو بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە بە گشتی دەخاتە مەترسیەوە، رێگایەکی تر بوونی نییە. هیچ ناوەندێکی خۆجێیی رێگە پێدراوی ئەم مافە ئەخلاقیە نییە کە خۆی لە دەرەنجامی خراپ رێکخستنی ئیداریدا بە شێوەی هەژارستان دەربهێنێت، چونکە درێژەدان بە وەها دۆخێک دەکێشرێتە ناوچە و ناوەندەکانی دەوروبەریش و دۆخی جەستەیی و ئەخلاقی تێکڕای کۆمەڵگەی کرێکاری رووبەڕووی گرفت دەکاتەوە. ئەو دەسەڵاتانەی کە لەو رێگایەوە ئەو رێکخراوە مافی بەکارهێنانی زۆری لە مەسەلە ئیدارییەکاندا پێدراوە و مافی یاسادادانی لاوەکیش بە شاندی بەڕیوەبەر دراوە، هەمووی ئەم ماف و ئیمتیازاتە لە بەرژەوەندیەکی پلە یەکدا پاساو هەڵگرە، بەڵام بەهرەمەندبوون لەوان بۆ چاودێریکردنی ئەو بەرژەوەندییانەی کە تەنها لایەنی خۆجێیان هەیە زەرەرمەند و بەدەر لە بابەتەکەیە.

بەڵام بوونی سەنتەرێکی ناوەندی بۆ وەرگرتنی زانیاری و بڵاوکردنەوەی بڕیار و فەرمانە پێویستەکان بە تێکڕای ناوەندە خۆجێیەکان، بەوجۆرەی کە بەتایبەتی لەم بوارەدا سودمەندە لە سەرجەم بەشەکانی ئیدارە حکومیەکانیشدا سودمەندە. کاتێک کە هەنگاو چالاکییەکانی حکومەت جۆرێکە کە نەک هەر گەشەی فیکری و ئەخلاقی تاک دەخاتە مەترسیەوە، بەڵکو دەبێتە هۆی وروژانـدن و هاندانی ئەونا، لە وەها

دۆخێکدا هەرچەندە دەسەڵاتەکانی حکومەت فراوانتر بکرێت هێشتا کەمە، بەڵام مەترسی راستەقینە کاتێک دەستپێدەکات، کەحکومەت لە بری پێدانی دەسەڵاتی بەرفراوان بە تاکەکان و ئەنجومەنەکان، بیر لەوە دەکاتەوە کە دەسەڵاتەکانی خۆی لەجێی دەسەڵاتەکانی خەڵک و چالاکییەکانیان دابنێت. بە واتایەکی تر، مەترسی راستەقینە کاتێک دەستپێدەکات کە حکومەت لە بری وشیارکردنەوەی خەڵک نیشاندانی رێگای دروست بە ئەوان، یان رەخنەگرتن لە کردەکانیان هەرکات وەها رەخنەلێگرتنێک پێویست بکات، دانیشتوانی وڵات ناچار کە بەدەست و پێیەک کە بە زنجیری رێساکان بەستراوەتەوە کاربکەن، یان ئەوەی کە لە پەنایەکدا راوەستن تەماشاچی مەیدان بن بۆ ئەوەی حکومەت ئەرکەکانیان بۆ راپەڕێنێت!

بایەخی راستەقینەی هەر دەوڵەتێک بە درێژایی کات بریتیە لە بایەخی کەسانێک کە دەزگای حکومەت پێکدەهێنن و هەر حکومەتێک کە بەرژەوەندییەکانی تاکەکانی خۆی کە بریتیە لە پـەروەردەی هزری ئەوان دوابخات و رێگری لە گەشەکردنیان بکات، یان ئەوەی کە نەهێڵێت دانیشتوانی وڵات لەو ئاستە بەرزە نزیک ببنەوە، یان بە واتایەکی تر، دەوڵەتێک کە ئاستی کەسایەتی تاکەکان بە ئەنقەست بۆ ئەم مەبەستە کەم دەکاتەوە، بۆ ئەوەی کەرەستەیەکی گوێڕایەڵتریان لێ بەرهەم بهێنێت، وەها حکومەتێک سەرەنجام لەو راستیە تاڵە تێدەگات، کە بە پیاوانی بچوک و بێ ئیرادە لە راستیدا هیچ کارێکی گەورە ئەنجامنادرێت و ئەو دەزگا گوێڕایەڵە کۆمەڵایەتیە کە حکومەت هەموو شتێکی لە رێگای درووستکردنیدا فیدا کردووە، بەهۆی نەبوونی هێزی بزوێنەر لە مێشکی مەکینەکانی دەزگاکەدا، هێزێک کە حکومەت بە ئەنقەست بە مەبەستی رزگاربوون لە دەنگە دەنگی سروشتی مەکینەکان لەناو بردووە، سەرەنجام بەبێ ئەوەی سودێکی

بەخشیبێت بە خولقێنەرانی خۆی تووشی وەستان دەبێت.

**سەرچاوە:**

کتاب: رساله درباره ازادی

نویسنده: جان استوارث میل

مترجم: جواد شیخ الاسلامی

چاپ نخست: 1338

چاپ پنجم: زمستان 1385 - شمارگان: 2000 نسخه

حروف چینی و اماده سازی: شرکت انتشارات علمی و فرهنگی کتیبه

# لە بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و  شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵلا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن  شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو روداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |